# بە تورەیی ئاوڕێك لە رابردوو بدەوە...!

جۆن ئۆزبۆرن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
شێرزاد حەسەن

پێداچوونەوەی:
ئازاد حەمە شەریف

ناوی کتێب: بەتووڕەیی ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەوە...!
نووسینی: جۆن ئۆزبۆرن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
پێداچوونەوە: ئازاد حەمە شەریف
تایپ: عەبدوڵا قادر دانساز
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە:
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە:
بەرگ:
چاپی دووەم:
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە سلێمانی / ژمارە(          ) ی ساڵی 2014ی دراوەتێ

## پێشەکی

شانۆگەری ‘‘بەتورەیی ئاورێك لە ڕابردوو بدەرەوە’’ یان ‘‘بەتورەیی ئاورێکی دواوە بدەرەوە’’ دیاردەیەکی مێژوویی زۆر گرنگی نێو جیهانی شانۆی ئینگلیزی بوو. ڕۆژی( 8)ی مایسی ساڵی 1956 ئەم شانۆگەرییە لەسەر تەختەی شانۆی ‘‘ڕۆیاڵ کۆرت’’ پێشکەش کرا، ئا ئەو ڕۆژە شانۆی ئینگلیزی گەورەترین بزوتنەوە و مەزنترین شۆڕشی بە خۆیەوە بینی. ڕەخنەگرانیش هەر یەکەی بە جۆرێك ئەم کارەی هەڵسەنگاند،بەڵام هەموویان یەکدەگرنەوە کە ئەم کارە جوڵانەوەیەکی تازە بوو لەسەر شانۆی ئینگلیزی و خوێنێکی تازە و گەرمیشی بە گیانی سست و مردووی شانۆی ئەو سەردەمە بەخشی. ئەو سەردەمەی شانۆی ئینگلیزی پابەندی نووسەرە ئەوروپی و ئەمریکییەکان بوو.

بەڵێ..ئەو شانۆنامەیە بزوتنەوەیەکی فراوان و مەزنی درامای کۆمەڵایەتی بەرپا کرد. نەوەی نوێ هەستی بە خۆی کرد و لە دەنگی ڕەوان و تورەی ‘‘جیمی’’دا خۆی دۆزییەوە..زۆر کەسیش بەشداری هەمان حاڵەتی کرد..ئەوەتا ‘‘تینان’’ دەڵێت:

{من کەسێکم خۆش ناوێت حەز بە بە بینینی ئەم شانۆگەرییە نەکات}.

‘‘تۆم ستۆپارد’’یش وتی:

{بۆ یەکەمجار هەستم کرد ئەوەندە جوڵاوم کە دەبێت شانۆگەرییەك بنووسم}.

ئەوەتا ڕەخنەگرێك دەڵێت:

{دەرکەوتنی ئەم شانۆگەرییە بوو بە جوڵانەوەیەکی تازە و شانۆی ئینگلیزی خستە گەڕ... هەروەکو چۆن کوشتنی ‘‘دۆق فێردیناند" بوو بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم}.

ئا لەم کاتەدا کە ‘‘جۆن ئۆزبۆرن’’ ئەو سەرکەوتنەی وەدەستهێنا تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو. بەڵام خۆی ڕۆڵی ئەکتەری و ڕۆژنامەنووسی دیوە پێش ئەوەی دەست بداتە شانۆگەری نووسین. ئەم دوو لایەنەش کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر هونەر و داهێنانی ‘‘ئۆزبۆرن"..توانی ئەو قاڵبە کۆنە بشکێنێت و کەلێنێك بۆ خۆی بکاتەوە.

دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بار و دۆخی ئەدەبی درامی ئەوەندە دڵخۆشکەر نەبوو.. هەروەها لەلایەنی دیکەوە بریتانیا خۆی لە شۆڕشی ‘‘مەجەڕ" هەڵقورتاند و

هێرشی بردە سەر ''سوێس" بەم کارەش تەنیا ڕوو ڕەشی بۆ مایەوە و پتر خۆی ڕیسوا کرد.. بۆیە میللەت بەو کارانە تووڕە بوون و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی..بەتایبەتی گەنجانی زانکۆکان و هەموو ڕۆشنبیرەکان هەڵسانە سەرپێ..کەوتنە نەشتەرگەری جەستەی ''ئیمپراتۆرییەتی بریتانیای" نەخۆش. ئا لە نێو ئەم گەردەلوولەیە ''ئۆزبۆرن" شانۆگەریی ''بەتووڕەیی ئاوڕێك لە ڕابردوو بدەوە"ی نووسی،کە ئەویشیان هاوارێکی تووڕە و توندوتیژە بەڕووی هەموو بریتانیا و بانگەوازێکیشە بۆ ڕاست بوونەوەی.

"گەنجە تووڕەکان" ئا ئەم دەربڕینە لەو سەردەمەدا زۆر دووبارە دەبۆوە..''ئۆزبۆرن"یش ببووە پێشەنگی ئەو دیاردەیە..بەڵام هەق نییە ئەوەندە بەتوندی خۆمان بەو زاراوەیە ببەستینەوە..ئەگەرچی زاراوەی ''گەنجە تووڕەکان" خرایە پاڵ ''جۆن ئۆزبۆرن" و ''کینکزلی ئەیمز" کە ڕۆمانی ''جیم ـ ی بەختەوەر"ی نووسی بوو..پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە هەروەك ''جیمی"ی پاڵەوانەکەی ''ئۆزبۆرن" لە یاساو ڕێوڕەسمی حوکمڕان و دەستەڵاتدار و گەورەکان هەڵگەڕابۆوە..ئەم دوو پاڵەوانەش زۆر لە یەك ناچن. ''جیم ـ ی" پاڵەوانە کە ی ''کینگزلی" باوەڕێکی زۆری بەخۆی هەیە..لەسەر تەختەیەکی چرووك نەوەستاوە و لە خۆی دڵنیایە..بەڵام ''جیمی" ـ ''ئۆزبۆرن" کابرایەکی ون و وێڵە..''جیمی پۆرتەر" تووڕەیە و هەست بە نوشوستی دەکات.ئەگەر بڵێین ئەو تەنها تووڕەیە و بەس: بەم قسەیە دەیسەڵمێنین کە ستەم و زۆرداریيەکی زاتی وا پەستی کردووە بەم قسەیەش زوڵم لەو هەوڵ و ماندوێتی و سەربەستییەی ئەو دەکەین..چونکە هەوڵیداوە پەردە لە ڕووی هەموو دیاردەیەکی ناشیرین لابدات..ئەگەر بەتەنها بیر لە دیاردەی ''تووڕەبوون" بکەینەوە ستە مە و گێرەشێوێنییە.. هیچ پێویست ناکات لە شانۆگەرییەکی ''ئۆزبۆرن"دا بەدوای یەك پەیامی دیاریکراودا بگەڕێین..چونکە ئەو خۆی بۆ تەنها بابەتێك تەرخان نەکردووە..بەدەوری یەك مەسەلەدا ناسوڕێتەوە..نووسینی ئەو پتر بەرهەمی هەست و نەستە..زمانی سۆزە و بەپێوانە و ڕیوڕەسم ناڕەوایی بەڕێوەیە، ڕەنگە شانۆگەرییەکانی ''ئۆزبۆرن" بۆ خوێندنەوە ئەوەندە کەڵکیان نەبێت، بەقەد بیرنادشۆ مەنتقی ئەدەبی تیا نییە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا کە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت و کاتێك ئەکتەرەکانیش بەهرە و هونەری خۆیان دەخەنە کار: ئەوسا شانۆگەرییەکان بەتەواوەتی و بەوپەڕی هێزەوە زیندوو دەبنەوە. ئۆزبۆرن یەکێکە لەو نووسەرانەی کەوا هەستێکی پاکی هەیە و دەشیتوانی ئەو هەستە گەرمەی خۆی لەڕێگەی هونەری شانۆوە بگەیەنێت..ئەوەشیان تەنها بە وشە پێك نایە ت. ئۆزبۆرن لەم ڕێگەیەوە توانی شانۆیەك بخولقێنێت کە تیایدا ئەکتەر ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت.. لەبەرئەوە زۆر لە ئەکتەر و داهێنەرەکان، شانۆگەرییەکانیان، قۆزتەوە.. بۆ نمونە: کاتێك ''لۆرانس ئۆلڤیە" ڕۆڵی ''ئارشی ڕایس"ی بینی کە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی شانۆگەری ''بەزمگێڕ"... وتی:

□□سەرسوڕهێنەرترین دەور بوو کە لە هەموو ژیانمدا بیبینم".

ئاشکرایە کە ئۆزبۆرن توانیویەتی نوشوستی و هەرە سی نەوەکەی خۆی بخاتە بەرچاوان..لە شانۆگەرییەکانیدا هەستدەکەین کە ئەو نەوەیە چەند بەترسەوە سەیری ئەو دونیا پووچەڵ و کارتۆنییەیان کردووە. ئەوەتانێ ئۆزبۆرن سەبارەت بە ئامانجی خۆی دەدوێت و دەڵێت :

“من دەمەوێت وا بکەم خەڵکی پتر هەست بکەن، سەبارەت بە <هەست کردن> هەندێك وانەیان پێ بڵێمەوە..پاشان خۆیان دەتوانن بیر بکەنەوە. ڕەنگە لە هەندێك وڵاتدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە مەترسی ببێت. بەڵام لە ئینگلتەرە مەسەلەکە وا نییە.. من هونەرمەندم ــ ئەگەر چاك بم یان خەراپ ــ ئەوەیان شتێکی ترە..بۆ یەکەمجار لە هەموو ژیانمدا هەلم بۆ ڕەخسا و توانیم سەربکەوم.. هەوڵیش دەدەم هەر لەسەر شانۆ ئاواتەکانم بێنمە دی.”

لە شوێنێکی دیکەدا سەبارەت بە بینەری نەفام دەڵێت:

“زۆر کەس لێم دەپرسێت: ئەگەر ئەکتەرەکانت مەبەستیان هەر ئەوە بێت کە دەیڵێن: کەواتە کەی دەتوانین بڵێین گەیشتوون بەو نیازەی خۆیان گەرەکیانە؟ تۆ مەبەستت چییە؟ چۆن ڕەفتار و هەڵوێستی کارەکتەرەکان شی دەکەیتەوە؟ هەر کاتێ شانۆگەرییەکی من پێشکەش بکرێت: کۆمەڵێك کەسانی سەرلێشێواو بەبێ ئارامییەوە لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشن و خواخوایانە گلۆپ داگیرسێت و بچنە دەرێ..ئەگەر شانۆگەرییەکە تۆزێك بەگرێ و ئالۆز بێت دەکەونە گلەیی.. دەڵێیت سەلکە تووری خاوێنن..بێهەست و خەیاڵن..ئەوانە یان زۆر بێ گوێن یان هەرگیز گوێ لە خۆیان ڕاناگرن.

من هیچ شانۆگەرییەکی خۆم بۆ ئەم جۆرە کەسانە شی ناکەمەوە و لێی نادوێم. هەموو هونەرێك جۆرە فرۆفێڵ و خۆدزینەوەیەکی عاقڵانەیە.. تۆ حەز بە (لیرــ ی پادشا) یان (ماکس میلەر) دەکەیت یان ئەوەتا حەزیان پێناکەیت. من ناتوانم ئیفلیجێك فێری ئەوە بکەم چۆن چوار پەلی بجوڵێنێت."

شتێکی ڕاست نییە ئۆزبۆرن بکەین بە پاڵەوانی هیچ مەسەلەیەك..چونکە ئەو نە پارتیزانە و نە نوێنەری پارتێکی سیاسییە. ئامانج و مەبەستەکانیشی ئاشکرا و دیارن. پیسی و بۆگەنی کۆمەڵ و دەزگاکان دەخاتە بەرچاو.. نوشوستی و هەرەسی نەوەی نوێ و ڕۆشنبیر کە سەر بە چینی کریکار و چینەکانی ژێرەوەن. کەواتە ئۆزبۆرن تەنها گەنجێکی تووڕە نییە..ناشبێت بە پاڵەوانی هەرەس و کەوتنی جیهانێکی وا گەورە کە خۆی نەتوانێت تێیبگات..ئۆزبۆرن پیاوێکە هەست بە دەوروبەری خۆی دەکات و شەرم لە سۆزی خۆی ناکات.

ئەم شانۆگەرییە نەك هەر سەرکەوتنێکی هونەری وەدەستهێنا..بەڵکو قازانجێکی بازرگانی گەورەشی کرد..بەڵام بەختیش ڕۆڵی خۆی بینی بەوەی کۆمەڵە کەسانێك کە دۆستی ڕاستەقینەی شانۆ بوون لە کات و شوێنی خۆیدا لەوێ بوون.

ئەم شانۆگەرییە پتر لەو گەنجانە دەدوێت کە لەدوای شەڕ کەوتنە سەرگەردانی و گێژاوەوە..درامایەکی ڕیالیزمییە و بەڵام پتر ڕۆشنایی خستۆتە سەر کەسەکان، نەك ڕووداو..کارەکتەرەکان مرۆڤی ڕاستەقینەن و لەم جیهانەدا هەن..بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کەوا نووسەر و پاڵەوانەکەشی هێرش دەبەنە سەر کۆمەڵ

بەو نیازەی بەرگری لە هەقی تاك بكەن..ئۆزبۆرن زانیوییەتی شانۆگەری چ چەكێكی پیرۆزە..ئەوەتانێ وتوویەتی:
فەرامۆشكردنی شانۆگەرییەكانی ئەم سەردەمە: دەكاتە فەرامۆشكردنی ئەم جیهانەی تیایدا دەژین."
نەوەی كۆن ــ نەوەی دایك و باوكان ــ هەستیان بە ''جیمی پۆرتەر" كرد و بەلآم ئەو توانی بیانتاسێنێت، نەوەی تازەش وەك مرۆڤێكی ڕاستەقینە، نەك وەك پالەوانێك، باوەڕیان پێی هەبوو.
سەبارەت بە شوێنیش: خانووی یەك هۆدەیی كە مالّی ''جیمی پۆرتەر"ە، خۆی لە خۆیدا شۆڕشێكی شانۆیی بوو. هەرچەندە بینەران جیهانێكی ناشیرین و ناڕێكیان دەدی: بەلآم خۆ جیهانێكی زۆر واقیعی بووە و كەس ناتوانێت لاری لە وە بێت. زۆر كەس ئەم شانۆگەرییە لەگەلّ شانۆگەرییەكی وەك ''چلپاو"ی ''گۆرگی" بەراورد دەكەن.

شتێكی چاكە گەر بۆ ساتێك ئاوڕ لەو كۆمەلّگایە بدەینەوە كە لە سالّی (1956)دا دەژیا..دەتوانین بلّێین دوو جیهانی جیاواز دەژیان. ئەوەشیان ئەنجامێكی سروشتی بوو بۆ ئەو بار و دۆخەی كە جەنگی جیهانی دووەم خولّقاندی، وەك دەزانین بریتانیا هێدی هێدی لە هەموو لایەكەوە ئیمپراتۆرییەتەكەی دۆڕاند و وەك جاران ڕۆلّی گەورەی نەدەبینی. ئا لەو سەردەمەدا گەنجەكان خەونیان بە گۆڕانكارییەوە دەدی و پێشوازیان لە وە دەكرد..كەچی نەوەی كۆن خەفەتی بۆ نەمانی ئیمپراتۆرییەت دەخوارد و نەیدەزانی بۆ وا دونیا بەقوڕ گیراوە..هەر لەو سالآنەدا پارتی ''موحافیزكارە كان " و پارتی ''كار" ،هەریەكەی دەیویست جەماوەر بەلای خۆیدا بەكێش بكات و ئەوە بوو لە سالّی (1945)دا پارتی ''كار" بردییەوە..گەنجەكانیش بەو سەركەوتنە دلّخۆش بوون.

كە جەنگی جیهانی دووەمیش بەرپا بوو..هەلّبەتە بۆ ئەوە شەڕ نەكرا ئامانجێكی ڕۆمانتیكییانە بێتە دی و بۆ ئەوەش نەبوو كە ئیمپراتۆرییەت وەكو خۆی بە سەلامەتی بمێنێتەوە، نە لەپێناوی ئەوەش بوو كە خاوەن دەستەلآتو مولّك هەر سەردار و سەروەر بن. زۆربەی ئەوانەی چوونە شەڕ، بەتایبەتی گەنجانی چینی ژێرەوە و ناوەڕاست، بۆ ئەوە نەچوونە شەڕ كە تەنها دژی فاشیستەكان بجەنگن و بەس..بەلّكو خەونیان بەوە دەدی كە ولآت سەرلەنوێ بنیات بنرێتەوە و چی ناڕێكی تیایە چارەی بكرێت. ئەوانەی پشتی پارتی كرێكارانیان گرت ئەو ئەفسەرە گەنجانە بوون كە ئاواتەخوازی ئەوە بوون جیهانێكی نمونەیی بخولّقێت..بۆیە حەزیان نەدەكرد دەست لەسەر ئەژنۆ لێی دابنیشن..زۆربەیان بۆ پارتی كرێكاران دەنگیان دا لەپیناو ئەوەی بریتانیا ببێت بە نمونەی ئەو ولآتەی خەونی پێوە دەبینن. وەك دەزانین ئەو شەڕە یەككگرتنێكی لەنێوان سۆشیالیزم و كاپیتالیزم دروستكرد كە دژ بە هیتلەرییەكان بوەستن..هەلّبەتە كە سەربازەكان هاتنەوە لە شەڕ چاوەڕوانی سەربەستی بوون و دەیانویست گۆ ڕانێكی ڕامیاری ڕووبدات. بەتەمای ئەوە بوون كە هەل و مۆلّەتی ڕەخساو بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن و كار و ئیش بدۆزنەوە..ئەو گەنجانە داوای ئەوەیان دەكرد كە كۆمەلّ سەر لەنوێ ڕێكبخرێتەوە..جیهانێكی تازە بنیات بنرێت كە زۆربەی نەوەی كۆن، واتا پیرەكان، نە پێیان خۆش بوو نە خەیالّیان لێ دەكردەوە. لەو سەردەمەدا

ئیمپراتۆرییەتماندوو ببوو بەدەست ئەو میللەتانەی کەوتبوونە بزوتنەوە و ناڕەزایی و چارەی داگیرکەرەکانیان نەدەویست.

نەوەی کۆن بۆ ئەوە چووبوونە شەڕ تا شتە کۆنەکان.. ڕێ و ڕەسمی جاران وەکو خۆیان بمێننەوە.. ڕوانینیان هەمان ڕوانینی نەوەی نوێ نەبوو کە هەموو خەونیان بە جیهانێکی تازەوە دەبینی و لە هەلیکی ڕەخساو دەگەڕان.

(جیمی) وەك هەموو گەنجێك هەمان خەونی سەوزی هەبووە..بەڵام ئەوەتانێ زوڵمی لێ دەکرێت و لە شوێنی خۆی نییە و گەنجێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوارە..خاوەن بەڵگەنامەی دانیشگایە و کەچی دوکانی پاقلاوە و شیرینی کردۆتەوە..کەواتە شوێنی شیاوی خۆی نەگرتووە و ڕەنگە زۆری وەك ئەویش هەبن.

جیمی" ڕۆشنبیرە، هەست ناسکە، بەهێزە..ئارەزووشی ئەوەیە ئەو سۆز و هەستە گەرمەی بە خەڵکی ببەخشێت..بەڵام کەسێك شك نابات ئەم شتانەی پێشکەش بکات..ئەو شتانەش کە جیمی پێشکەشی دەکات نەك هەر ڕەتدەکرێتەوە و بەس: بەڵکو تەواو فەرامۆش دەکرێن..توڕەیی و بێزاری و هیستریا و دڵڕەقی جیمی: هاوارێکە لە دڵەوە و بۆ ئەوەشە کە دەوروبەرەکە هەستی پێبکەن. ئەوەی پتر جیمی شێت کردووە ڕەفتاری ساردی ژنەکەیەتی ''ئالیسن" کە وەك خانەدانێك ڕەفتار دەکات، چونکە لە چینێکی ناوەڕاستەوە داخزیوە..ئەو ژن و مێردە ناڕێك و ناتەبان..جگە لەوەش ''جیمی" خۆی لە ڕەگەوە سەر بە چینی کرێکارانە..هەر بۆیە هێرش دەباتە سەر دایك و باوك و برای ژنەکەی: چونکە ئەوانە سەر بە چینی سەرەوەن. ژیانی ڕۆژانەی جیمی پەلاماردانێکی بەردەوامە بۆ سەر ژنەکەی..بەردەوام دەناڵێنێت چونکە کەس نییە لە زمان و حاڵی ئەو تێبگات. هەرچەندە ئالیس، بەسکی پڕەوە، جیمی بەجێدێڵێت و ''هێلینا"ی دەستەخوشکی دەچێتە باوەشی مێردەکەی..بەڵام هیچ شتێك ناگۆڕێت: جیمی هەر بەردەوام دەبێت لەسەر هێرش و شکاندنی هەموو لایەنە نەیارەکان..چاکیش دەزانێت کەوا هێلینا تەنها بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی جینسی پێوەی نووساوە. خوێنەر دەتوانێت تێبینی ئەوە بکا کە هێلینا وەك دەستەخوشکێکی ئالیسن دێتە سەر شانۆ، کەچی ڕۆڵێکی عفریتانە دەبینێت لە هاندانی ئالیسن تا جیمی مێردی جێبێڵێت..بەم شێوەیە و زۆر گاڵتەجاڕانە ڕێ بۆ خۆی خۆشدەکات..هەر ئەویش بروسکەیەك بۆ باوکی ئالیسن دەنێرێت تا بێت کچەکەی بباتەوە..دوای ئەوە هەر زوو خۆی دەخاتە نێو باوەشی جێمی-یەوە. لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا "ئالیسن" لە ماڵی باوکی منداڵێکی لەبار دەچێت و دەگەڕێتەوە لای جیمی..ئەوساش هێلینا بێ دوودڵی ماڵەکەیان بۆ چۆڵ دەکات..جیمی و ئالیسن بەیەك ئاشت دەبنەوە و گەمەی ورچ و سمۆرە دەکەن کە ئەوەشیان هێمایەکە بۆ گەڕان بەدوای سۆز و گەرمی ئارام و ئاسوودەگی بێ گرێ.

بەڵام ناوئاخنی شانۆگەرییەکە هەروا سادە و ساکار نییە..بەڵکو دەیان لق و پۆپی لێ دەخوڵقیت..کێشە و ناتەبایی ژن و مێردێك. جیاوازی بیروڕا و بۆچوونیان بۆ ژیان و دەوروبەر: کە ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ

جیاوازی چینایەتی..ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی جیمی دیوییەتی ''ئالیسن" پێی ئاشنا نەبووە و دیوارێکی ئەستووری خستۆتە نێوان ئەو ژن و مێردە..جیمی تووڕەیەو ڕازی نییە لەو دەوروبەرە..دەیەوێت هەرچی ئۆرستۆکراتیەکان ڕێزی دەگرن: ئەو جرتی بۆ لێبدات..گەنجێکی دەم بەهاوارە و هەست بە ناکۆکی و بێباکی ئەو خەڵکە دەکات..بەڵام بێئەوەی چارەسەرییەك دەستنیشان بکات..بۆیە هەمیشە تووڕەیە و قسە دەکات..زۆرجاریش پەنا دەباتە بەر سەبیلەکێشان و ترومپێت لێدان..جیمی لە خوو و ڕەوشتی کۆمەڵ بەئاگایە و بەڵام پێی ناڕەزایە و گاڵتەی پێدێت..دەیویست هەڵیوەشێنێتەوە.

چوارەمین کارەکتەر ''کلیف"ە کە لەگەڵ جیمی–دا لە دوکانی پاقلاوەفرۆشیدا کاردەکات..کلیف خاوەن و هەست و سۆزێکی دوور لە گرێیە..لە ساتانی گرفت و ناخۆشیدا پشتی ئالیسن دەگرێت..هەردووکیانی خۆشدەوێت و هەمیشە ناوبژیان دەکات..کلیف–یش وەك خەڵکی دیکە دەکەوێتە بەر هێرشی شێتانەی جیمی..پێیدەڵێت: ''تۆ لادێیەکی نەخوێندەواریت..بەڵام کلیف نهێنی هەڵگری هەموو لایەکە..خاوکەرەوەی شریتی توڕەیی جیمی–یە.

کۆلۆنێل ڕێفێرن"یش کە دەکەوێتە سەرشانۆ چێژێکی تازەمان پێدەبەخشێت.. کێشەکەش قووڵتر دەبێتەوە.. ئەگەرچی دەرکەوتنی ئەو ماوەیەکی کورت دەخایەنێت. جیمی بەراوردی دەکات بە پیرە درەختێکی تینوو کە ئاوڕ لە سەردەمی خۆشگوزەرانی فەرمانڕەوایی ''ئێدوارد" پاشا دەداتەوە و نازانێت بۆچی خۆری خۆشی ئاوا بووە..بەڵام لەوە دەچێت ''ئۆزبۆرن" بە چاوی بەزەییەوە سەیری ئەم کارەکتەرە بکات و بە نمونەیەکی وای دابنێت کە ببێتە جێی سۆز تاسە و حەسرەت هەڵکێشان بۆ سەردەمێکی کۆن و لەبارچوو..با ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەقەد ئەوەی جیمی قوربانی ڕۆژگارە..باوکی ئالیسن–یش بەشێوەیەکی جیاواز نێچیرە..دەتوانین بڵێین هەردووکیان تووڕەن و بە ڕق و کینەوە ئاوڕ لە ڕۆژانی ڕابردوو دەدەنەوە..جیمی هەستدەکات دونیا نەگۆڕاوە.. بەڵام باوکی ئالیسن حەسرەت و هەناسەی سارد هەڵدەکێشێت کەوا دونیا زۆر گۆڕاوە و تێکیشچووە.
بەڵێ..ئالیسن بەهێمنی ماڵ بەجێدێڵێت..چونکە هەستدەکات گونجان لەگەڵ پیاوێکی ئاوا سەر بەگۆبەند گەلێك گرانە..چونکە ئەو عەوداڵی جیهانێکی هێمن و بێدەنگە..لەڕاستیدا ئەو هێمنییەی ئەو بەدوایدا وێڵە: هێمنی دونیا کپ و سارد و بێ هەڵگەڕانەوەی ئۆرستۆکراتییەکانە..بەرلەوەی ڕەخنە لە ''ئۆزبۆرن" بگرین لەسەر ئەوەی کە کارەکتەرێکی سلبی و ملکەچی خولّقاندووە.پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێنین کەوا ملکەچی ئالیسن ئادگارێکی زۆر چاك و سەرکەوتووە..چونکە ئەو بێدەنگییە بۆتە چەکێکی زۆر کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیمی و زاڵبوون بەسەریدا..هەر بۆیە کە جیمی شێتگیر دەبێت و هاوار دەکاتو جوێن دەدات: ئالیسن کپ و بێدەنگ نقە ناکات.
لەوە دەچێت ''جیمی" لەبەر هەندێك هۆی ڕۆمانتیکی حەزی لێکرد بێت و هێناوییەتی..هەر ئەوەندە نییەو بەس..بەڵکو خۆشەویستی و تۆڵە و جوانمەردییەکی تێکەڵ بەیەکەوەی بەستوونەتەوە. لەلای ئالیسن ''جیمی" هێشتا منداڵە..ئەوەتانێ لە ئافرەتان دەترسێت و دەڵێت: ئەوانە واز لە پیاو ناهێنن تا خوێنی

هەڵنەمژن..ئەم بۆچوونە ئەوە دەستنیشان دەكات كە وا جیمی چ لە لایەنی سێكسییەوە ‘‘جینسی" بێت و چ لەلایەنی سۆزدارییە وە بێت ..هێشتا ناكامڵە و پێنەگەیشتووە..كەواتە ئەم ژنهێنانەی لە نەخۆشی دەچێت كە تووشی بووبێت!

ئەگەرچی جیمی ئاواتەخوازە ژنەكەی تووشی كارەساتێك ببێت تا نرخی خەم و ئازار بزانێت..لە خودا دەخوازێت ئالیسن منداڵێكی ببێت و بمرێت..گومانی لێدەكات و ئەوساش ببێت بە مرۆڤێكی جیاواز. جیمی تووشی نەخۆشی "سادیزم "بووە و هەموویان ئازار دەدات..بەڵام لە كۆتاییدا كە منداڵەكە دەمرێت و ژنەكەی لەسەر سك دەخشێت و هەروەك جیمی لەسەرەتاوە ئاواتەخوازی ئەم دیمەنە دڵتەزێنە بوو..كەچی نابینین بەرووی فرمێسكەكانی ژنەكەیدا گۆرانی تێهەڵبكات و هەڵبپەرێت..هەروەك پێشتر بەڵێنی دابوو..لەجیاتی ئەوە دەیگرێتە ئامێز و وەك منداڵی ساوا رایدەژەنێت و دڵی دەداتەوە.
یەك لەوانەی كە دەكەوێتە بەر هێرشی جیمی ‘‘نایجیل"ی برای ئالیسن ــ ە..هەر لەدوای چاوپێكەوتنی یەكەمدا كەیفی بە چارەی نایە، لەڕاستیدا ‘‘نایجیل" بۆتە ڕەمزی هەموو دوژمنەكانی جیمی: ئەو دوژمنانەی پۆشتە و پەرداخ و لەخۆبایین..ئەوانەی خاوەن شت بوون، لە هەمووی قۆڕتر ئەوە بوو كە ئەو دوژمنانە سەركەوتووش بوون.

جیمی هێرشی بردۆتە سەر زۆر لایەن و بەرە و چین.لەوانە ‘‘موحافیزكارەكان" و ئەوانەش كە لە هەڵبژاردندا دەنگیان داوە.. سیاسیبازە كان..ئەفسەرو ئەندامانی سوپا..قوتابخانە تایبەتییەكان..هتد. لەگەڵ ئەو هەموو هێرشانەشدا هەموو خۆشیان دەوێت: ئالیسن..كلیف..هێلینا..هەتا باوكی ئالیسن ــ یش خۆشی دەوێت..چونكە هەموو دەیانزانی ‘‘جیمی" لەتاو ستەم و نارێكی كۆمەڵ شێتگیر بووە.
گەر ئاورێك لە مێژووی ئەو سەردەمە بدە ینەوە دەزانین كەوا "بریتانیا" لە شەڕی جیهانیدا سەركەوتوو بوو..سەرەتای دامەزراندنی دارایی و سامانێكی دڵخۆشكەر بووە..نیاز وا بوو سەرلەنوێ خێر و بێری وڵات بەشێوەیەكی تازە بەسەر میللەتدا دابەش بكرێتەوە و هەندێك ئیمتیازاتیش لە خاوە نەكانیان بسەندرێتەوە..هەلی ژیان و گوزەران لەسەر بناغەی یەكسانی بۆ هەموو كەسێك برەخسێندرێت. بەڵام پاشان لە ساڵی ‘‘1951"دا پارتی "كرێكاران" لە بەرامبەر ‘‘موحافیزخوازەكان" دۆڕاو نەیبردەوە. هەر دوای ئەوەی شانۆگەری ‘‘بەتورەیی ئاورێكی دواوە بدەرەوە" خرایە سەر شانۆ: دوای چەند مانگێكی كەم فەرمانڕەواكانی ئەو پارتە میللەتی ئینگلیزیان تووشی كارەساتێكی گەورە و نوچدانێك كرد بەوەی كە هێرشیان بردە سەر كەناڵی ‘‘سویس". ئەوەشیان ڕەنگدانەوەی بیری ئیمپریالیستی ئینگلیز بوو. خەڵكی چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد بریتانیا بگۆڕێت و كەچی نەیانزانی هەر شێت و درندەكەی جارانە. خەڵكانی وەك ‘‘نایجیل"ی برای ئالیسن هەر لەناو پەرلەماندا مابوونەوە..بەگوێرەی قسەی ‘‘جیمی" ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە لەسەر زمانی قەشەكاندا بانگەوازیان بڵاودەكردەوە و بە ئەركێكی مەسیحیانەیان لەقەڵەم دەدا گەر خەڵكی كۆمەك بكەن و هەوڵی دروستكردنی بۆمبای هێدرۆجین بدەن..هەروا بێتەوە باوەڕیان بەوە نەبوو شتێك هەبێت ناوی جیاوازی چینایەتی بێت..بەڵكو بە بڕوای ئەوان ئەم چەشنە بیروڕایانە كرێكاران

حەرامزادانە ئاگرەکەی خۆشدەکەن. جیمی هەستدەکات ‘‘هۆش" و ‘‘پێشکەوتن" بە هەرزانی دەفرۆشرێن و چی بیروباوەڕ و نەریتی کۆن هەن بازاڕیان گەرمە. هێشتا ‘‘چەتە کۆنەکان" هێز و پارەیان بەدەستەوە مابوو..نەشیاندەهێشت کەسانی وەك ‘‘جیمی" بچێتە بازاڕی ئەوانەوە. بێگومان لە کۆمەڵێکی وا بێگیان و وەستاودا جێگای کەسانی وەك جیمی لێ نابێتەوە.

بەهەرحاڵ..ئەم شانۆگەرییە کاری کردە سەر ڕەوتی شانۆی ئینگلیزی و شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد..هەرچەندە لای ئۆزبۆرن کۆن بووە وەك خۆی دەڵێت ‘‘من دانەیەکم لێ هەڵنەگرتۆتەوە!" بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت ئەم شانۆگەرییە تەقینەوەیەکی گەورە بوو..ئێستاش دەنگ و دووکەڵی هەر بە ئاسمانەوەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: من خۆم بە وەرگێڕانی ئەم شانۆگەرییە ماندوو کردووە و برای نووسەریشم کاك ‘‘ئازاد حەمە شەریف" پیاچۆتەوە و لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکە بەراوردی کردۆتەوە..ئەوەندەی خۆمان و برایان و هونەرمەندانی شانۆـ دۆست ئاگایان لێبێت: ئەم شانۆگەرییە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

هیوادارم کەلێنێکمان لە ئەدەبی شانۆدا پڕکردبێتەوە...

1985ـ3ـ28سولەیمانی

جۆن ئۆزبۆرن

لە شانۆگەرییەکەی دەدوێت

خەڵکێکی زۆری وەئاگاهێنا و گەلێکیش بە بینینی سەرسام بوون. هەندێکی دیکە ئەوەندە سەرگەرم بوون شەپقەکانیان لەسەر دەکردەوە و بە هەوادا هەڵیاندەدا. کەسانی تر وتیان ‘‘دەربارەی ژیانێکە پڕ لە بێزاری و ڕۆتین..جیهانێکی بێ خوو و ڕەوشت..ئەو کەسانەی کە ڕەوشتیان بەلاوە گرنگ بووە: هەر ئەوانە ئەم جۆرە ڕوانینەیان هەبووە، بیگومان من دڵخۆش بووم..هیچ شانۆگەرییەك لەوە پتر داوا ناکات.

تووڕەبوون پێویستە..گەر تووڕە بیت واتا تۆ هەست دەکەیت و دیارە گرنگی بە شتەکان دەدەی..بەتایبەتیش گەر خەڵکەکە کەمتەرخەم و بێباك و ساویلکە بوون..شتێکی کەم نییە وا لە کۆمەڵێك خەڵك بکەی بەناڕەحەتییەوە لەسەر کورسییەکانیان دابنیشن و بەسۆزێکەوە سەیری شانۆگەرییەکە بکەن. لای هونەرمەندەکە خۆیشی گرانە بەتەواوی تێبگات و بزانێت ئەو شاکارەی نووسیوییەتی چی دەگەیەنێت. جا بۆیە شتێکی ئەوەندە سەیر و سەمەرە نییە ئەگەر خەڵکەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شاکارە ئەدەبییەکەی شیکردەوە..یان لەڕادەبەدەر ڕوانینەکەیان سەیرو پڕ فەنتازیی بوو.

له بێبەختی خۆمان..تا ئێستاش بەو پەیامەی ''ئیپسن"ەوە بەندین کە وا لە هەموو کەسێك دەکات بەپەرۆشەوە بۆ پەیام و مەبەستی سەرەکی شانۆگەرییەکە بگەڕێت. زۆر کەس کە دێن بۆ ناو هۆڵی شانۆ..هەرچی سۆز و هەست چییە دەیخەنە نێو گیرفانەکانیان و جانتاکانیشیان پڕ دەکەن لە نوقڵ و شیرینی..بەو نیازەی خەیاڵیان نەڕوا و کپ و بێدەنگ لێی دابنیشن. ئەگەر شانۆگەرییەکە مەزن و مەبەست بەخش بێت: لەوانەیە بەبێباکی و دوور لە سۆزەوە سەیری بکەن..ئۆقرەیان لەبەر دەبڕێت و بازرگانانە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی دەبن و لە شتی بازاڕی دەگەڕێن. ڕەنگە بپرسن: ''ئێ..زۆر باشە..بەڵام ئێوە چیمان پێدەفرۆشن؟"

هەر شانۆگەرییەك ڕوویەکی بازرگانی هەیە، زۆربەی هەرە زۆریان، ڕەنگە ئەوەیان من نەگرێتەوە. ڕوانین و بۆچوونی هەر کەسێك بەرامبەر شانۆنامەیەك دەگەڕێتەوە بۆ زاتی ئەو کەسە..بەوەوە بەندە کە ئەو کەسە چ مرۆڤێکە..بەڵام لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە شانۆگەرییەکەی من لە مرۆڤ دەدوێت. هەر شانۆگەرییەکیش مرۆڤ نەکات بە کرۆکی کێشە و چەند نمونەیەکی ئادەمیزادانە نەخاتە بەرچاو هەرگیز نابێت بە شت و هەمیشە بەتاڵە و لەسەر تەختەی هیچ شانۆیەك جێگەی نابێتەوە. دەبێت ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ڕامیاری بکەیت. هەر خۆت لەنێو جەرگەی کۆمەڵەوە سەرچاوەی بیر و ماناکان وەدەست بێنیت.

حەز دەکەم بە چەند دێڕێك باسی کەسانی ناو ئەم شانۆگەرییە بکەم: با یەکەمیان ''جیمی پۆرتەر" بێت. نەکەیت بەو گاڵتەجارییە دەستخەرۆ بیت..گاڵتە و بەزەیی بەخۆهاتنەوە فریوت نەدات. لە ئازار و پەژارە دوان و دەربڕینی خەم و خۆشی لای خەڵکی بووەتە کارێکی عەیب و شورەیی..بەڵام من بێگومانم لەوەی کە زۆربەی پاڵەوانی شانۆگەرییەکان چەند سەدەیەکە لە ئازار و خۆشی دەربڕیندا سڵ ناکەنەوە و بەردەوامن. کەواتە ئەم ڕاستییە بەپێچەوانەی ڕاو بۆچوونی ئەو خەڵکەیە..ئەو خەڵکەی بەرامبەر ''جیمی پۆرتەر" هەستێکی ناخۆش و بێزەوەریان هەیە. جیمی ڕەوانبێژە و زمانیشی درێژە. ئەمەشیان لای بینەرە ئینگلیزەکان و ڕەخنەگرەکانیش شتێکی ئاساییە و هەر لە سەردەمی شکسپیرەوە..هەر لەگەڵ هاتنی ''چیخۆف"ەوە بەم جۆرە پاڵەوانانە ئاشنا بوون..بەڵام وا بەتەواوی و ئاشکرا ڕانەهاتوون گوێ لە پاڵەوانێك بگرن باسی ئازار و خەم و تێکشکان و نائومێدی خۆی بکات..پاڵەوانێك کە لەم سەردەمەی ئێمەدا بژی و لێمانەوە نزیك بێت. ئەرك و ئامانجی هەموو نووسینی شانۆگەرییەك ئەوەیە خەڵکی پتر هۆشیار بکاتەوە. با بەلامانەوە سەیر نەبێت گەر حەز بە ڕاستی نەکرێت و هەندێك کەسیش هەر حەز نەکەن پەردە لەسەر شتە ناشیرینەکان لابدرێت و بەئاشکرا خەم و ئازار و خۆشی لە خۆیان بدوێن..ئاساییە گەر بێز لەم حاڵەتانە بکەنەوە..بەتایبەتی کە ئێمە هەموومان دەزانین پارە و کاتێکی زۆر بۆ ئەوە تەرخان دەکرێن کە خەڵکی بێهۆش و گێل و کەمتەرخەم بن لەوەی کە ڕاست و دروست بن. جیمی پۆرتەر تەنها گەنجێکی سادە نیە کە لەوە پەست و تووڕە بێت چونکە جیهان و چارەنووس ئەو شتانەی نەداوەتێ ئەو ئارەزوویان دەکات. ئەو گەنجێکی وایە پڕ بەدڵ حەز دەکات هەموو شتێك پێشکەش خەڵکی بکات..کەچی بەداخەوەیە و بەوە دەتلێتەوە کە کەسێك نییە ئامادە بێت ئەو بیروباوەڕ و شتانەی لێ بکڕێت – بگرە ژنەکەشی ئامادەی ئەوە نییە.

سەبارەت بە ''ئالیسن"یش: زۆر کەس لە کەموکوڕی ئەم زاتە تێناگەن. ئافرەتێکە وەفا و قوربانی و لەخۆبوردنی نییە..لەگەڵ زاتی خۆشیدا ناکۆکە. نەك هەر ئەوەندە..ئەم ئافرەتە شۆڕشگێڕێکی بێ ئامانج و برو و بیانوو بەدەستیش نییە..با بڵێین لەو کەسانەیش نیە لەخۆیەوە شت ڕەتبکاتەوە و هەڵبگەڕێتەوە. کەوتۆتە نێوان دوو جیهانی ناڕەحەت و پڕ گومان بێئەوەی بتوانێت خۆی بەلایەکدا بخات و خۆی ساغ بکاتەوە. هەتا باوکیشی لەم ڕووەوە ئاگاداری کچەکەی خۆیەتی و چاك دەیناسێت. باوکی دەزانێت کە ئالیسن بەلایەوە گوناهێکی گەلێك گەورەیە گەر لە نامەکانیدا کە بۆ دایکی دەنیرێت باسی جیمی مێردی نەکات. من خۆم گرنگیم بەم پاڵەوانە داوە..لە ناخەوە لەگەڵیا دەژیم و جێی مەبەستمە. ئەم شانۆگەرییە بەتەنها دەربارەی ''جیمی پۆرتەر" نییە..بەڵکو باسی دوو کەس دەکات کە یەکتریان خۆشدەوێت..بەڵام کۆمەڵ ڕێی لێگرتوون و گەمارۆیانی داوە، کە لەو باوەڕەدام ناتوانرێت فەرامۆش بکرێن و بخرێنە پشتگوێ.

کلیف: بەڕاستی من زۆر بەداخەوە بووم کە خەڵکێکی زۆر وەك گێل و نەزان سەیری کارەکتەری ''کلیف"یان کردووە کە بە گومانەوە لەو ڕووخان و پووکانەوە فیکری و ئەخلاقییەی دەوروبەری خۆی ورد دەبێتەوە. من لەو بڕوایەدام کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو گەنجە زۆر ڕاستگۆیانەیە و هەر لەبرەودایە. ئەگەرچی لەسەر شانۆی ئینگلیزی شتێکی ئاسایی نییە. ئەو دوو پیاوە بە دڵ لەگەڵ یەکدیدا دەژین و هیچیان ئەویدیکەیان فەرامۆش ناکات. دەشێت هیچ کامیان نەتوانن ئەو خۆشەویستی و پەیوەندییە پاکە دەربڕن..بەڵام ئەوەیان خاڵێکی ئەوەندە زەق و گرنگ نییە. بۆ نمونە کاتێك ''کلێف" دەڵێت ''هەردوو پێیەکانم ژان دەکات" ئا لێرەدا جیمی وەڵامێکی زۆر سادەی دەداتەوە کە یەك دونیا سۆز و خۆشەویستی دەردەبڕێت و دەڵێت ''جا بۆ ناچیت گۆرەوییەکانت بشۆیت؟" تەنها شتێك کە بتوانێت بیڵێت ئەوەیە !

هێلینا: ئەویش یەکێکە لەوانەی دەپرسێت تۆ لە چی پەست و تووڕەیت؟ لای ئەو ژیان ئەوەندە بە تەنگ و چەڵەمە نییە کە بەتەنها سەرنجێکی کۆمەل و دەوروبەر چارەسەر نەکرێت: ئەمەیە لیکدانەوەی ئەو ئافرەتە تا تووشی بە تووشی ''جیمی" دەبێت. هێلیناش لە جیهانێکی دیکەدا دەژی،ئەگەرچی سەرسەختانە دەیەوێت لە شتێك حاڵی ببێت کە قەت ناتوانێت تێبگات ــ بەڵام ئەوەتانێ کتوپڕ دەکەوێتە داوی ئەوینەوە ــ لەکۆتاییشدا سەری بەر بەردێکی ڕەق دەکەوێت

شتێکی گرنگە بزانین: هەر لەسەرەتاوە ڕەوت و ''موودی" شانۆگەرییەکە و جۆری بیرکردنەوەی پاڵەوانەکانمان بۆ ساغ دەبێتەوە و تا دێت پتر ڕەگ دادەکوتێت. مەبەستیشم هێنانەوەی چەند ئاوەڵناوێك نیە تا وای وەسف بکەین و بڵێین: پیسە..بێلەزەتە و بێمانایە..تاڵ و بێزەورە..هتد. ئەگەر کەسانێك هەبن و بڵێن شانۆگەری ''ئاوڕێکی تووڕە بدەرەوە" لەڕادەبەدەر پیس و بێزەوەرە..ئەوە بزانە ئەو جۆرە کەسانە زۆر سادەن و لە ڕاستییەکانی ئەم ژیانە تێنەگەیشتوون و لێی بێئاگان..لەم شانۆگەرییەدا ''ماڵ" کەموکوڕییەکی زۆری تیایە و مەسەلەکەش هەر ئەوە نییە کە زۆر ماڵ ناڕێك و پیس و بێزەوقن..بەڵکو ئەندامانی ئەو ماڵانەش ئاگایان لەوە نییە کە دەوروبەرەکەش هەروا ناشیرین و بۆگەن و پیسە..ئەو پیس و

بۆگەنییەی کە خۆیان بەشداریان کردووە لە درووستبوون و تەشەنەکردنی. کە گەنجیت نە ماڵ و نە کەلوپەل ـ هیچیان بە موڵکی خۆت نازانیت و هۆیەکی وا گەورەش ـ پاڵت پێوە نانێت لە شتەکانی دەورووبەرت بخەفتیت و هەوڵبدەیت شتەکان پوخت و پوختر بن. تەنها حەزت ئەوەیە لە ماڵ دەربچیت..چاوەڕێی بکەیت بەرەو دونیای دەرەوە هەنگاو بنێیت. ئالیرەدا کەسەکان دەیانەوێت بچنە دەرێ هەتا گەر بەبێ ئامانجیش بن و نەزانن ڕوو لە کوێ بکەن.

لەگەڵ ئەو کات و شوێنە دیاریکراوەی کە لە شانۆگەرییەکەدا بەدی دەکرێن کە دیاریشە دەورووبەرێکی داخراوە..لەپاڵ چەند پالەوانێکی کەمدا کارێکی گرنگە کە تا بۆمان بکرێت ڕەوت و ئیقاعی شانۆگەرییەکە بگۆڕین..پێویستە ئەو هەڵسان و دابەزینە فەرامۆش نەکرێت. بۆ نمونە: تا ماوەیەکی زۆر خەڵکی لەو باوەڕەدا بوون کە دیالۆگی درێژ شتێکی قورسە و پتر لە قسە ی هە لە ق و مە لە ق دەچێت یان با بڵێین شت سەپاندنە و هیچیدیکە. قسە و دیالۆگە دوور و درێژەکانی ‘‘جیمی" بە ‘‘مۆنۆلۆگ"ێکی قورس و بێزەوەر لەقەڵەم دەدران. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ڕۆڵەکان بەجوانی دابەشکراون و بەرگێکی ئۆرکسترایان لەبەرکراوە..هەموویان دەجولێن و زۆر دراماتیکیانە و بەگەرمی و گوڕێکەوە کاردەکەن. کارێکی چاکە گەر بتوانرێت کەڵك لەو دەقە وەربگیرێ و لەدڵەوە خەڵکی گوێی لێ بگرن. سەرەڕای ئەوانەش: هەر ئەکتەرێك پێویستی بە گوێچکەیەك هەیە و بێگومان پێویستی بە یەکێکی تریش دەبێت کە ئەم شانۆگەرییە دەخوێنێتەوە و شی دەکاتەوە. مەسەلەی کات و بەکارهێنانی شتێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی. ئەم شانۆگەرییە پیویستی بە خێرایی و ناسکی و کێوییەتی و هەستێکی درامی و شاعیرانەی بەرز هەیە.

زۆر کەس تا ئێستا بەهەڵە لە بەکارهێنانی ورچ و سمۆرەکە تێگەیشتووە و بەپێچەوانەوە بۆی چوون. کۆتایی شانۆگەرییەکە مەبەستی عاتیفی و ویژدانی ناگەیەنێت. دەبێت وا لێکبدرێتەوە کە مەبەستەکە دیوێکی دیکەی هەیە..بۆنی گاڵتە و تانەگرتنی لێوە دێت. مەسەلەکە وایە کە دوو مرۆڤ چیتر لەتوانایاندا نامێنێت وەك ئادەمیزادی ڕاستەقینە ڕۆڵی خۆیان ببینن یان با بڵێین بەلایانەوە ئازارێکی گەلێك گەورەیە مرۆڤ زیندوو بێت و بتوانێت وەك مرۆڤێکی ڕاستەقینە بژی... ئای لە ئازاری بوون! جا لەبەر ئەوە تیکدەشکێن و دادەکشێن و خۆیان لەم گرفتە ڕزگار دەکەن و دەروازەیەکی دیکە دەدۆزنەوە..ئەو دەروازەش ئەوەیە: دەبن بە دوو گیانلەبەری کوڵکن و مێشك چکۆڵانە و کوڵکنتر..بەم شێوەیە حەزو ئارەزوو و خۆشەویستی و سۆزێکی بێ گرێ و کپ و بێ زمان دەگۆڕنەوە. ئەمەشیان هەر حەزو ئارەزوو نییە..بەڵکو پەیوەندییەکی ئاسایی و زۆریش گشتییە لەنێوان کەسانێك کە زیرەك و هۆشمەند و هەست ناسك بن. ئەم جۆرە گەمە و جێ گۆڕکێیە بە جۆرە کەسێك دەکرێت کە خاوەن ڕۆحێکی ناسك و پاك و شاعیری بێت.

بەکارهێنانی ‘‘بووق" لە بەشی دووەم و سێیەمی شانۆگەرییەکەدا بەشێکی نەپچڕاوە لە نواندنەکە. دەبێت ئەوەشیان وەستایانە لەگەڵ بابەتی شانۆگەرییەکە تێکەڵ بکرێت و خزمەتی دەقەکە بکات. لەسەر شانۆی ‘‘ڕۆیال کۆرت"دا کە پێشکەش کرا لەگەڵ هەڵکشانی پەردەکە مۆسیقای جازێکی زۆرماندوو دەبیسترا و تێکەڵ بە ویقەویقی ترومپێتەکە دەبوو. ئەوەیان خزمەتی شانۆگەرییەکە دەکات.

* ئەم شانۆگەرییە لەسەر شانۆی ''ڕۆیاڵ کۆرت"و لە بەرواری 8-ی مایسی ساڵی 1956داو لەلایەن کۆمەڵەی شانۆی ئینگلیزییەوە پێشکەش کرا.

دەرهێنانی: تۆنی ڕیچاردسن

دیکۆر: ئالن تاگ

کاستەکان

-جیمی پۆرتەر: کینییێپ های

-کلیف لویس: ئالن بەیتس

-ئالیسن پۆرتەر: ماری ئوور

-هێلینا چارلس: هێلینا هیوز

-کۆلۆنێل ڕیدفێرن: جۆن وێلیش

شانۆگەرییەکی سێ پەردەییە

کەسەکان بەپێی دەرکەوتنیان

جیمی پۆرتەر: مێردی ئالیسن-ە.

کلیف لویس: برادەری جیمی-یە.

ئالیسن پۆرتەر: خێزانی جیمی-یە.

هیلینا چارلز: دەستەخوشکی ئالیسن-ە.

کۆلۆنێل ڕێدفێرن: باوکی ئالیسن–ە.

ناوئاخن

هەرچییەکی کە ڕوودەدا وا لە فلاتێکی –یەك ژووری– دایە کە ماڵ و حاڵی ‘‘جیمی پۆرتەر"ە و کەوتۆتە ناوچەی ‘‘میدلاندز"ەوە.

کات: ئێستایە.

1: پەردەی یەکەم: ئێوارەیەکی زووی مانگی نیسانە.

2: پەردەی دووەم:
1ـ دیمەنی یەکەم: دوو هەفتە پاشتر.
2ـ دیمەنی دووەم: ئێوارەی ئایندە.

3: پەردەی سێیەم:
1ـ دیمەنی یەکەم: چەند مانگێك دواتر.
2ـ دیمەنی دووەم: دوای چەند ساتێکی دیکە

پەردەی یەکەم

ماڵی ‘‘جیمی پۆرتەر”ە و هەموویان لە فلاتێکی یەك هۆدەییدا جێگەیان بۆتەوە، کە کەوتۆتە یەکێك لە شارە گەورەکانی ناوچەی ‘‘میدلاندز"ەوە. ئێوارەیەکی مانگی نیسانە.

دیمەن:
ژوورێکی تا ڕادەیەك فراوانە و بەسەر خانوویەکی گەورەی واوە قوت بۆتەوە کە لەسەر تە دارەکی چەرخی ‘‘فیکتۆری" دامەزراوە. بانەکەی لەچەپەوە بۆ لای ڕاست، بە ڕك دابەزیوە و نەوی بۆتەوە..لە خوارەوەش: بەدەستەڕاستدا دوو پەنجەرەی نزم هەن. لەلای پێشەوەش: مێزێکی بۆری تەوالێت دیارە: مێزەکەش لە داربەڕوو دروستکراوە..زۆربەی کەلوپەلی ژوورەکە سادە و ئاساییں..بگرە تۆزێکیش کۆنن. بەلای سەرەوە

و بەدەستەڕاستدا: قەرەوێلەیەکی دوو کەسی زۆربەی دیواری پشتەوەی گرتووە..ئەوەشی کە ماوەتەوە بۆ کتێبەکان کراوە بە ڕەفە.

لەخوار قەرەوێلەکە و بەدەستەڕاستدا:
سندووقێکی بەچەکمەجە دیارە و کۆمەڵێك کتێب و قەرەوێت و شڕە و پڕەی لەسەر پەرتکراوە..لەگەڵ ورچێکی گەورۆنە و پەرپووت..سمۆرەیەکی نەرم و تووکنی منداڵانەش.
هەروا..لەسەرەوە و بەدەستەچەپدا: دەرگایە..لەخوارەوەش کانتۆرێکی چکۆلانە داندراوە. زۆربەی دیواری دەستەچەپیش پەنجەرەیەکی لاکێشی بەرز و بڵند گرتوویەتی. پەنجەرەکەش بەسەر بەیتوونەکەدا دەڕوانێت کە لەدەرەوەڕا ڕووناکی بۆ دێت..زۆپایەکی گازیش کەوتۆتە بەرپێی کانتۆرەکە.

لەتەنیشتەوەش: کاونتەرێکی دار دانراوە و ڕادیۆیەکی چکۆلانەی دەستی بەسەرەوەیە.

لەناوەڕاستیشەوە..بەرەوخوار: مێزێکی نانخواردنی توندوتۆڵ و سێ کورسی دەبینین..لەخوارەوەش: بەڕاست و چەپدا: دوو کەچە کورسی داقوپاوی قایش دیارن.

کە پەردە هەڵدەکشێت:
جیمی و کلیف لەسەر کورسییە شەق و پەقەکان لەتەنیشت یەکدی و دوور بەدووری دانیشتوون..تەنها قاچ و قۆڵیان دەبینین..بەکەیفی خۆیان قاچیان لێ ڕاکێشاوە..لەبەر ڕۆژنامەکانی بەردەم چاویان هەر ئەوەندەمان لێ دیارە. هەردووکیان خەریکی خوێندنەوەن. دونیایەك ڕۆژنامە و گۆڤاری هەفتانە لەملاو لەولادا لەنێوانیاندا بەسەر یەکدیدا کەڵەکە کراون.
بۆ دواجار کە بەتەواوەتی هەردووکیان دەبینین:

جیمی: گەنجە و بیستو پێنج ‘‘25" ساڵێك دەبێت، باریکەلە و باڵابەرزە، چاکەتێکی زبرو شڕی ‘‘تویدی" و پانتۆڵێکی ‘‘فلانێل"ی لەبەردایە. ژوورەکە پڕبووە لە دووکەڵی پایپەکەی. جیمی مرۆڤێکی ئاڵۆز و تێکەڵە.
جەرگسۆز و بزێوە..مەکر و کینەیەکی خۆشەویستی تیا کۆبۆتەوە..هەستناسك و دڵنەرمیشە..لەهەمان کاتیشدا توندی و دڵڕەقییەکی زۆریش دەنوێنێت..دوودڵ و ڕاڕا و سەربەگۆبەندیشە، زۆریش شانازی بەخۆیەوە دەکات..مرۆڤێکی ئەوەندە تێکەڵ و بێ سەروبەرە: نەك تەنها هەست ناسکەکان و بەس..بگرە گەلۆرەکانیش لێی دووردەکەونەوە. چونکە ساغ و سەر ڕاست و لەڕووە خەلکێکی کەم حەز بە هاوڕێیەتیی دەکەن..لەوانەیە زۆر کەسیش لەو هەست ناسکییەی ‘‘جیمی" بێزارین..هەندێکی دیکەش بە زۆربڵێ و

دەمشری بزانن..هەر مرۆڤێکیش وا توندوتیژ و بەگوڕ بێت ، هیچ گومانی تیا نیە کە کەسایەتییەکی بزر و نادیاری دەبێت و کەسیش تێیناگات.

کلیف: هاوتەمەنی ‘‘جیمی"یە کورتەبالا و ڕەشتاڵەیە..ئێسقانی ئەستوور و پانە. بلووزێکی خوری ملدار و پانتۆڵێکی تازە و بۆری لەبەردایە..بەڵام پانتۆڵەکەی گەچڵاوە..ئەوەندە ساکار و ئاسوودەیە: لە خەڵکی وایە بێباکە..تا ڕادەیەکیش خەمناك دیارە..زیرەکییەکەشی سروشتی و خۆکردە. ئەگەر ‘‘جیمی" لە خۆشەویستی بەدوورە و کێویانە سەیری دەکات. ئەوا ‘‘کلیف" بەپێچەوانەوە ــ داوای دەکا و بەپەرۆشەوەیە بۆی..تەنانەت بەڕواڵەتەکەشی سەراسیمەیە..بگرە لەوانەشی دەستێنێت کە نایدەن.
‘‘کلیف" هاوئاوازێکی سروشتی و لەسەرخۆی جیمی –یە..واتا دیوە هێمنەکەی جیمی–یە.
بەدەستەچەپدا: لەخوار کاوەنتەرەکەوە ‘‘ئالیسن" وەستاوە. خۆی بەسەر مێزی ئوتووەکەدا خوار کردۆتەوە. لەتەنیشتەوەی جلوبەرگێکی زۆر لەسەر یەکدی کەڵەکە کراون. ‘‘ئالیسن" کارەکتەرێکی تێکەڵ و سەرسوڕهێنەرە..دەتوانین بڵێین دەنگی ناساز و ڕاڕایی ئەو دوو کەسەی هەڵگرتووە. دەروازەی دونیای ئالیسن بە کلیلێکی جیا دەکرێتەوە: ئەو کلیلەی بتوانێت دەروازەی دونیای پڕ لە گێروگرفت و ناڕێکی ئالیسن بکاتەوە..ئەو گرفت و ناڕێکییەی کە زۆر بەجوانی و عاقڵانە خولّقاوە: هەمیشە وای لە ئالیسن کردووە لەنێو ئۆرکێسترا بەرز و پڕ هەواکەی ‘‘جیمی و کلیف"دا بەدەنگێکی کز و خنکاو بدوێت.

ئەگەرچی تەنوورەکەی بەری چڵکنە..بەڵام بێ بەها و نرخ نییە، کراسێکی ئاڵی ڕەنگ کراوەی ‘‘جیمی" لەبەردایە و توانیوییەتی هەرچی چۆنێك بێت جوان و قەشەنگ دەرکەوێت و خۆی بنوێنێت. ئەویش هاوتەمەنی هەردوو پیاوەکەیە. ئەوەی پتر ‘‘ئالیسن"ی شەنگ و شۆختر کردووە: ناڕێکیی لەش و لاری هەردوو پیاوەکەیە کە زۆر دژوار و ناتەبان. ناسکەژنێکی ئەسمەر و باڵابەرزە..ئێسقانی دەموچاوی ناسك و باریکن. جاوەکانی پڕن لە تەمی ترس و ڕەوینەوەی سەرسامی..چاوەکانی ئەوەندە گەورە و گەش و قووڵن کە هەرگیز ناکرێت هیچیان تیا بشاردرێتەوە. ژوور بێدەنگ و پڕ دووکەڵە. تەنها دەنگێك لە ژوورەکەدا: گیزەی ئوتووەکەی ‘‘ئالیسن"ە.

یەکێکە لە ئێوارە ساردەکانی بەهار.ئاسمان بە تەمومژ و هەورە.
دەمودەست ‘‘جیمی" ڕۆژنامەیەك تووڕ هەڵدەدات.

جیمی:ئاخر بۆ دەبێت هەموو یەکشەممەیەك هەمان شت دووبارە بکەمەوە؟ هەتا ڕەخنەکانیش هەر هەمان شتی هەفتەی ڕابردوون. کتێبی جیا و هەمان ڕەخنە. تۆ ئەوەکەی خۆت تەواو دەکەیت؟

کلیف:نەخێر..هێشتا ماومە.

جیمی:منیش تا ئێستا سێ ستوونم دەربارەی ڕۆمانی ئینگلیزی خوێندۆتەوە. ئینگلیزی چی..نیوەی بە فەرەنسی نووسراوە. ئەرێ ئەوە تۆش کە چاوت بە ڕۆژنامەی یەکشەمموان دەکەوێت، وا هەست دەکەیت نەزان و نەخوێندەواریت؟

کلیف:نەخێر..وا هەست ت ت ت...

جیمی:جا تۆ خۆ..خۆت نەزان و نەخوێندەواریت. تۆ کتومت لادێییت (ڕوودەکاتە ئالیسن) ئەی تۆ؟ تۆ لەوانیت..ها..هەویت؟

ئالیسن:(بەبێئاگاییەوە) دەڵێیت چی؟

جیمی:وتم ئەم ڕۆژنامانە وات لێناکەن هەستبکەیت: مرۆڤێکی هیچ نەزانیت؟

ئالیسن:ئائاااا... هێشتا نەمخوێندوونەتەوە.

جیمی:پرسیاری ئەوەم لێنەکردیت. من وتم...

کلیف:لەو ئافرەتە بەستەزمانە بگەڕێ. سەرقاڵی ئیشی خۆیەتی.

جیمی:دە باشە..بەڵام خۆ دەتوانێت قسەیەك بکات، ناتوانێت؟ دەتوانیت قسە بکەیت..ها..ناتوانیت؟ خۆ دەتوانیت ڕایەك دەربڕیت. یا لەوە دەچێت ''کۆمەڵەی ئافرەتانی سپی"* وایان لێکردوویت نقە نەکەیت؟

ئالیسن:ببوورە..بەداخەوەم. چاك گوێم نەگرتبوو.

جیمی:گومانت لەوە نییە کە جوان گوێت لە من نەبووە. پیرە پۆرتەر فلتەفلتییەتی..هەر هەموویان روو وەردەگێڕن و دەچنە نیو باوەشی خەو. ژنەکەشم بەتەنها یەك باوێشك بڵاوەیان پێدەکات.

کلیف:پێموتی..وازی لێ بێنە و لێیبگەڕێ.

جیمی:(دەقیژێنێت و هاوار دەکات) زۆر چاکە..ئازیزەکەم..بڕۆوە بنوو. هیچ نییە..هەر من بووم..قسەم دەکرد. خۆ دەزانیت؟ قسە؟ هاتەوە بیرت؟ بمبوورە.

کلیف:ئەم نەڕەنەڕە بەسە. دەمەوێت بخوێنمەوە.

جیمی:تۆ بۆ خۆت سەغلەت دەکەیت؟ خۆ تۆ لە یەك وشەی تێناگەیت.

کلیف:ئۆە..ئۆە ە ە ە ە...

جیمی:تۆ زۆریش نەزانیت.

کلیف:وایە..هەروەها تێنەگەیشتووشم. بەڵام ئێستە دەمت داخە: بۆت دەکرێت؟

جیمی:تۆ بۆ داوا لە ژنەکەم ناکەیت لەو شتانەت بگەیەنێت؟ خۆ شوکر ئەو تێگەیشتووە. (ڕوو لە ژنەکەی دەکات) ئەم قسەیەم ڕاستە، وانییە؟

کلیف:(لەپشت ڕۆژنامەکەوە شەقێکی بۆ ڕادەوەشێنێت) وتم وازبێنە و لێیبگەڕێ.

جیمی:دەی دیسانەوە وا بکە، تۆ ئەی خوێڕی ''وەیلز''ی تا گوێچکەت لە بن و بیخەوە دەربێنم.

(ڕۆژنامە لەدەستی –کلیف– ڕادەپسکێنێت)

کلیف:(بۆپێشەوە خۆی خواردەکاتەوە) گوێبگرە..من دەمەوێت کەمێك خۆم پێبگەیەنم. تۆش لێمگەڕێ با فریاکەوم و باشتر بم، دەعبای ترسناك..زلە. بمدەرەوە.
(دەستی بۆ ڕۆژنامەکە درێژدەکات).

ئالیسن:ئۆی..جیمی لەڕاهی ئاسمان بیدەوە! توانای بیرکردنەوەم نەما.

کلیف:ڕاست دەکا..دەی زوو، ڕۆژنامەکەم بەرێ. ئەم ژنەش توانای بیرکردنەوەی نەما.

جیمی:توانای نەما! (ڕۆژنامەکە بەڕوویدا فرێدەدات) کورە ئەوە چەندین ساڵە عەقڵ و هۆشی نەماوە! ماوتە؟

ئالیسن:نەو.

جیمی:(ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەگرێت بەدەستەوە) برسیمە.

ئالیسن:ئۆه..نا..وا زوو نا!

کلیف:چ بەرازێکی پیسە.

جیمی:بەراز نیم. تەنها ئەوەیە حەز بە خواردن دەکەم..هەر ئەوەیە.

کلیف:ئاوا..! تۆ وەك هار و شێتی ''سێکس" وایت..دەڵێیت بەکەڵکەوتوویت..بەس تۆ بەکەڵکەوتووی خواردنیت. کوڕم چاوەڕوانبە..تۆش ناوت دەچێتە ڕۆژنامەی ''هەواڵەکانی جیهان"ەوە. جیمی پۆرتەر، تەمەن بیست و پێنج ساڵ، هەفتەی ڕابردوو بە تاوانی فڕاندنی کەلەرمێك و دوو قوتوو لۆبیا خرایە بەردەمی دادگا..ئەوەشیان لەو کاتەدا بووە کە لە باڕی ''بیلدەرز ئارم"ەوە گەڕاوەتەوە ماڵێ. تاوانباری ناوبراو ڕایگەیاندووە کەوا بۆ ماوەیەك تێکچووە و بەرچاوی تاریك بووە. داواشی کردووە، کە حیسابێکی بۆ بکرێت لەبەرئەوەی لە کاتی هێرشی ئاسمانیدا ئەو یەکێك بووە لەوانەی بە پلەی دووەم چاودێر بوون.

جیمی:(ددان گرێدەکاتەوە) ئا..بەڵێ..بەڵێ..بەڵێ، من حەز دەکەم بخۆم. هەروەها حەزیش دەکەم بژیم. تۆ هەقت هەیە؟

کلیف:من هەرگیز نابینم ئەو زۆرخواردنەی تۆ هیچ سوودێکی بۆت هەبێت. تۆ هەرگیز لەوە قەڵەوتر نابیت.

جیمی:کەسانی وەك من قەڵەو نابن. ویستوومە زووتر ئەوەت پێبڵێم. ئیمەمانان هەرچی بخۆین: دەبێت بە گڕ و دەیسووتێنین. ئێستا کە من دەخوێنمەوە تۆ دەمت داخە. دەتوانی کەمێك چای ترم بۆ لێبنێیت.

کلیف:ئەی خوای گەورە..کوڕە تۆ هەر ئێستا قۆرییەکە ت هەڵقوڕاند. خۆ من ئیستکانێکم لێ خواردەوە.

جیمی:جەهەننەم! بڕۆ کەمێکی تر لێبنێ.

کلیف:(ڕوو دەکاتە ئالیسن) قسەکەم ڕاست نییە؟ تەنها یەك ئیسکانم نەخواردەوە؟

ئالیسن:(بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت) ڕاست دەکەیت..وایە.

کلیف:ئەوەتا تۆ بینیت: ژنەکەشت هەر یەك ئیستکانی خواردەوە. بەچاوی خۆم بینیم: هەمووی تۆ هەڵتقوڕاند.

جیمی:(ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە) کترییەکە لەسەر ئاگرەکە دابنێ.

کلیف:خۆت بیخە سەر ئاگر. تۆ ڕۆژنامەکەمت شندڕ و وندڕ کرد.

جیمی:من تاکە کەسێکم کە بزانێت چۆن لەگەڵ ئەم پارچە کاغەزانەدا دەجوولێتەوە و مامەڵە دەکات، نەك هەر ئەوە..هەموو شتێکی نێو ئەم ماڵە. (ڕۆژنامەیەکی تر بەدەستەوە دەگرێت) ئەوەتانێ لێرە کچێك پرسیوییەتی: ئاخۆ لەبەرچاوی دڵدارەکەی سووك و چرووك نابێت گەر خۆی بەدەستەوە بدات. سۆزانی دەماغسز.

کلیف:بەس دەستم بیگاتێ، ئەوەندەم بەسە.

جیمی:کێ ئەم شتە پیس و نە فرە تییە دەکرێت (ڕۆژنامەکە فڕێدەداتە بەرپێ) لەو پارچە کاغەزە نازدارەی دەستت نەبوویتەوە؟

کلیف:کامەیان؟

جیمی:جوانە..یەکشەمموان تەنها دوو ڕۆژنامەی پوختمان هەن ــ ئەوەی ئێستا تۆ دەیخوێنیتەوە و لەگەڵ ئەمەیان. زووکە..ئەوەکەی خۆتم بدەرێ و تۆ ئەوەی من بەرە.

کلیف:ئۆهــ..دەی باشە.
(ڕۆژنامەکان دەگۆڕنەوە)
تەنها خەریکی خوێندنەوەی باسەکەی ‘‘قەشەی برۆملێ" بووم (دەست بۆ ئالیسن درێژدەکات)
چۆنی..گیانەکەم؟

ئالیسن:چاکم بەقوربان..سوپاست دەکەم.

کلیف:(دەستی ئالیسن دەگرێت) بۆ واز لەوە ناهێنیت و نەختێك دابنیشیت؟ ئاخر تۆ ماندوویت.

ئالیسن:(بزە دەیگرێت) ئەوەندەم نەماوە.

کلیف:(دەستەکانی ماچ دەکات و پەنجەکانیشی دەخاتە ناو دەمی) ئافرەتێکی جوانە..وانییە؟

جیمی:ئێ هەرچی کەسێك دەمبینێت هەروا دەڵێت. ئەوەیە کە هەمووتان دەیڵێن.
(جیمی و ئالیسن نیگا دەگۆڕنەوە)

کلیف:چەند جوانە، چ دەست و قامکێکی جوانت هەیە! ئممم م م م خەریکە بیانقرتێنم.

ئالیسن:وا مەکە..با کراسەکە نەسووتێت.

جیمی:واز لە دەست و پەنجەی ئەو ژنە بێنە، ئەوەندە بۆگەن و بێزەوەر مەبە. قەشەکەی برۆمڵی چی فەرمووە؟

کلیف:(واز لە ئالیسن دێنێت) ئا..قەشەی ناوبراو بانگەوازێکی گەرمی بەنێو هەموو دیبانەکاندا بڵاوکردۆتەوە: داوایان لێدەکات لەپێناو دروستکردنی بۆمبای ''هایدرۆجین"دا بەهەموو لایەك کۆمەکی لێبکەن.

جیمی:ئا..بەڵێ..بەڕاستی ئەوەیان هەستبزوێنە..من وا تێدەگەم. (ڕوو دەکاتە ئالیسن) هەستی تۆشی بزواند بێت..ها ئازیزەکەم؟

ئالیسن:ئا..بێگومان.

جیمی:ئەوەتانێ: هەتا ژنەکەشم جوڵا و وەئاگاهات. پێویست بوو منیش ئابوونەی خۆم بۆ قەشەکە بنێرم. با بزانین. چیتر دەڵێت. دەم دەیدەم دەیدەم دیدەم. ئاها..بەڵێ. قەشە نیگەران بووە بەوەی: یەکێك وای بۆ چووە کە ئەم دژ بە هەژارەکان دەوەستێت و پشتگیریی دەوڵەمەندەکان دەکات. باوەڕیشی بە جیاوازی چینایەتی نییە و نکۆڵی لەوە دەکات کە هەبێت. گوایە((بێچووی ئەم بیر و باوەڕە بەشێوەیەکی بەردەوام و بە نیازێکی خراپەوە لەلایەن چینی کریکارانەوە فرچکی دراوە)).

(سەیری هەردووکیان دەکات و چاوەڕێی تەقینەوەیەکە، بەڵام کلیف هەر خەریکی خوێندنەوەی خۆیەتی، ''ئالیسن"یش هەر بەسەر ئوتووەکەدا نوشتاوەتەوە).

جیمی:(ڕوو لە کلیف دەکات) کلیف تۆ ئەو نەختەت خوێندەوە؟

کلیف:ئمم؟ (دێرەکانی لیٚ ون ببوون، دەشیزانی، بەڵام هەر وازی نەدەهێنا و جێینەدەهێشت).

جیمی:(بۆ ئالیسن) خۆ تۆ پێت وا نییە باوکت ئەوەی نووسیبێت؟ لەو باوەڕەدایت؟

ئالیسن:چی نووسیبێت؟

جیمی:بێگومان..ئەوەی کە ئێستە بەدەنگ خوێندمەوە.

ئالیسن:جا بۆ باوکم ئەوەی نووسیبێت؟

جیمی:ئاخر نووسینەکە کەمێك لە هی باوکت دەچێت، هەستی پێناکەیت؟

ئالیسن:بەڕاست؟

جیمی:باشە..تۆش پێت وا نییە ‘‘قەشەی برۆملّی" نازناوی باوکت بێت؟

کلیف:نەکەی گوێی لێبگریت..خۆتی لیٚ گێل بکە.دیسانەوە خەریکی شەڕفرۆشتنە. ئەوەشی زۆر بەلاوە ئاسانە.

جیمی:(بەخێرایی) تۆ سەرگوزشتەی ئەو ئافرەتەت خوێندەوە کە چووە بۆ ‘‘هۆڵی ئێرلز"* و لەوێش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆببوونەوە لەدەوری ئەو کابرا ئەمریکییەی بانگی مەسیحییەتی بەنێو خەڵکیدا بڵاودەکردەوە؟ ژنەکەش لەو کاتەدا بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی خۆی..یان بۆ هەر شتێکی دیکە بووبێت بۆ پێشەوە ملی ناوە و پاشان ئەو خەڵکەی کە بەناوی هیدایەتەوە هاتبوون شاڵاویان بردووە و ژنەش کەوتۆتە بەر دەست و پێیان و چوار پەراسووی شکاون، سەری بۆتە بەردەباز و لە ئازار و حەژمەتی خۆی هەر قیژاندوویەتی، کەچی پەنجا هەزار کەس ملیان ناوە و بەدەم هات و هاوارەوە نەڕاندوویانە: ((بۆپێشەوە ئەی سەربازانی مەسیحییەت)) کەسیش ئاگای لەو ژنە نەبووە کە لەبەر پێی ئەو خەڵکەدا کەوتووە!
(بەرقەوە..یەکسەر سەیریان دەکات و چاوەڕوانیی وەڵامێکە، بەڵام کەسیان نقە ناکات)
هەندێکجار..بەخۆمدا دێمەوە و دەپرسم ئاخۆ دەبێت خۆم بەهەڵەدا نەچووبم ئەریٚ ئەو چایە چی بەسەر هات؟

کلیف:(هەر لەپشت ڕۆژنامەکەوە) کام چا؟

جیمی:کتلییەکە بخە سەر ئاگر.
(ئالیسن سەیری دەکات).

ئالیسن:بەڕاستی حەزت لێیەتی؟

جیمی:نازانم. نەوەللا..باوەڕ ناکەم.

ئالیسن:ئەی تۆ کلیف..حەزی لێدەکەیت؟

جیمی:نەو..حەزی لێناکات. ئەرێ تۆ تاکەی دەست لەو شتە بەرنادەیت؟

ئالیسن:تەواو..ئەوەندەم نەماوە.

جیمی:ئەی خوایەکە..چەندە قینم لە یەکشەمموانە! چەند ناخۆشە و چەندیش لێی وەڕس و پێی دڵتەنگم، هەمان شتە و گۆڕانی تیا نییە. لەوە زیاتر بستێك چییە پێش ناکەوین..ئەرێ پێش دەکەوین؟ هەمان بەزم و ڕەزمە. خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان..چا خواردنەوە..ئوتووکردن. چەند سەعاتێکی تر..هەفتەیەکی دیکەشی بەدەمەوە دەڕوات. عومری جوانیمان بەلاش و حەلاش بەفیڕۆ دەڕوات. ئایا ئێوە ئەوە دەزانن؟

کلیف:(ڕۆژنامەکە فڕێدەدات) مەسەلە چییە؟

جیمی:(هەر بەدەم قسەوە) ئۆهـ..هیچ..هیچ. نەفرەتت لێبێت، نەفرەت لە هەردووکتان، نەفرەت لەوانی دیکەش..لە هەموویان.

کلیف:با بچین بۆ سینەما. (ڕوو لە ئالیسن دەکات) تۆ دەڵێیت چی..بەدڵتە ئازیزم؟

ئالیسن:وابزانم من بۆم ناکرێت. ڕەنگە جیمی حەزی لێبکات.
(ڕووی لە جیمی دەکات) حەز دەکەی بچیت؟

جیمی:جا من ئیش و کارم نییە بچم بەدیار ئەو پیاوە بەڕێزانەوە دابنیشم کە شەوانی یەکشەمموان ڕیزی پێشەوەی سینەماکە دەگرن، بەدەستی خۆم زەوقی خۆم تێکبدەم؟ نەو..سوپاست دەکەم. (وەستانێکی کەم) نووسینەکەی ئەم هەفتەیەی ''پرستلی"ت خوێندەوە؟ من دەپرسم؟ نازانم..خۆ من، چاك دەزانم

نەتبینیوە..ئەی باشە من بۆ هەموو هەفتەیەك ‘‘تۆ پێنس" بەم ڕۆژنامە لەعنەتییە دەدەم؟ خۆ جگە لە خۆم کەس سەیری ناکات..کەسیش خۆی سەغلەت ناکات. کەس لەناو تۆزی ئەم تەمبەڵییە خۆش و بەلەززەتە ڕاست نابێتەوە..چاك دەزانم..ئێوە هەردووکتان من بەرەو هەڵدێرێك دەبەن..وەك چۆن دەزانم لێرە دانیشتووم..ئاوا دەزانم ئێوە بەهەردووکتان من شێت دەکەن. ئۆهـ خودایە چەند تامەزرۆی گوڕ و غیرەتێکی ئادەمیزادەنەم. تەنها غیرەت..غیرەت و بەس. چەند حەز دەکەم گوێم لە دەنگێکی گەرم و پڕ هاوار و موچڕکە بێت..بنەڕێنێت و بگرمێنێت : هێ هێ هێ..(بە بزوتنەوەیەکی شانۆییانە سینەی خۆی دەکوتێت) من زیندووم.دەژیم خاوەن بیرێکم..خاوەن باوەڕ. بۆ نایەن خۆمان بە گەمەیەکەوە خەریك بکەین؟ با وای دابنێین کە مرۆڤین، بەڕاستی زیندووین. هەر بۆ ماوەیەکی کەم. ئێوە دەڵێن چی؟ دەبا ئەو یارییە بکەین..با خۆمان بە بنیادەم بزانین. (بەنۆرە سەیری هەردووکیان دەکات.) ئای براکەم..زۆر لەمێژە تووشم بەتووشی مرۆڤێك نەبووە گوڕ و غیرەتێکی ئەوتۆی هەبێت!

کلیف:ئەرێ چیوت؟

جیمی:(بێزارە لەوەی کە نەیهێشت لە ڕاوەدوونانی ‘‘ئالیسن"دا بەردەوام بێت).
کێ چیوت؟

کلیف:مستەر پرستلی.

جیمی:وای بۆ دەچم شتەکانی گۆرین دووبارە بکاتەوە. ئەویش کتومت خەزوورمە هێشتا لەنێو سروشتە خۆش و بێبەری کراوەکەیەوە ئاوڕی تێری لە زەردەپەڕی سەردەمی ‘‘ئێدوارد" دەداتەوە..ئای ئیبلیس ئەوە چیت لەو پانتۆڵە کردووە؟

کلیف: چیم کردووە؟

جیمی:ئەوە ئەو پانتۆلەیە کە لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا کریبووت؟ چاوچاو..تۆ دەبینیت چیت لەو پانتۆلە تازە یە کردووە؟

ئالیسن :کلیف..چ ئاڵچاغ و بەدخووی. بێزەوەر بوویت.

جیمی:دەزانیت تۆ پارەیەکی جوان بە پانتۆڵێك دەدەیت..دواییش دێیت و وەك وەحش پێوەی دەگەوزێت.
تۆ پێم ناڵێیت چۆن دەژی گەر من بەدەورتە وە
نە بوومایە؟ ها پێم ناڵێیت قوری کوێ بەسەرتا دەکەیت؟ پێم ناڵێیت؟

کلیف:(ددان گڕ دەکاتەوە) نازانم (ڕوو لە ئالیسن دەکات) ئاخۆ دەبێ چیبکەم.. ڕوحە شیرینەکەم؟

ئالیسن:باشتر وایە دایبکەنیت.

جیمی:ڕاست دەکات..زووکە..دایکەنە. ئەوا منیش شەقێکت لە قوونت هەڵدەدەم.

ئالیسن:مادام ئوتووەکە گەرمە..با ئوتوویەکی پیا بێنم.

کلیف:زۆر چاکە..(خەریکی پانتۆل داکەندنە) با گیرفانەکانی بەتاڵ بکەم (کلیل و شقارتە و دەستەسڕەکە دەردێنێت).

جیمی:ئەو شقارتەم بدەرێ..تکایە؟

کلیف:ئۆە..خۆ نیازت نییە دیسانەوە ئەو کۆنە پایپە دەربینی بەتەمایت؟ ئێرە پڕدەکات لە بۆن و برینگ.
(ڕوو لە ئالیسن دەکات) توو خوا بۆنەکەی ناخۆش و بێتام نییە؟
(جیمی شقارتەکەی لێ وەردەگرێت و دەنکێك ئاگر دەدات).

ئالیسن:گوێی نادەمێ..پێی ڕاهاتووم.

جیمی:ژنی من مەزنە..چونکە خەریکە لەگەڵ شتەکاندا ڕادێت. ئەگەر هات و مرد..پاشان لە بەهەشت وەئاگا هاتەوە ـ ئەوە بزانن دوای پێنج خوولەکی یەکەم ڕاهاتووە.

کلیف:(پانتۆلەکەی دەداتە ئالیسن) سوپاست دەکەم..نازدارەکەم..ئەرێ جگەرەیەکم بەرێ..دەتوانیت؟

جیمی:جگەرەیەك چییە..نەیدەیتێ؟

کلیف:چیتر توانای بۆن و برینگی ئەو پیاوە کۆنەم نەماوە. دەبێت زوو فریای جگەرەیەك بکەوم.

جیمی:زانیومە دکتۆر جگەرەی لێ قەدەغە کردوویت؟

کلیف:ئێی..ئەوە بۆ دەمی داناخات؟

جیمی:باشە..زۆر چاکە..کولبوونی ناو سکت ..کولبوونی خۆتە. بەردەوام بە گەر خۆت گەرەکتە..با تووشی ژانە سك بیت. واز دێنم. ڕزامەوە ئەوەندەی بۆ خەڵکی تەقەللا بدەم. باشە..هەمووشی لەپێناو چی؟ (ئالیسن جگەرەیەك پێشکەشی کلیف دەکات. هەردووکیان دایدەگیرسێنن، ''ئالیسن"یش دەگەڕێتەوە سەر ئوتووکردنەکەی خۆی.) کەسێك لێرە بیر ناکاتەوە..کەسێك گوێ بە شت نادات، بیروباوەڕ نەماوە..گەرم و گوڕییەك..غیرەتێك..هیچیان نەماون. ئەوەتانێ..یەکشەممەیەکی دیکەش هاتەوە.

(کلیف بە تاقە شۆرت و بلووزێکەوە دادەنیشێت.) ڕەنگە هەنووکە ئاهەنگی مۆسیقا هەبێت (ڕادیۆی ''تایمز" دەکاتەوە) ئاه..(شەقێك بۆ کلیف ڕادەوەشێنێت) بڕۆ تۆزێك چای دیکە لێبنێ.
(کلیف هەر دەمرێنێت..دووبارە ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە) ئەرێ بەڕاست ئیمڕۆ مۆسیقای ''ڤۆن ولیامز" هەیە ! هیچ نەبێت..ئەوەیان شتێکە بۆ خۆی..هەرچۆنێك بێت..شتێکی پوخت و بەهێزە..شتێکی سادە و سانا..بابەتێکە: ئینگلیزی. وا بزانم خەڵکانی وەك من، هەق نییە ئەوەندە نیشتمانپەروەر بن. جارێکیان یەکێك وتی ''ئەرێ بەڕاست چیوت" ئا، وتی: ئێمە خواردنمان لە پاریس–ەوە بۆ دێت: خۆی هەر ئەوە جێی پێکەنینە. بەزم و ڕەزمی سیاسەتیش لە مۆسکۆ–وە..خوو و ڕەوشتیش لە پۆرسەعید–ەوە..بەڵێ قسەیەکی ئا لەم بابەتەی کردبوو. دەبێت کێ بووبێت؟ (وەستانێك) بەهەرحاڵ خۆ تۆ بەهیچ جۆرێك نایزانیت. ڕقیشم دەبێتەوە گەر دانی پیا بنێم..بەڵام وا بزانم دەتوانم لەوە تێبگەم کە باوکی ئەو ژنەی من هەستی بە چی کردووە، کە دوای ئەوەندە ساڵە لە ''هیند" گەڕاوەتەوە. ئەو پیرە ئە فسە رە ئیدواردییانە زۆر چاك توانیویانە ئەو جیهانە بچووك و تەمەن کورتەی خۆیان خۆش و دڵگیر بکەن: کولیچەو کێکی ماڵ..یاری کرۆکی..بیروباوەڕی ڕۆشن..جلوبەرگی جوانو قەشەنگ. هەمیشە هەمان دیمەن: هاوینی خۆش..ڕۆژانێکی درێژی بەر خۆرەتاو..دیوانی ناسکە شیعر..کەتانی گەچلاو. بۆنی نیشاستە..چ دیمەنێکی ڕۆمانسیانەیە، بێگومان..تا بڵێی قەڵب و درۆ بووە. خۆ هەندێك جاریش باراندوویەتی..ئەم جۆرە ژیانەیان درۆ بێت یان ڕاست من خەمی بۆ دەخۆم..گەر خۆت خاوەنی جیهانێکی سەربەخۆ نەبیت..خەراپ نییە خەم بۆ نەمانی جیهانی خەڵکی دیکە بخۆیت. لەوە دەچێت هەست ناسك بووبم. پێویستە بڵێم زۆر جێی خەفەت و داخە کە مرۆڤ ئەمریکی نەبێت کەچی لە چەرخ و زەمانێکی ئەمریکییانەدا بژی. دەشێت لە داهاتوودا تێکڕای مناڵەکانمان ببنە ئەمریکی. ئەوەشیان جۆرە بۆچوونێکە..وانییە؟
(شەقێك لە ''کلیف" هەڵدەدات و بەسەریدا دەقیڕێنێت.) وتم ئەمەیان جۆرە بۆچوونێکە؟

کلیف:تۆ وتت؟

جیمی:دەڵێیت ئەنگوتکی هەویریت دانیشتوویت. وامزانی چوویت کەمێك چا دێم بکەیت.
(کلیف دەناڵێنێت. جیمی ڕوودەکاتەوە ئالیسن) ئاخۆ ئەمشەو ''وێبستەر"ی هاوڕێت سەردەدات؟

ئالیسن:دەشێت کتوپڕ لێمان وەدەربکەوێت، تۆ خۆت دەیناسیت چ ماڵێکە.

جیمی:ئێ..دە باشە..بەس هیوادارم نەیەت..وا بزانم ئەمشەو حەوسەڵەی ‘‘وێبستەر"م نییە.

ئالیسن:وا بزانم هەر خۆت بوویت جارێکیان وتت کە وێبستەر تاکە کەسێکە بە زمانی تۆ دەدوێت.

جیمی:ئەوە ڕاستە. بەهەمان زمان دەدوێین بەڵام زارمان(دیالێکت)مان جیایە. خۆشم دەوێت چونکی جووڵە و وزە و گەرم و گوڕییەکی تیایە.

ئالیسن:گەرم و گوڕی.

جیمی:دۆزیتەوە، هەر کە بۆ ئێرە دێت..من تەواو دەگەشێمەوە. منی خۆش ناوێت..بەڵام هانم دەدات و شتێکم پێ دەبەخشێت، شتێکی زۆرتر لەوەی کە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە بتوانن پێمی ببەخشن، بەڵام نەك زۆرتر لەو ساتەوەی کە...

ئالیسن:بەڵێ..دەیزانین. نەك زۆرتر لەو ساتەوەی کە لەگەڵ خاتوو "مادلی"دا دەژیایت.
(هەندێك لەو جلانەی کە ئوتووی کردن..جوان قەدیان دەکات و بەرەو لای پێخەفەکە دەیانبات).

کلیف:(هەر لەپشت ڕۆژنامەکەوە) ئەو ‘‘مادلین"ە کێیە؟

ئالیسن:ئۆ هۆ..وەرەوە هۆش خۆت..گیانەکەم. زۆرجار گوێت لە ناوی مادلین بووە. کاتی خۆی دەنکی مێردەکەم بووە. بیرت هاتەوە؟ کە ئەوسا تەمەنی هەر چواردە ساڵێك بووە یان هەر سیانزە  بوویت؟

جیمی:هەژدە.

ئالیسن:لە هەموو شتێکدا خۆی بە قەرزارباری ‘‘مادلین" دەزانێت.

کلیف:من ئەم هەموو دۆست و دەنکانەی تۆم بۆ لێك جیا ناکرێتەوە و تێکەڵیان دەکەم..مادلین ئەوە نەبوو کە چەندین ساڵ لە تۆ گەورەتر بوو؟

جیمی:بە دە ساڵ.

کلیف:بەڕاستی تۆ و ‘‘مارکبانك_"ه* چکۆلانەکەی ‘‘بیرنادشۆ" بە موو جیاوازیتان نییە.

جیمی:ئەو مۆسیقایە کەی دەستپێدەکات؟
(دەیەوێت لە ڕۆژنامەکەدا بیدۆزێتەوە و بەدوایدا دەگەڕێت).

کلیف:(باوێشك دەدات) ئاە..کە زۆرم خەو دێت. حەز ناکەم بەیانی هەمدیسان بچمەوە ناو ئەو دوکانە پیس و پۆخڵە و لەوێ بوەستم. بۆچی بەتەنیا کارەکە تەواو ناکەیت..وازم لێ بێنیت و بۆ خۆم بخەوم.

جیمی:پێویستە من زوو بگەمە کارگە..تا فریای هەندێك کەلوپەلی تر بکەوم. جا بۆیە ئەویتر هەمووی لەسەر تۆیە. تەنها پینج دەقیقەشی دەوێت.
(ئالیسن دەگەڕێتەوە سەر مێزی ئوتووکردنەکە، هەردوو باسکی تێکئالاندووە و وەستاوە، جگەرە دەکێشێت و لە ڕامان و بیرکردنەوەدایە).
ئێوە بە هەردووکتان بەقەدەر پەنجەتووتەی ئەو ئافرەتە ڕۆحتان تیا نییە.

کلیف:کام ئافرەت؟

ئالیسن:مادلین.

جیمی:مادلین ئافرەتێك بوو کە هەمیشە بەدوای درکاندنی نهێنیەکاندا عەودالّ بوو..شێتی ئەوە بوو بزانێت خەڵکی لە چ حاڵێکدایە. قاووقیژی بێمانای نەدەزانی. خۆشی ئەو لەوەدا بوو وەئاگا بێت.
(ئالیسن دەستدەکات بە ئوتووکردنی پانتۆلەکەی کلیف).

کلیف:(لەپشت ڕۆژنامەکەوە) لەگەڵ ئەوەشدا.. ڕەنگە من کەمێك چای لێبنێم.

جیمی:(بەهێمنییەوە) هەر کاتێك لەگەڵ ئەو ئافرەتە بوومایە: سەرکێشییەك بوو بۆ خۆی..کە بەیەکەوە سواری پاس دەبووین وەك ئەوە وابوو لەگەڵ یولسیس"دا ڕێگەی گەشتێکم گرتبێتەبەر.

کلیف:بەس نەڵێیت ‘‘وێبستەر"یش کتومت یۆلسیس بوو. ئەو بێچووە شەیتانێکی بەدفەساڵ و ناشیرینە.

جیمی:دەماغسز..من باسی وێبستەر ناکەم. ئەویش بە جۆری خۆی خۆی غە وشی نییە. باسەکەمان بابەتێکی مێینەی وەك ‘‘ئێمیلی برۆنتی"یە. وێبستەر تاکە برادەرێکە (ڕوو دەکاتە ئالیسن) کە دوو پێنس بهینێت..بەهەرحاڵ. من زۆر سەیرم پێدێت کە ئێوە ئاوا تەبان و پێکەوە گونجاون.

ئالیسن:وا بزانم ئەویش هەر وایە.

جیمی:(بەرەو لای پەنجەرەی دەست ڕاست هەنگاو دەنێت و سەیری دەرەوە دەکات.) وێبستەر بەس گەڵۆ گیپاڵ نییە..بەڵکو خاوەن هۆش و هەستێکی ناسکە. ئەم جۆرەشیان تێکەڵبوونێکی زۆر دەگمەنە. هیچ کام لە هاوڕێکانی دیکە ت خاوەنی ئەو سیفەتە نین.

ئالیسن:(بەهێمنی و لەدڵەوە) جیمی..توو خوا بەسە لەسەری مەڕۆ.
(جیمی ئاوڕ دەداتەوە و سەیرێکی دەکات. نوزانەوە بەدەنگییەوە دیارە و کتوپڕ خاوی دەکاتەوە. بەڵام زووبەزوو خۆی بۆ هێرشێکی تر کۆدەکاتەوە. ڕووەو ناوەڕاستی ژوورەکە دێت..لەپشت کلیف–وە دەوەستێت و سەیری ملی دەکات).

جیمی:هاوڕێکانت – تۆ هەقی دوشێکت هەیە.

کلیف:(لەژێر لێوەوە) دە بمرە..لێیگەڕێ با خەریکی پانتۆلەکەم بێت.

جیمی:(بەڕامانێکەوە) قەت لەو باوەڕەدا نەبیت کە من بتوانم قەڵسی بکەم. هەرچییەك بکەم قەڵس نابێت. بگرە گەر پەلەواژیش ببمەوە و بشمرم هیچ تێکناچێت.

کلیف:دە دەی بمرە.

جیمی:ئەمانە یا ئەوەتا وەك دایك و باوکیان شەڕانی و لووت بەرز و ڕقاوین یا ئەوەتا دەبەنگ و تێنەگەیشتوون. ئەم نە ئەویانە و نە ئەوی دیکە یان ئەم لە مابەینی هەردووکیانە.

کلیف:بۆ گوێ لەو مۆسیقایەی خۆت ڕاناگریت؟ لەپشت سەرمەوە مەوەستە. ئەوە گیزەگیزەی تۆ بە برپڕەی پشتمدا مێرووله دەکات و هەست بە حاڵەتێکی سەیر دەکەم.
(جیمی گوێی کلیف بادەدات و ئەویش لەعەزرەتاندا دەقیژێنێت. جیمی بەگاڵتەوە ددانی لێ جیڕ دەکاتەوە).
ئەوەیان ئازارم دەدات هەی بۆگەنی سادی! (ڕوو دەکاتە ئالیسن.) هیوادارم هەر بە شەق سەری پانبکەیتەوە.

جیمی:(دەچێتە نێوانیانەوە) باشە تۆ برای ژنەکەی من، کاك نایجیل، ئەو پشت قیت و قۆزە، ئەو بێ چەناگە سەیرە ‘‘ساند هێرست"یەت دیوە؟ من خۆم تەنها جارێك دیومە. ئەو جارەشیان کە بە دایکم وت: شەڕانی و مێشك بۆگەنە..یەکسەر لە ماڵەکە دەریکردم.

کلیف:باشە تۆش چوویتە دەرێ؟

جیمی:بێگومان نەچوومە دەرێ. ئەو تەنها منداڵێکی هەراشە و بەس. ئێ..دیارە هەرگیز گوێت لەو بۆرە پیاوە بەرێزانە نەبووە کە لەژێر شەپقەی ڕەشەوە دێنەدەرێ و پەیدا دەبن. ئەمەش وەسفی کاکە نایجیل: ‘‘هیچ و پووچێکە و لە ئاسمانێکی دیکەوە هاتووە. ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر دەبێت بە وەزیر..ئەوەیان گومانی تیا نییە. بەڵام لە شوێنێکدا..لەپشتەوە ی دەماغی، زانیارییەکی تەماوی و نادیار هەیە کە خۆی و هاوڕێکانی چەندین ساڵە ئەو خەڵکەی پێ دەڕووتێننەوە و کەریان دەکەن و لە خشتەیان دەبەن. (بەرەو دواوەی شانۆکە دەڕواو..پاشان دەسووڕێتەوە).
کەواتە ‘‘نایجیل" ئەوەندە تەماوییە..ئەوەندە پەنهانە..وەك ئەوە وایە تۆ لەگەڵیدا بیت و ئەو ون بێت. سیاسیی ون و بزریش کەس کەڵکی لێ وەرناگرێت ـ بگرە پشتگیرەکانی خۆیشی کەڵکی لێ نابینن. هیچ شتێك لە ‘‘نایجیل"دا بەقەد ڕۆشنبیرییەکەی لێڵ و تەماوی و بزر نییە. دەربارەی ژیان و خەڵکی ڕەمەکی زۆر کەم تێدەگات، لەم ڕووەوە هەقی نیشانەیەکی جوانی هە یە ـ مەدالیایەك لەسەری نووسرابێت ‘‘لەبەر خاتری بیروباوەڕ لێڵ و تەماوییەکانی لەم مەیدانەدا." بەڵام ئەو، بەم قسانە ناشێوێت و خەنجەری ویژدان بریندار ناکات، گەر لەوەش لێڵ و تەماوی تر بێت. (بەرەو خوار دەبێتەوە) لەگەڵ ئەوەشدا نیشتمانپەروەرە..ئینگلیزە..حەزیش ناکات وای تێبگەیەنن کە چەندین ساڵە ڕۆڵەکانی میللەتی خۆی فرۆشتووە..کەواتە چیبکات باشە؟ تەنها شتێك کە بیکات ئەوەیە: لەنێو جیهانی بێعەقڵی و ملهوڕی خۆیدا، خۆی حەشار بدات. تاکە ڕێگەیەکیش بۆ مانەوەی شتەکانە لەسەر دەقی خۆیان و نەگۆڕانیان تا بتوانرێت ئەوەیە کە هەر گۆڕانێك بۆ مێشکی هیچ و بۆشت بە زۆر و گەورە بزانرێت..ئەوەشیان ئیمرۆ ئحمێکی دەوێت..بەڕاستی دەیەوێت. هەر تەنها خۆیان دەزانن لەو قوتابخانەیە ی ‘‘نایجیل" لێی دەرچووە چۆن خوو و ڕەوشتی مرۆۋ دادەڕێژن..هەر ئەویشە کە دەزانێت چۆن قاڵبی شتەکان دارێژێت. خۆتان سەغڵەت مەکەن..ئەو چارە ی دەکات. لەوەش پتر..خۆی لە هەموو کەس باشتر چارە ی دەکات.
(جگە لە گیزەی ئوتووەکەی ئالیسن دەنگێك نایە، چاوی بڕیوەتە ئیشەکەی خۆی. کلیف سەیری زەوییەکەی بەرپێی دەکات. ئا لەم ساتەدا زەوقەکەی جارانی نەماوە. جیمی هەست بە کەمە سەرکەوتنێك دەکات. حەزیش ناکات سەیری هیچ کامیان بکات و بزانێت ئاخۆ هەڵوێستیان چییە بەرامبەر ئەو قسە ڕەوانانەی کە ساتێك لەمەوبەر وتنی، بۆیە بەرەو لای پەنجەرەکە مل دەنێت تا تۆزێك بێتە سەرخۆی..پاشان سەیری دەرەوە دەکات).
ئەوە بارانیش دەستی پێکرد..هەر بارانمان کەمبوو..سەیرە..ئەم ژوورە و بارانیش.

(دڵسارد بەوەی کەس وەڵامی نەدایەوە..بەڵام هەر بەتەنگەوەیە کەمێك خوێنیان گەرمکات).
(هەروەك لە گفتوگۆدا بێت) بەڵێ..ئەوەیە ماڵە باوانی ژنە چکۆلانەکەی من. بێگومان..تۆش دایك و باوکی دەناسیت. نەکەی قەت لێبگەڕێی ڕێوڕەسمی ‘‘مارکیزی کوێنزبێری"* تۆ فریو بدات و کەرت بکات. ئەم چەشنە مرۆڤانە فێرن شەق لە بن گونت هەڵبدەن لەو کاتەی تۆ شەپقەکەت دەدەیتە دەست خزمەتکارەکانیان. سەبارەت بە ‘‘نایجیل" و ‘‘ئالیسن"یش (بەڕێزەوە دەدوێت و دەنگی لە ‘‘ستیوارت هیبرد" دەچێت). نایجیل و ئالیسن: هەردووکیان یەك بابەتن: زەلیلن..خۆیان لە خەڵکی دەبەنە پێشەوە..سڕ و سارد و بێباکن..هەروەها بێتەوە ترسنۆکیشن.

کلیف:گرەو دەکەم ئەمێستاکە ئاهەنگی مۆسیقا دەستی پێکردووە. ڕازین بیخەمە سەر مۆسیقاکە؟

جیمی:ئەو ڕۆژە زۆر بەدوای وشەیەکدا گەڕام. یەکێکە لەو وشانەی هەرگیز لە ماناکەی دڵنیا نەبووم..بەڵام هەمیشە وای بۆ دەچووم کە دەزانم چی دەگەیەنێت.

کلیف:کام وشەیە؟

جیمی: "ترسنۆك" ــ پێموتیت. دەزانیت ماناکەی چییە؟
(کلیف سەر ڕادەوەشێنێت).
ڕاستت دەوێت منیش نایزانم. لەو ماوە درێژەی ئەم ئافرەتەم خواستووە ــ ئەو ئافرەتەی کە نمونەی ناتەبایی و نەگونجانە ــ کەچی ئێستا کتوپڕ وشەیەکم دۆزییەوە: تەواو پێناسەی ژنەکەمە. تەنها ئاوەڵناوێك نییە لە زمانی ئینگلیزیدا کە بۆ وەسفی ژنەکەم بشێت و بەس ــ بگرە هەر ناوی خۆیەتی!
پیوسیلانمس" = ترسنۆك...!
بەبیستنی ئەم وشەیە پیرەژنێکی قەڵەو و لەندەهۆری ڕۆمانیت دێتە بەرچاو..وا نییە؟
ئا لێرەدا ترسنۆکخان و شەهوەتە فەندیی مێردی بینراون کە بۆ گەمە و ڕابواردن ملی ڕێگەیان گرتووەتەبەر.
(کلیف دەشڵەژێت و زۆر بەناڕەحەتییەوە سەیری ئالیسن دەکات).
ئەی لە پیرەی بەستەزمان..شەهوەتەفەندی! ئەگەر لە فیلمێکی هۆلیودا دەربکەوێت چەند ساردوسڕ و بێزەوەر دەبێت..ئەوسا دەورەکەش دەدرێتە ئەکتەرێکی ‘‘بریتانی" هەژار و بەستەزمان. ئەو هیچی لێنازانێت..بەڵام ئەو مەسیحییە خۆهەڵکێشانە بەرلەوەی فیلمەکە کۆتایی پێبێت هاتوهاوار و دەنگی ستریۆ بە هەڵ دەزانن و ژنەکەی هەڵدەگرن و دەڕۆن.
(ئالیسن بەسەر مێزەکەدا خوار دەبێتەوە و چاوانی دەنوقێنێت).

ترسنۆك خان بەڵێنی جیهانێکی ڕۆشن و خۆشتری پێداوە لەوەی کە پیرە شەهوەتی مێردی بتوانێت بۆی بنیاتبنێت. هێی..پوزی..ترسنۆك..دەکەوێتە ناو چ دۆزەخێك گەر بچێتە مەیدانی ڕۆمانییەکان..لەوانەیە لەوێ جووتە شێرێك هەڵمانلووشن..هۆوو؟

ئالیسن:ئۆف خوایە..یارمەتیم بدە..ئەگەر ئەم کابرایە هەر نەوەستێت..ئەوە دوای دەقیقەیەکی دیکە من شێت دەبم و لە پێستی خۆم دەچمە دەرێ.

جیمی:لەسەر چی وەستاویت..بۆ شێت نابیت؟ خۆ هیچ نەبێت ئەوەیان شتێکە. (بەرەو لای سندووقی دەستەڕاست ملدەنێت). بەڵام من تا ئێستا مانای وشەکەم پێنەوتیت..پێموتیت..ها؟ (فەرهەنگێك دەگرێت بەدەستەوە.) پێویست ناکات پێیبڵێم ــ خۆی دەیزانێت.
بێگومان..ئەگەر بە هەڵە وشەکەم وتبێت..ئەوە ئەوسا ژنەکەم چاوەڕوانی هەلێکە، کە ئەو هەڵەیەم ڕاست بکاتەوە. ئا..ئەوەتانێ. دۆزیمەوە: پیوسیلانمس = «pusillanimous» ئاوەڵناویشە..یانی شل و شێواو..مێشك لەق..کەم غیرەت و کە م نەبەردی..مێشك پووچ..ساویلکە..بێ ڕوح و نەفسنزم..چەچەبڤە: بەترس و لەرز. لە وشەی «pusillus» ‘‘پوسیلس"ی لاتینییەوە هاتووە..گێل و شەرخواز. (فەرهەنگەکە دادەخاتەوە) ئا ئەوەیە ژنەکەی من! ئەوە خۆیەتی..وانییە؟ سەیری بکەن..سەیری خاتوو پیوسیلانمس ــ ترسنۆك خان! (بەدەنگێکی گر هاواردەکات.) هێی پوزی.! ترسنۆك..فیلمەکەی دیکەت کەی دەست پێدەکات؟
(جیمی سەیری ئالیسن دەکات..چاوەڕوانە بتەقێتەوە و تێکبشکێت. لەماوەی فلاشێك کەمتر..ئالیسن دەموچاوی بەیەکدادا و گۆڕا..لەوە دەچوو سەری بە پشتەوەدا بخات و..بقیژێنێت. بەڵام لەساتەوەختێکدا حاڵەتەکە زۆر ئاسایی تێپەڕی. ئالیسن هەمیشە لەم چەشنە هێرشانەی مێردەکەی ڕاهاتبوو..بەڵام لەوە ناچێت ئەمشەو سەربکەوێت. لەسەر ئوتووەکەی هەر بەردەوامە. جیمی دەڕوات و ڕادیۆکە دەکاتەوە..ئا لەم ساتەدا مۆسیقاکەی ‘‘ڤۆهان ولیامز" دەست پێدەکات. دەچێتەوە سەر کورسییەکەی خۆی، بەپشتدا خۆی وەردەگێڕێتو چاوانی بۆ دەنووقێنێت).
ئالیسن:( پانتۆڵە کان دەداتەوە کلیف) ئەوەتانێ بیبە.بەقوربان..ئەگەرچی پوختە نین..بەڵام بۆ ئێستات باشن.
(کلیف ڕاستدەبێتەوە و لە بە ری دە کات).

کلیف:ئۆه..شتی چاکە..جوانە.

ئالیسن:لەمەودوا وریایان بە. پاشان باشتر ئوتوویان دە کە م.

کلیف:سوپاست دەکەم..ئەی شۆخ و شەنگ..کچی گیانەکەم.

(کلیف باسکی لە کەمەری ئالیسن ــ وە دەئالێنێت، پاشان ماچی دەکات. ئالیسن زەردەخەنەیەك دەیگرێت..پەلەپیتکەیەك لە لووتی کلیف دەدات. جیمی لەسەر کورسییەکەی خۆیەوە سەیریان دەکات).

ئالیسن:(ڕوو دەکاتە کلیف) یارمەتی هەیە جگەرەیەك بکێشین..؟

کلیف:قسەیەکی زۆر بەجێیە. کوا جگەرەکان؟

ئالیسن:لەسەر ڕۆپاکەیە. جیمی تۆش جگەرەیەکت گەرەکە؟

جیمی:نەخێر..سوپاست دەکەم..دەمەوێت گوێ لە مۆسیقاکەم بگرم..هیچ هەقێکتان بەسەرمەوە هەیە؟

کلیف:ببوورە..خاوەن شکۆ.
(کلیف جگەرەیەك دەخاتە نێوان هەردوو لێوی ''ئالیسن"ەوە..یەکێکیش بۆ خۆی.. دایاندەگیرسێنێت. پاشان دادەنیشێت و یەکێك لە ڕۆژنامەکان دەگرێت بەدەستەوە. ئالیسن دەچێتە سەر مێزەکەی خۆی. کلیف ڕۆژنامەکە فڕێدەدات و یەکێکی دیکە هەڵدەگرێتەوە..پەڕەپەڕە هەڵیاندەداتەوە)

جیمی:ئەرێ ئەوە ناکرێت ئەو هەموو خشەخشە نەکەیت؟

کلیف:ئۆوو..ببوورە.

جیمی:وا بزانم لاپەڕە هەڵدانەوەی ڕۆژنامەیەك ئاسانە و ئەو هەموو خشەخشەی ناوێت. هەرچۆنێك بێت..ئەوەیان ڕۆژنامەکەی منە (لەدەستی کلیف ڕایدەفڕێنێت).

کلیف:ئای..ئەوەندە بێقیمەت مەبە؟

جیمی:نرخی نۆ پێنسە..لە هەموو پەرتووکخانەیەك چنگ دەکەوێت..لەڕاهی خوا لێمگەڕێن با گوێم لە مۆسیقاکەم بێت.
(وەستانێك).
(ڕوو لە ئالیسن دەکات.) زۆرت ماوە ئیشەکەت تەواو بکەیت؟

ئالیسن:بۆ؟

جیمی:دیاره ئاگات لەوە نییە، ئاخر کار دەکاتە سەر ڕادیۆکە و دەبێت بە غژەغژ.

ئالیسن:بمبوورە..ئەوەندەم نەماوە.

(وەستانێکی کەم. ئوتووەکە ئیقاعی مۆسیقاکە دەشێوێنێت، کلیف نارەحەتە و لەسەر کورسییەکەی ئۆقرە ناگرێت..جیمی لە ئالیسن ورد دەبێتەوە..بەمەترسییەوە هەردوو قاچی دەلەرزن.. خێرا هەڵدەستێتەوە..لە نزیك ''ئالیسن"ەوە ڕادەبوورێت و بەرەو لای ڕادیۆکە ملدەنێت..قرت دەیکوژێنێتەوە).

ئەوە بۆ ڕادیۆکەت کوژاندەوە؟

جیمی:ویستم گوێ لە مۆسیقا بگرم..هیچی تر نا.

ئالیسن:دەباشە..ئاخر کێ ڕێی لێ گرتوویت؟

جیمی:ئێوە..هەریەکەتان بۆ خۆی ئاشووبێکی ناوەتەوە ــ ئەوە ڕێی لێگرتووم.

ئالیسن:دەباشە زۆر بەداخەوەم. بەڵام ناکرێت واز لە هەموو کارێك بێنم..ئەوە چییە جەنابت گوێ لە مۆسیقا ڕادەگرێت.

جیمی:جا بۆ ناتوانیت؟

ئالیسن:ڕاستیت دەوێت جیمی..تۆ دەڵێیت منداڵی ساوایت.

جیمی:ڕاوەستە..نەکەیت خۆت لەسەر من بادەیت..نەکەیت خۆت لە من بەگەورەتر بزانیت. (ڕوو لە کلیف دەکات.) ئەم ژنەی من زۆر شەپرێوە . هەموو شەوێك بەدیارییەوە دەوەستم و سەیری دەکەم تا هەمان ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە، کە بەردەوام هەر خەریکییانە. چۆن چۆنی خۆی هەڵدەداتە سەر پێخەفەکەی" وەك مۆرێك بەڕووی کەسێکەوە بنرێت..زۆر شێتانە پەردەکان دادەداتەوە و دەیکات بە هەراوهوریا..وا ڕووخێنەرانە مەگەر هەر خۆی بزانێت ..هەر دەڵێی هێرش دەباتە سەر پاپۆڕێکی جەنگ. تۆ هیچ سەرنجت داوە ژن چەند بە هاتوهاوار و ئاژاوەن؟

(لەخوار کورسییەکانەوە بەرەو لای ناوەڕاست و بەدەستەچەپدا ملدەنێت.)

هیچ سەرنجت داوەتێ؟ چۆن بەسەر زەویدا هەڵدەبەزنەوە و تەقەتەقییانە..گوایە ئەوە لەسەرخۆ بەڕێوە دەڕۆن؟ یان هیچ رۆژێك سەیرت کردوون چۆن لەسەر مێزی تە والێت دادەنیشن..چۆن چەك و چەکباریان بەردەدەنەوە خوارێ..پارچەومارچەی ناو سندووق و چەکمەجە و فلْچە و قەڵەمی دە م و لێو سوورکردن چۆن فڕێدەدەن؟

(ڕووبەڕووی مێزی توالێتەکە دەبێتەوە).

من شەو لەدوای شەو سەیری ئەو بەزمەم کردووە. کە تۆ ژنێك بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەبینیت..هەست دەکەیت چ قەسابێکی پاکوتەمیزە. (بەرەو ژوور دەبێتەوە) تۆ هیچ پیرە عەرەبێکی پیست نەدیوە دەست بخاتە نێو بەز و کرکراگەی بەرخێکەوە؟ ژنەکەی منیش کتومت لەو بابەتەیە. سوپاس بۆ خودا کە زۆر لە دکتۆرەکانی نەشتەرسازی ئافرەت نین..ئەگینا وەك جانەوەر چنگیان دەخستە نیو هەناوتەوە و فلْق ناوسکیان دەردەهێنایت! هەروەك بلْێیت پۆدرەی نێو قوتووەکانیان دەربهێنن پاشان شلْپ دەیانخستەوە شوێنی خۆی..وەك بلْێیت پارچە قەدیفەی ماکیاج لەسەر مێزەکانیان فڕێبدەن.

کلیف:(ددانەکانی بەزەوقێکەوە گڕ دەکاتەوە) ئۆھ..بەسە..بیبڕەوە.

جیمی:(بەرەو سەرووی شانۆکە دەجوولێت.) ئەم ئافرەتە وەك تەوقەکانی قژی، ناوهەناو و ڕیخۆڵەکانت دەڕژینیتە سەر زەوی. دەبێت تۆ زۆر هێڕ و وڕ بیت تا وا شڕ و شەپڕێو و دەم بە هاتوهاوار بیت.

(بەرەو ناوەڕاستی شانۆکە دەخزێت و خۆی بەسەر مێزەکەدا خوار دەکاتەوە).

جارێکیان لە ژوورێکدا دەژیام..دوو کچیش لە باڵەخانەکەی سەرەوە بوون..ئەو دوو ئافرەتە زۆڵانە شەو و رۆژ ئارامیان نەبوو..هەرچیان دەکرد دەتوت لەعنەتە و بەسەر سەرمدا دەبارێت..سووك و ساناترین ئیشی نێوماڵیان دەبوو بە هێرش و نەگبەتی بۆ سەر هەست و هۆشت. ڕاهاتبووم هەموو رۆژێك ڕووبەڕوویان ببمەوە. فێربووم چۆن بقیڕێنم و چ قسەی خراپ و جوێنی ڕەنگین هەیە بۆیان ڕەوانە بکەم..هەرچی بەدەممدا هاتبا..بەسەر قالْدرمەکاندا بۆیانم دەنارد. بەڵام هیچ شتێك..هیچ قسەیەك کاری لێ نەدەکردن. ئەم دوو ئافرەتە گەر بچوونایە سەر دەستشۆرەکەش، هەروەك گەمارۆدانێکی سەدەکانی ناوەڕاست، دەیانکرد بە فەرتەنە و قیامەت. ئای..لەپشتەوەڕا بۆم دەهاتن و تێیان هەڵدەدام – چارم نەبوو..دەبووایە باریکەم. لەو باوەڕەدام ئەمێستاکەش هەر لەو بەزمەدان. لەوانەشە حاڵی حازر شوویان کردبێت..هەر یەکەیان شەیتانێکی بەستەزمانی بەخۆیەوە شێت کردبێت. ڕمب و هوڕ..تاق و تریق دەرگایان دادەخست..پاژنەی بەرزیان لە زەوی دەکوتا.. هەرچیان بەکاربهێنایە بێ تەقە و ڕەقە نەبوو..قاپ و قاچاغ..ئوتوو – خۆت دەیزانی فەرتەنە و ئاژاوەی گەرم و نەبڕاوەی ئافرەت.

(لە دەرەوەش زرنگەی زەنگەکانی کە نیسە دێتە بەر گوێ).

جیمی:ئەی جەهەننەم..دیسانەوە ئەو زەنگە چەپەڵانە دەستیان پێکردەوە.
(بەرەو لای پەنجەرەکە بەتاو دەڕوات.) با بەس بێ..کۆتایی پێ بێنە..دە یە ڵلا! زرنگەی ئەو زەنگانە بەسە و بیبڕەوە! ئا لەم ژوورەدا مرۆڤێك خەریکە شێت دەبێت! نامەوێت گوێم لە زرنگەیان بێت.
ئالیسن:بەس هاوار بکە! (زوو دێتەوە سەر دۆخی جارانی) نەبا خاتوو ''درورى'' بێتە سەرمان.

جیمی:خاتوو ''درورى:..من بێزم نایە نەفرەتی لێبکەم. ئەو پیرەژنە بەئەخلاقە ناتوانێت من کەر بکات..گەر بتوانێت ئێوەش کەر بکات..من نا. ئەویش کۆنە دز و قۆڵبڕە. هەموو هەفتەیەك لە هەقی خۆی زیاترمان لێ دەستێنێت. هەرچۆنێك بێت... ڕەنگە ئێستە چووبێتە کە نیسە و (دەست بۆ پەنجەرەکە رادەکێشێت.) لەگەڵ زایەڵەی ئەو زەنگە چەپەڵانە خۆی بێنێت و بابدات.
(کلیف لە پەنجەرەکە نزیك دەبێتەوە و دایدەخات).

کلیف:وەرەو... کوڕی باش بە. هەمووتان دەبەمە دەرەوە..بەیەکەوە دادەنیشین و تۆزێك دەخۆینەوە.

جیمی:هێشتا مەیخانەکان نەکراونەتەوە..یەکشەممەیە..خۆ دەزانیت؟ بەهەرحاڵ..بارانیشە.

کلیف:دەباشە..سەما بکەین؟

(دەستی جیمی دەگرێت و بەو ناوەدا دەیسوڕێنێتەوە... ''جیمی"ش بەم خۆ گێل کردنەی ئەو، تەواو قەڵسە و میزاجی تێکچووە).
ئەرێ تۆ زۆر دێیتە ئێرە؟

جیمی:تەنها لە کاتی زاووزێ کردندا. چاکە..زۆر چاکە..گەلێك سەیرە.
(دەیەوێت لێی دەرباز بێت..کەچی کلیف وەك بنێشتەتاڵ پێوەی دەنووسێت).
واز بێنە با بڕۆم.

کلیف:شتی وا نییە تا داوای لێبوردن نەکەیت..چونکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە بێزەوەری دەجووڵێیتەوە.
ئاخۆ بە ڕای تۆ ئەمساڵ سینە و مەمك پڕن و لەدەرەوەن یا ناوەوە؟

جیمی:گەر لێم نەگەڕێیت بڕۆم، دوای دەقیقەیەك ددانەکانت هەڵدەکێشم!

(هەوڵێکیٚ زۆر دەدات دەربازی بێت..بەلاّم کلیف بەرزەفتی کردووە..هەردووکیان لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بەر دەبنەوە..دەکەونە ژێر مێزەکەوە و دەبێتە ململانێیان. ئالیسن لەسەر ئوتووکردنەکەی هەر بەردەوامە. ئەم بەزمەی بەلاوە ئاساییە و ڕۆتینێکە..بەلاّم ئێستا خەریکە ورە بەردات و هەرەس بێنێت. ئەمجارەیان کلیف ڕزگاری دەبێت..دەکەوێتە بەردەمی مێزی ئوتووکردنەکە. جیمی بە نازێك هەڵدەستێتەوە. دیسانەوە تێکدەگیرێن).

ئالیسن:وریای خۆتان بن..لە ڕاهی خوا! ئۆ..وەیش..ئێرە هەموو ڕۆژێك دەڵێیت کەربازاڕە!

(هەوڵێکی تەواو شێتانە دەدات و بەرەو لای ئالیسن پاڵ بە ''کلیف"وە دەنێت تا بە مێزی ئوتووەکەیەوە دەنووسێنێت. مێزەکە دەکەوێت..کلیف بەسەر ''ئالیسن"دا بەردەبێتەوە..پاشان هەرسێکیان بەسەر یەکدیدا دەکەون و لەسەر زەوییەکە کەڵەکە دەبن. ئالیسن لە ئازار و حەژمەتاندا دەگری. جیمی سەرسام و تەنگەنەفەسە و سەیریان دەکات).

کلیف:(هەڵدەستێتە سەرپیٚ) ئەوەتا ئازاری پێگەیشت..باشیت؟

ئالیسن:پێدەچێت باش بم!

کلیف:ئوتووەکە قۆڵی سووتاند.

جیمی:بمبورە..گیانەکەم.

ئالیسن:برۆ دەرەوە!

جیمی:باوەڕت بێت پەشیمانم. تۆ وا هەست دەکەیت من بە ئەنقەست..

ئالیسن:(بێدەسەلاّتانە سەر ڕادەوەشێنێت) لەبەرچاوم ونبە. (جیمی بەگومانەوە سەیری ژنەکەی دەکات. کلیف بەسەر ئیشارەتی بۆ دەکات..جیمی ڕوو وەردەگێڕێت و لە دەرگاکەوە دەچێتە دەریٚ).

کلیف:وەرە دانیشە.
(بەرەو کورسییەکەی دەستەڕاست دەیبات).
کەمێك سپی هەڵگەڕاویت. ئاخۆ باش بوویت؟

ئالیسن:بەڵیٚ..ئێستە باشترم.

کلیف:کوانێ با سەیرێکی باسکت بکەم. (لێی ورد دەبێتەوە) بەتەواوی سوور هەڵگەڕاوە. ڕەنگە ئازارت بدات. چی لێبکەم؟

ئالیسن:ئۆه..شتێکی وا نییە. تۆزێك سابوون چارەی دەکات. نازانم تۆ چۆن چارەی سووتان دەکەیت.

کلیف:هەر ئێستا دەچمە خوارێ و لە گەرماوەکەوە کەمێك سابوونت بۆ دێنم. تۆ بەڕاستیتە کە باشتریت؟

ئالیسن:ئا..ئا.

کلیف:(لەناو دەرگاکەوە) هەر ئێستە..دەقیقەیەکم پێ ناچێت.
(دەچێتە دەرێ).
(ئالیسن لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و خۆی بەپشتدا وەردەگێڕێت..سەیرێکی بنمیچەکە دەکات. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت..دەستەکانی بەرز دەکاتەوە و لە دەموچاوی خۆی نزیکیان دەخاتەوە..لەبەر ئازاری باسکی ڕادەچەنێت..پاشان دەستەکانی بەردەداتەوە. دەستێك بەناو سەرو قژی خۆیدا دەهێنێت).

ئالیسن:(بەچرپە و داخێکەوە) ئۆف..خوایە !
(کلیف بەخۆی و قاڵبەسابوونێکەوە دێتەوە).

کلیف:بۆنداریشە..لەو باوەڕەدای چارەی بکات؟

ئالیسن:بێگومان..چارەی دەکات.

کلیف:کەواتە باسکت بێنە.
(لەتەنیشتییەوە چۆك دادەدات.."ئالیسن"یش باسکی خۆی دێنێتە پێشەوە).
خستبوومە ژێر بەلوعەکە. زۆر نەرم بووەتەوە. ئێستا لەسەر خۆ دەیخەمە سەر باسکت.
(زۆر بەئاگادارییەوە سابوونەکە دەخاتە سەر برینەکە).
ئاوا باشە؟ (ئالیسن سەر ڕادەوەشێنێت).تۆ کچێکی ئازایت.

ئالیسن:وا هەست ناکەم ئەوەندە ئازا بم. (فرمێسك قورگی دەگرێت.) بەڕاستی وا هەست ناکەم..کلیف. چیتر توانای ئەوەم نەماوە لەسەر ئەو حاڵە بەردەوام بم. (ڕوو وەردەگێڕێت) وا هەست دەکەم زۆر نەخۆشم.

کلیف:ئێستە هەموو شتێك تەواو. (سابوونەکە دادەنێتەوە.) دەتەوێت شتێکت بۆ بێنم؟
(ئالیسن سەر ڕادەوەشێنێت. کلیف لەسەر باسکی کورسییەکە دادەنیشێت و دەستی لە مل دەکات. ئەویش خۆی بەپشتدا وردەگێڕێت و سەری پێدەکات).
خۆت سەغڵەت مەکە کچی جوان.
(کلیف پشت ملی بۆ دەشێلێت و ئەویش سەر بەپشتەوەدا دەخات).

ئالیسن:ئەو لە کوێیە؟

کلیف:لە ژوورەکەمدا دانیشتووە.

ئالیسن:خەریکی چییە؟

کلیف:وا بزانم لەسەر پێخەفەکە ڕاکشاوە و دەخوێنێتەوە. (ملی بۆ دەخورێنێت) ئاوا باشترە؟
(خۆی بەپشتەوەدا وەردەگێڕێت و چاوەکانی دەنووقێنێت).
خودا سەرفرازت بکات.
(کلیف تەپڵی سەری ماچ دەکات).
کلیف:سەرباری ئەم هەموو شتانەش ـ لەو باوەڕەدا نیم بتوانم بەتەنیا بژیم..هەر خۆم نانی خۆم پەیدابکەم. ئەوەندەی سادە و ئاساییم: ئەوەندەش درم..دەشێت بەتەنیا خەراپتریش بم. تۆش خەڵکت زۆر خۆش دەوێت..بەدبەخت.

ئالیسن:نەخێر..منیش چیتر لەسەر خەونی خۆشەویستی ناژیم. ئەوەندە و بەس. لەوە پتر هەڵناکەم.

کلیف:زۆر لەوە گەنجتری دەست لە خۆت بەردەیت..زۆر منداڵیت و زۆریش جوانکیلەی. وا باشترە پارچە شاشێك بخەمە سەر برینەکەت ـ تۆش هەر وای بە باشتر دەزانیت؟

ئالیسن:پارچەیەك لەسەر مێزی توالێتەکەمە.
(کلیف بەدەستەڕاستدا و ڕووەو مێزەکە مل دەنێت).

من بەردەوام ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە..هەرچەندێك بتوانم و بیرم بێتەوە..بەڵام هەرگیز نایەتەوە بیرم ئاخۆ گەنجێتی چۆن بووە..ئەو ڕۆژە جیمی هەمان ڕاستی پێوتم. وا خۆم نیشاندا گوایە گوێم لە قسەکانی نەبووە ـ چونکە دەمزانی ئەوەیان چەندە ئازاری دەدات..من وای بۆ دەچم. ئەویش ـ بێگومان ـ شێتگیر بوو..هەروەك ئەمشەو. بەڵام دەمزانی..تێیدەگەیشتم مەبەستی چی بوو. وا بزانم زۆر بەشێنەیی دەمتوانی پێی بڵێم ‘‘بەڵێ بەقوربان چاك تێدەگەم مەبەستت چییە..دەشزانم هەست بە چی دەکەیت. ’’

(هەموو گیانی دەلەرزێت).

ئا ئەم شتە زۆر سادانە بۆ ئێمە دەبن بە ئەستەم و نایەنەدی.

(کلیف لەخوارەوە و بەدەستەڕاستدا دەوەستێت..پارچە شاشەکەی بەدەستەوەیە..پشتی کردۆتە ئالیسن.)

کلیف:سەرم لەوە سوڕماوە تاکەی ئاوا سەیرتان بکەم..ئێوەش خەریکن و لەبەرچاوی من ناوسکی یەکدی هەڵدەدڕن. هەندێکجار تا بڵێیت ناشیرین و بێزەوەرن.

ئالیسن:بەڕاست خۆ تۆ نیازت وا نییە بەجێمانبێڵێت..بەتەمایت؟

کلیف:لەو باوەڕەدا نیم. (ڕووەو ئالیسن دەچێت).

ئالیسن:من ترسم لێنیشتووە..بەس بمزانیایە لێرە چی ڕوودەدات.

کلیف:(بەسەر باسکی کورسییەکەدا دەنووشێتەوە.) کوا بێنە. (دیسانەوە باسکی بۆ هەڵدەکات.) گەر ئازارم دایت هاوار بکە. (پارچە شاشەکەی لێوە دەپێچێت).

ئالیسن(سەیری باسکی ڕووتی خۆی دەکات)...کلیف..

کلیف:ئەم؟ (وەستانێکی کەم) چییە گیانەکەم؟

ئالیسن:هیچ.

کلیف: وتم: ـ چیتە؟

ئالیسن:خۆ دەبینیت ـ (دەکەوێتە دوودڵی) سکم هەیە.

کلیف:(دوای چەند چرکەیەك) پێویستیم بە مقەستێك هەیە.

ئالیسن:ئا ئەوەتا لەوێیە.

کلیف:(ڕووەو مێزی توالێتەکە دەپەڕێتەوە) ئەوەیان شتێکە..وا نییە؟ کەی هەستت پێکرد؟

ئالیسن:چەند ڕۆژێك لەمەوبەر. بەڕاستی..نیمچە کارەساتێك بوو.

کلیف:بەڵێ منیش هەر وای بۆ دەچم.

ئالیسن:دوای سێ ساڵ شووکردن دەبێ تازە تووش بم.

کلیف:وا بزانم کەس لە ئێمە بێگوناه نییە. (ڕووەو ئالیسن دەچێت.) لەگەڵ ئەوەشدا..پێویستە بڵێم من سەرم سوڕماوە.

ئالیسن:ئەوەیان هەرگیز لە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەبووە. چیدەکەیت لە م شوێنە، هەروەها بێتەوە بێ پارەییش لەوێ بوەستێت..ئۆه ــ کوڕە هەموو شت. جیمی بێز لە هەموو شتێك دەکاتەوە..چاك دەزانم. مرۆڤ چی لەدەست دێت؟

کلیف:تا ئێستا پێت نەوتووە؟

ئالیسن:نەخێر!

کلیف:ئەی بەتەمای چیت؟

ئالیسن:نازانم..بیرم لە هیچ نەکردۆتەوە.

کلیف:(دوای بڕینی شاشەکە..خەریکە دەیبەستێتو گرێی دەدات).
وا بزانم زۆر توندە؟

ئالیسن:زۆر باشە..سوپاست دەکەم.

(هەڵدەستێتە سەرپێ..دەچێتە لای مێزی ئوتووکردنەکە..دایدەداتەوە..هەڵیدەگرێت و بەدەستەڕاستدا بە دۆلابی جلەکە هەڵیدەسپێرێت).

کلیف:ئاخۆ..ئاخۆ؟

ئالیسن:زۆر لەوە درەنگترە خۆمان لەو بارە ڕزگار بکەین؟ (ئوتووەکە دەخاتە سەر قەراغی زۆپاکە.) هێشتا دڵنیاش نیم. دەشێت سکیشم نەبێت..ئەگەر نەمبێت..هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکمان نایەتە سەر ڕێ..دێت؟

کلیف:ئەی ئەگەر کاتی ئەوە بەسەرچووبێت؟
(ئالیسن ڕووی لێ وەردەگێڕێت. زۆر ساکارانەش سەر ڕادەوەشێنێت).
باشە بۆ ئێستا پێی ناڵێیت؟
(ئالیسن دەنووشتێتەوە تا جلەکان لەسەر زەوییەکە هەڵبگرێتەوە و بیانپێچێتەوە).
هەرچی ببێت..ئەو تۆی خۆشدەوێت. وا بزانم پێویست ناکات من ئەو ڕاستییەت پێبڵێم.

ئالیسن:بۆ تۆ نازانیت؟ یەکسەر گومان لە نیازەکانم دەکات. هەمیشە نایبڕێتەوە و وای بۆ دەچێت، کە من دەزانم ئەو چەندە هەست ناسکە و چ زووش بریندار دەبێت. دەشێت ئەمشەو هەموو شتێك ئاسایی بێت..بەیەکەوەش بنووین. بەڵام دوایی هەردووکمان ڕادەکشێین بێ ئەوەی چاومان بچێتە خەو..چاوەڕوانی ڕووناکیی بەیانین تا لەو پەنجەرە چکۆڵانەیەوە بڕژێتە ژوورێ..لەهەمان کاتیشدا لەو ڕووناکییە دەترسێین. ئینجا بەیانی وا هەستدەکات فێڵم لێکردووە..هەر وەك بڵێیت ویستبێتم بە خەراپترین شێوە بیکوژم. سەیرم دەکات و دەبینێت ڕۆژ بە ڕۆژ پان و بەرینتر دەبم..منیش ناوێرم سەر هەڵبڕم و سەیری بکەم.

کلیف:نازدارەکەم..تۆ دەبێت ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە بوەستیت.

ئالیسن:وەك دەزانیت..جیمی خوو و ڕەوشتێکی سەربەخۆی هەیە. دایکم ئەم ڕەفتارەی ئەو بە ''بەرەڵلایی" لەقەڵەم دەدات. هەڵبەتە سەربەستییە..بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی دڕی و توندیشە. دەزانیت..سەیرە تا ئەو ڕۆژەی بووینە ژنو مێرد بەیەکەوە نەخەوتین.

کلیف:بێگومان وایە ـ دەیناسم!

ئالیسن:من و ئەو بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کورت یەکتریمان ناسی..هەموو شتێك خێرا و تیژ تێپەڕی..کەم بەیەکەوە بووین. پاشانیش لەدڵەوە سەرزەنشتی دەکردم و گاڵتەی بە کچێتیم دەکرد. تەواو توورە

بوو..هەروەك بڵێیت لە ڕێگەیەکی سەیرەوە فیڵم لێ کردبێت. لەوە دەچوو باوەڕی بەوە بێت: گەر ئافرەتێك دەستی لێنەدرابێت گڵاوی دەکات.

کلیف:هەرگیز گوێم لە تۆ نەبووە بەم چەشنە باسی بکەیت. بەوەش زۆر دڵخۆش دەبێت.

ئالیسن:بەڵێ..دەزانم پێی خۆش دەبێت.
(هەڵدەستێتەوە و جلەکانی بەقەدکراوی لەسەر قۆڵییەتی).
تۆ لەو باوەڕەدای ئەو لەسەر ڕاستی بێت؟

کلیف:لەبارەی چییەوە؟

ئالیسن:ئۆه ــ هەموو شتێك.

کلیف:ئا..وا بزانم من و ئەو سەبارەت بە زۆر شت وەکو یەك بیردەکەینەوە..لەبەر ئەوەی لە هەندێك مەسەلەدا دەچینەوە سەر یەك ڕێ. گەر ڕاستت دەوێت..ئێمە هەردوو سەر بە چینی کرێکارین. ئۆه..من هەندێك لە خزمەکانی دایکی دەناسم، کە گەلێك پۆشتە و خانەدانن..بەڵام ئەو بەقەد ئەوەی قینی لە کەس و کاری تۆیە..ئەوەندەش قینی لەوان دەبێتەوە. تێناگەیت بۆ. بەهەرحاڵ ئەو لەگەڵ مندا دەگونجێت چونکە من کابرایەکی ئاسایی و ڕەمەکیم (ددان گڕدەکاتەوە) ئاساییم..هەروەك پیسایی..من ئەوەم.

(ئالیسن دەست دەخاتە سەر سەری کلیف و بە نەرمی دەستی پیا دەهێنێت و دەکەوێتە خەیاڵەوە).

ئالیسن:تۆ لەو بڕوایە دایت پێویست بەوە بکات مەسەلەی مناڵەکەی تێبگەیەنم؟

کلیف:زۆر ئاسایی.. چاکترە..لەدواییدا دەیبینیت. پێیبڵێ، (کلیف ماچی دەکات. جیمی دێتە ژوورێ بێ سەرسوڕمان و بە عەنتیکەییەوە سەیریان دەکات. هەردووکیان ئاگایان لێیەتی..بەڵام وای پیشان نادەن. جیمی ڕووەو کورسییەکەی دەستەچەپ هەنگاو دەنێت..لەتەنیشتیانەوە دادەنیشێت. ڕۆژنامەیەك هەڵدەگرێتەوە..تەماشای دەکات. کلیف سەیری دەکات..ئالیسن سەری خستۆتە سەر ڕوومەتی کلیف.)
ئەوە لێرەیت..هەی پیرە شەیتان..لە کوێ توویت؟

جیمی:نەفرەت لێکراو خۆت چاك دەزانیت من لە کوێ بووم.
(بێئەوەی سەیری ئالیسن بکات).
باسکت چۆنە؟

ئالیسن:ئۆه زۆر باشه..شتێکی وا نەبوو.

کلیف:ئافرەتێکی جوانە..وا نییە؟

جیمی:دیارە، کە تۆ وای بۆ دەچیت.
(کلیف و ئالیسن هێشتا نێوقەدی یەکدیان گرتووە).

کلیف:بۆ خاتری دۆزەخ..نازانم..هەرگیز تێناگەم بۆ شووی بە تۆ کردووە.

جیمی:تۆ وا تێدەگەیت ئەگەر ژنی تۆ بووایە باشتر دەبوو؟

کلیف:من خۆم بابەتی ئەو نیم..هەوم.. ڕۆحەکەم؟

ئالیسن:منیش دڵنیانیم و نازانم چی بابەتی منە.

جیمی:ئێوە بۆ هەردووکتان ناچنە نێو پێخەفەکە و بیبڕنەوە.

ئالیسن:خۆ دەزانیت..لەو باوەڕەدام لەدڵەوە قسە بکات.

جیمی:بەڕاستمە. کە ئێوە دەبینم بەم چەشنە لەوێ وەستاون..ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە.

کلیف:لەدڵەوە پیرە خواپەرستێکی پیورتانییە*.

جیمی:ڕەنگە وابم، بەهەرحاڵ..ئێوە هەردووکتان زۆر خوێڕی دێنە بەرچاوم، کە بەم چەشنە لیکاو بەسەر سەری یەکدیدا دەبارێنن.

کلیف:بە باوەڕی من ئەم ئافرەتە جوانە. هەروەها بە باوەڕی تۆش..بەڵام ئەوەیە تۆ زۆر لەوە بەرازتری پێی لێبنێیت.

جیمی:بەڕاستی تۆ شەهوەتبازێکی بچکۆلەی وەیلزی و خۆیشت دەیزانیت! دایك و باوکەکەی زەرد هەڵدەگەڕێن و ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن هەر کاتێك بیریان بکەوێتەوە شووی بە من کردووە. بەڵام ئەگەر ئەم

بەزمە دەبینن، کە لێرە ڕوودەدات.. ئەوە دەستبەجێ هەرەس دێنن. هەر بەڕێکەوت بیری لێ بکەرەوە چی دەکەن. لەو باوەڕەدام پۆلیس بانگ بکەن.
(وەك هاوڕێیەکی خۆی ڕووی تێدەکات).
ئەرێ جگەرەت لایە؟

ئالیسن:(دەست لە ئیشەکەی هەڵدەگرێت) با بزانم..سەیرێکی بکەم.
(ڕووەو جانتا بچکۆلەکەی دەستی دەچێت، کە لەسەر مێزەکەی ناوەڕاست دانراوە)

جیمی:(پەنجە بۆ کلیف ڕادەکێشێت)ڕۆژبەڕۆژ..تا دێت وەك مشکێکی بچووکی لێ دێت..لە مشك ناچێت؟
(هەوڵدەدات خۆی کۆبکاتەوە سەر یەکدی).
هەر دەقاودەق یەکێکە لەو مشکانە. سەیری گوێچکەکانی بکە..ئەو دەموچاوە..قاچە وردو کورتیلەکانی.

ئالیسن:(سەیری نێو جانتاکەی دەکات و دەگەڕێت).
ئەوە چونکە خۆی مشکە.

کلیف:ئیك! ئیك! من مشکم.

جیمی:مشکێکی بۆر و چکۆلانە.

کلیف:(بەدەوری مێزەکەدا سەما دەکات و دەزیقێنێت).
من مشکم..مشکێکی بۆر و چکۆلانەم. ئەوەشیان سەمای ‘‘مۆریسە"*

جیمی:سەمای چی؟

کلیف:سەمای مۆریس. کتومت سەمایەکە بۆ مشکان.

جیمی:تۆ بۆن بۆگەنیت لێدێت. ئەو ڕاستییە دەزانیت، کە تۆ بۆنت کردووە؟

کلیف:هەرگیز بەقەد تۆ خراپ و بۆگەن نیم..هەی پیرە ورچی دڕندە. (بەرەو ڕووی دەچێت..توند قاچی جیمی دەگرێت.) تۆ پیرە ورچێکی بۆگەنیت..گوێت لە منە؟

جیمی:هەی ساویلکەی دەبەنگ..واز لە قاچم بێنە و بەریدە. تۆ سەرودڵم تێك دەدەیت و وام لێدەکەیت بڕشێمەوە. بۆ خۆم پاڵم داوەتەوە ! واز نەهێنیت ئەو کلکە پیس و لینج و گە ورۆنەت بۆ دەقرتێنم !
(کلیف توند قاچی ڕادەکێشێت..جیمی دەکەوێتە سەر زەوییەکە. ئالیسن سەیریان دەکات..ئارام دەبێتەوە و کتوپڕ سۆزێك دایدەگرێت).

ئالیسن:جگەرەم پێ نەماوە.
(کلیف قاچی جیمی گرتووە و بەسەر زەوییەکەدا ڕایدەکێشێت).

جیمی:(دەنەڕێنێت) بڕۆ دەرەوە و هەندێك جگەرەم بۆ پەیدا بکە و چیتر خۆت کەر مەکە !

کلیف:زۆر باشە. (کتوپڕ قاچی جیمی بەردەدات..ئەویش دووبارە دەنەڕێنێت، کە پشتەسەری بەر زەوییەکە دەکەوێت)

ئالیسن:هانێ ئەوە نیو کراون. (پارەکەی دەداتێ.) دوکانی سەر سووچەکە کراوەتەوە.

کلیف:هەر ئێستە. (بەپەلە نێوچەوانی ئالیسن ماچ دەکات.) بیرت نەچێت. (ڕووەو دەرگای سەرووی شانۆکە ملدەنێت).

جیمی:ئێرە چۆڵکە و بڕۆ جەهەننەم !

کلیف:(هەر لەبەر دەرگاکەوە.) هێی..گورنەتەڵە !

جیمی:چیت دەوێت؟

کلیف:قۆرییە چایەکی عەنابی دێمکە.

جیمی:(هەڵدەستێتەوە) مەگەر پێشوەخت بتکوژم.

کلیف:(ددان گڕ دەکاتەوە) ئاوا ڕۆڵەم !
(کلیف دەچێتە دەرێ).

(ئێستا جیمی لەتەنیشت ‘‘ئالیسن" وەستاوە..ئەویش سەیری نێو جانتاکەی دەکات. ئاگادارە، کە لێی نزیك بۆتەوە..پاشان دوای چەند ساتێکی کورت جانتاکە قەپات دەکاتەوە. جیمی دەستە پێچراوەکەی ئالیسن دەگرێت).

جیمی:ئێستا چۆنە؟

ئالیسن:باشترە..شتێکی وا نەبوو.

جیمی:ئەو هەموو ملهوڕی و بێعەقڵییە خەریك بوو کارەساتێك بقەومێنێت.
(لەسەر ڕۆخی مێزەکە دادەنیشێت و هەر دەستیشی گرتووە).
پەشیمانم.

ئالیسن:دەزانم.

جیمی:لە دڵەوە دەیڵێم.

ئالیسن:پێویست بەوە ناکات.

جیمی:بەئەنقەست وام کرد.

ئالیسن:دەزانم..وایە.

جیمی:ساتێك نەبوو لێرەوە سەیری تۆ نەکەم..لەهەمان کاتیشدا پێویستیم پێت هەبووە و تەواو ئارەزووم کردوویت. منیش دەبێت هەقی خۆم بکەمەوە. نزیکەی چوار ساڵە لەم ژوورە بەیەکەوەیەن.شەوو ڕۆژ..کەچی ناتوانم لە خەفەتانا ئارەقەم ڕابگرم، کە دەتبینم خەریکی ـ کارێکی زۆر ئاساییت: وەك خۆخوارکردنەوە بەسەر مێزی ئوتووکردندا.

(ئالیسن بەنەرمی دەست بەسەری جیمی دادێنێت..هێشتا لە خۆی دڵنیا نییە).
(هەناسەیەك هەڵدەکێشێت) گرفت ئەوەیە، کە تۆ دەتوانیت لەگەڵ خەڵکی ڕابێیت: هەتا شتە قۆڕەکانیشیان دەبنە شتی ئاسایی لای تۆ و ناتوانیت لێیان ڕزگار بیت.ناتوانیت ئەم شتانەش تۆزێك سەیر و سەمەرەن.

(جیمی سەر بەپشتەوە دا  دەخات..سەر بە ئالیسن دەکات. دەیەوێت بیر و لێکدانەوەی خۆی کۆبکاتەوە.جیمی دەموچاوی دەخاتە سەر سنگی ئالیسن. ئەویش بەردەوام دەست بەسەر سەری ‘‘جیمی"دا دەهێنێت..هێشتا هەر خۆی لێ دەپارێزێت. پاشان جیمی سەری بەرزدەکاتەوە و بەسۆزەوە یەکدی ماچ دەکەن).

ئەرێ ئەمشەو چی بکەین؟

ئالیسن:تۆ حەز دەکەیت چی بکەین؟ بخۆینەوە؟

جیمی:من دەزانم ئێستا چیم دەوێت.

(ئالیسن سەری جیمی دەخاتە نێو هەردوو دەستی ماچی دەکات).

ئالیسن:باشە..بەس دەبێت چاوەڕوان بیت تا کاتێکی ڕەخساو و گونجاوتر.

جیمی:شتی وا نییە.

ئالیسن:ئاخر کلیف هەر ئێستە دەگەڕێتەوە.

جیمی:ئەرێ بەڕاست مەبەستی چی بوو، کە وتی:‘‘لەبیرت نەچێت؟"

ئالیسن:مەسەلەیەکە..نیازم بوو بە تۆی بلێم.

جیمی:(دووبارە ماچی دەکاتەوە) تۆش هۆگری ئەو کابرایەیت..وا نییە؟

ئالیسن:بەڵێ..وایە.

جیمی:کلیف تاکە برادەرێکە، کە تا ئێستاش لەگەڵمایە. خەڵکی دەڕۆن و جێتدێڵن. هەرگیز جارێکی تر نایانبینیتەوە. دەتوانم چەندەها ناو بیر خۆم بهێنمەوە ــ لە ژن و لە پیاو. کاتێك قوتابی بووم ــ واتسن، ڕۆبێرتس، دەیڤیس، جێنی، مادلین، هیو..(وەستانێکی کەم) هەروەها بێتەوە دایکی هیو..بێگومان، خەریکە ئەو ژنەم بیربچێتەوە..گەر حەز دەکەی بزانیت ئەم ئافرەتە هەمیشە هاوڕێیەکی بەوەفاو چاك بوو لەگەڵ ئێمە. هەر ئەوساش دوکانەکەی خۆی بۆ من چۆڵ دەکرد تا حەلوای تیا بفرۆشم.بەهەرحاڵ..لەبەر خاتری ئێمەش بوو کە دەیکڕی. زۆریش تۆی خۆش دەوێت. من هەرگیز تێناگەم تۆ بۆ وا لێی دوور دەکەویتەوە.

ئالیسن:(لەم هەڕەشەیە و گۆڕانی جیمی دەترسێت).
جیمی تکایە بەسە!

جیمی:(لە دەموچاوی شێواوی ئالیسن ورد دەبێتەوە).
تۆ زۆر جوانیت..تۆ سمۆرەیەکی چاوگەش و جوانیت.
(بەخۆشییەوە سەری ڕادەوەشێنێت..ئارام و دڵنیا دەبێت).
گوێز کۆدەکەیتەوە و هەڵیاندەگریت..سمۆرەیەکی: خرمەت دێت و گوێز دەکرۆژیت. (ئالیسن بەخۆشییەوە لاسایی گوێز کرۆشتن دەکاتەوە).
فەروەکەی بەرت بە بریقە و جوان و خاوێنە..کلکیشت دەڵێیت پەڕی وشترمرخە*.

ئالیسن:وی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی!

جیمی:چەند ئێرەییت* پێ دەبەم.
(جیمی وەستاوە..ئالیسن دەستی لە ملی کردووە).

ئالیسن:دە باشە..تۆش ورچێکی عەنتیکە و بەزەوق و زەبەللاحی بەڕاستی زل و زەبەلاحی. ورچێکی سەیر و سۆبەتی.

جیمی:ورچ و سمۆرەکان سەیر و عەنتیکەن.

ئالیسن:سەیرن و..جوانیشن
(ئالیسن بە جۆرە هەڵچوونێکەوە هەڵدەبەزێت و دادەبەزێتەوە..چڕنووق دەهاوێت).
ئۆووووە! ئوووووووووە!

جیمی:ئەوەیان چ دۆزەخێکە؟

ئالیسن:سمۆرەکان گەر شاد بن ئاواهی سەما دەکەن.
(دووبارە یەکدی لەباوەش دەکەنەوە)

جیمی:چی وای لێکردیت هەست بکەیت شادیت؟

ئاليسن:کتوپڕ..لەوە دەچێت هەموو شتێك لە شوێنی شایەستەی خۆی بێت. هەر ئەوەیە. جیمی...

جیمی:بەڵێ؟

ئالیسن:وەك دەزانیت پێموتیت: شتێك هەیە دەمەوێت پێتی ڕابگەیەنم؟

جیمی:باشە؟
(کلیف لەناو دەرگاکەوە دەردەکەوێت).

کلیف:لەو دەرگایەی پێشەوە دوور نەکەوتوومەتەوە. پاشان ''دروری" خانمیش نەچووبووە کە نیسە. نەمتوانی ڕزگارم بێت. (ڕوو دەکاتە ئالیسن.) یەکێك لەسەر تەلەفۆنە و تۆی دەوێت.

ئالیسن:تەلەفۆن؟ دەبێت کێ بێت خودایە؟

کلیف:هێلینا شتێکە.
(جیمی و ئالیسن خێرا سەیری یەکدی دەکەن)

جیمی:(ڕوو لە کلیف دەکات) هێلینا چارلز.

کلیف:ئا خۆیەتی.

ئالیسن:سوپاس..کلیف (ڕووەو سەرووی شانۆکە مل دەنێت) هەر ئێستە دێمەوە ئەوەندە گیر نابم.

کلیف:گیر دەبیت. پیرە دروری خانم بۆ یەکجاری لەخوارەوە دەتبەستێتەوە. باوەڕ ناکات ئێمەمانان ئێرە بە پاك و خاوێنی ڕابگرین.
(دێتە پێشەوە و لەسەر کورسییەکەی دەستەڕاست دادەنیشێت).
تۆی بۆگەن..وامزانی چوویت هەندێك چام بۆ لێبنێیت.
(جیمی وەڵامی ناداتەوە).
چیتە کوڕم..مەسەلە چییە؟

جیمی:(لەسەرخۆ) ئەو سۆزانییە.

کلیف:کام سۆزانی؟

جیمی:(هەر لەبەر خۆیەوە) هێلینا چارلز.

کلیف:ئەم ‘‘هێلینا"یە کێیە؟

جیمی:یەکێك لە کۆنە دەستەخوشکەکانی ژنەکەمە. هەروەها بێتەوە یەکێك لە دوژمنە ڕاستەقینەکانی منیشە. تۆ لەسەر کورسییەکەی من دانیشتوویت.

کلیف:بۆ مەسەلەی خواردنەوەکە بۆ کوێ بچین؟

جیمی:نازانم.

کلیف:دە باشە..ئێوە خۆتان بۆ خواردنەوەکە لەسەر ئاو و ئاگر بوون.

جیمی:ئاخۆ دەبێت ئەو ئافرەتە چی بوێت؟ چی وای لێکردووە تەلەفۆن بکات؟ هەڵبەتە بۆ خێرو خۆشی نییە. ئۆهـ دەی باشە..هەر ئێستە تێدەگەین مەسەلەکە چییە. (لەسەر مێزەکە پاڵدەکەوێت.) چەند ساتێك لەمەوبەر شتەکان ئاوا خەراپ نەبوون. سەبارەت بە ئافرەتیش من ڕۆحی خۆم بۆ گوشی و تواندمەوە. پیاو ڕاست بڵێت..ئەوەندە بەسە کە دەتوانن وات لێبکەن ببیت بە سەرۆکی دیدەوانی یان هەر شتێکی تر..وانییە؟ هەندێك جار بەغیلی بە مندالانی کۆرسی یۆنانی و پیرە ‘‘ئەندریە ژید" دەبەم. ئۆهـ..من ئەو قسەیە ناکەم، کە بۆ ئەوانیش زۆربەی کات ..نا بە دۆزەخ. بەلام..هیچ نەبێت..ئامانج و مەسەلەیەکیان هەیە، کە بۆی بژین ـ بام ئامانجەکەش ئەوەندە تایبەت و پیرۆز نەبێت..ئەوەیان ڕاستییەکە و نکۆڵی لێناکرێت. بەس زۆربەشیان ئاگری شۆڕشێك لەدڵیدا دەسووتێت کە دەتوانیت بڵێیت لە هی هەموومان بە بڵێسەترە. بۆ نمونە: ‘‘وێبستەر". مەگەر بەحاڵ منی خۆش بوێت.
(هەر بۆ مەبەستی قسەکردن: دەدوێت..نیوە بەنیوەش ئاگای لە قسەکانیەتیو گوێی بۆ گرتووە).
دەتوانم بڵێم، کە ئەو گومانی لە من هەیە: لەبەرئەوەی نە ڕازیم وەکو گاڵتەجارێك حسێبی بۆ بکەم و نە وەك پاڵەوانێکی تراژیدی. وێبستەر وەك ئەو پیاوەیە کە مۆرێکی تایبەتی پێوە بێت ـ بەردەوامیش بە تۆی پیشان بدات چونکە باوەڕ ناکات، کە تۆ نە کەیفت پێیدێت و نە لێشی دەترسیت.

(بەدەم خەیاڵێکی قووڵەوە جانتا چکۆلانەکەی ئالیسن ڕادەکێشێت و دەیپشکنێت).
هەر دەڵێیت من بڕیارم لەسەر ئەوە داوە کە بە چ شێوەیەك گۆشتی بخرێتە سەر خوان و ببێت بە پێخۆر..منیش مۆرێکی <نیشانە> تایبەتی خۆم پێوەیە ـ بەلام ئەوەندەی کە مەسەلەکە پەیوەندی بە

‘‘دەستەی مایکل ئەنجیلۆ"وە هەبێت“ ئەوە دەبێت من مونحەریفێکی ڕاستڕەو بم..ئەگەر شۆڕشیش هەڵگیرسا..ئەوسا من یەکەم کەس دەبم کە بەدیوارێکەوە هەڵمدەواسن و لەگەڵ هەموو لیبرالییە کلۆڵەکاندا دامدەکوتن.

کلیف:(دەست بۆ جانتاکەی ئالیسن درێژ دەکات.) ئەی تۆ نەتوت ئەو جانتایە موڵکی تایبەتی خۆیەتی؟

جیمی:زۆر ڕاستە. بەڵام تۆ شتێك هەیە دەیزانیت؟ شەو و ڕۆژ بەسەربردن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا زۆر بەگومان و ڕاڕاوە دڕندەی کردووم. تەنها ڕێگەیەك بۆ ئەوەی بزانم لێرە چی ڕوو دەدات ئەوەیە: دەبێت لەکاتێکدا دیقەتیان بدەم و لە قافدا بیانگرم، کە ئەوان تەواو ئاگایان لە من نییە و نازانن من خۆم بۆ مەڵاس داون. کە ژنەکەم دەچێتە دەرەوە: من لەم ماڵە هەموو شتەکان بەسەردەکەمەوە..کانتۆری جل..سندوقەکان..چەکمەجەکان..کتێبخانەکەمان. هەموو شتێك ..بۆ؟ تا بزانم ئاخۆ لە قوژبنێکدا هیچ هەیە پەیوەندی بە منەوە هەبێت..یان پلارێك، نیشانەیەك من بگرێتەوە. دەمەوێت بزانم ئاخۆ خیانەتم لێکراوە یان نا.

کلیف:تۆ بەدوای گێچەڵێکدا دەگەڕێیت..وانییە؟

جیمی:چونکە لەوە دڵنیام گێچەڵ هەیە و دەیدۆزمەوە.
(نامەیەك لە جانتاکەی ‘‘ئالیسن" دەردێنێت).

سەیرێکی ئەمەیان بکە! ئۆ هۆ..من چەند کەرم. ئەمەیان هەموو ڕۆژێك هەر پێنج دەقیقەی جارێك دووبارە دەبێتەوە. گەلێك نامەی بۆ دێت. (نامەکە بەرز دەکاتەوە.) کۆمەڵێك نامە لە دایکییەوە..ئەو نامانەی هەرگیز ناوی منی تیا ناهێنن..چونکە ناوی منی پیێ گڵاوە. جا ژنەکەم چی بکات باشە؟
(ئالیسن وەژوور دەکەوێت. جیمی ئاوڕی لێدەداتەوە.)
ئەویش بە نامەی دووروردرێژ وەڵامی دایکی دەداتەوە..قەتیش ناوی من ناهێنێت چونکە هەمدیس بەلای ئەویشەوە من شتێکی پیسم.
(نامەکە فڕیێ دەداتە بەر پێی ئالیسن).
ها..هاوڕێکەت چی دەویست؟

ئالیسن:ئێستە لە ویستگەیە. ئەوا ــ بەرەو ئێرە دێت.

جیمی:من دەزانم. ئەو وتوویەتی ‘‘ئەرێ دەتوانم بێم بۆ لاتان؟" تۆش وتووتە: جیمی مێردم ــ بشمبورە گەر ناوی ئەو کابرا پیسەم هێنا ــ خۆشحاڵ دەبێت گەر چاوی پێت بکەوێت. ڕەنگە دەموچاویشت تێکبشکێنێت!

(بەپێوە دەوەستێت و ناتوانێت بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵ بێت..بەمێزەکەوە خۆی ڕاگیردەکات).

ئالیسن:(بەهێمنی) ئەم هەفتەیە لەگەڵ تیپە شانۆگەرییەکەی خۆیاندا لە ‘‘هیپۆدرۆم" دەور دەبینێت. ژووری بەکرێی دەست نەکەوتووە. هیچ شوێنێکیش شك نابات تیایدا بسرەوێت.

جیمی:لەمەیاندا باوەڕی پێناکەم!

ئالیسن:جا لەبەرئەوە من وتم دەتوانێت لێرە بێت تا شوێنێکی دەست دەکەوێت. خاتوو ‘‘درووری"یش لە خوارەوە ژوورێکی چۆڵی هەیە.

جیمی:جا لەبەرچی نەیەتە ئێرە؟ پێتوتووە بە چەك و چەکبارەوە بێت؟ چونکە لێرە پێویستی پێ دەبێت!

ئالیسن:(بەتوند و تیژییەوە) ئۆو ..وەیش..تۆ بۆ دەم داناخەیت..تکات لێدەکەم!

جیمی:ئۆه..ژنە ئازیزەکەم..تۆ هێشتا زۆرت ماوە فێری شت بیت. ئاواتەخوازم ڕۆژێکیان تێبگەیت و فێر بیت. خۆزگە شتێك ــ شتێکت لێ دەقەوما و..لەو خەوە خۆشە وەئاگا دەهاتیت!
(لێی نزیکدەبێتەوە).
گەر بکرایە و تۆ منداڵێکت ببوایە..ئەو منداڵەش بمردایە. بەخێوی بکەی تا گەورە دەبێت..تا دەموچاوێکی ئادەمیانە لەو پارچە لاستیکە و لەو چرچ و لۆچە دەخولقێت..دەموچاوێك لەوانی تر نەچێت. (ئالیسن پاشەوپاش لە جیمی دەکشێتەوە.) خۆزیا ئەوسا سەیرم دەکردیت کە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبوویتەوە. من دەپرسم ئاخۆ ئەوساش دەگۆڕییت..دەبیت بە مرۆڤێکی دیکە..جیا. بەڵام من گومانم هەیەو باوەڕ ناکەم.

(ئالیسن، گێژ و سەرسام، لە جیمی دووردەکەوێتەوە..لەخوارەوە و بەدەستەچەپدا خۆی بەسەر زۆپای گازەکەدا لار دەکاتەوە. جیمی بەحاڵ خۆی بۆ دەگیرێت..بێدەستەڵات و نیگەرانە).
دەزانی من هەرگیز ئەو لەززەتە گەورەیەی بەیەکەوە نووستن و دەستلەملانێم نەچەشتووە ئەگەر خۆم ئارەزووم لێ نەبووبێت. ئۆه..مەسەلە ئەوە نییە، کە ئەم ئافرەتە بێ زەوق و هەوەس بێت. بگرە زەوق و هەوەسی ڕەشەمارێکی گەورۆنەی هەیە. هەموو جارێك بە یەك قەپ قووتم دەدات..هەروەك بڵێیت من

کەرویشکێکی زۆر قەڵەو و خرپن بم. من ئەوەم. دوومەڵێکم لەسەر ناوکی ــ گەر حەز دەکەی بزانی ئەو گرێیە چییە ــ منم. من هۆ لەویٚ بەزیندوویی چاوان نێژراوم..خەریکە شێت دەبم..من ئەو کۆرپەیەم کە بەو پەتە نەرمەی ناوکەوە خنکاوم. ئەم ئافرەتە نە دەنگی لێوە دێت و نە دەجووڵێت ــ تۆزە ڕەپەڕەپێکیشی نییە. بڕوا دەکەیت ئەم هەراو هوریا بێسەروبەرە دەتوانێت ئەم ورگ زل و تێروپڕانە بێنێتە جوڵەجوڵ و هەژان ــ بەڵام قەت ناتوانێت ئەم ژنەی من بهەژێنێت..مەحاڵە.

(بەرەو لای دەرگاکەی سەرەوە ملدەنێت).

ئەم ژنەی من لەسەر جێی نووستنیٚ: خوا خوایەتی تەڕاییم تیدا نەهێڵێت!

(جیمی لەسەر شانۆ نامێنێت و دەڕواتە دەریٚ).

(ئالیسن سەری بەدواوەدا دەخات وەك بڵێیت نیازی قسەی هەبێت. کەچی دەمی داپچڕییەوە و دەلەرزێت.ئا لەو کاتەشدا کلیف تێی ڕاماوە).

(پەردە دادەکشێت)

کۆتایی پەردەی یەکەم

پەردەی دووەم

دیمەنی یەکەم

دوای دوو هەفتە. ئێوارەیە.

ئالیسن لەسەرووی زۆپاکەوە وەستاوە..لە کتلییەکەوە ئاو دەکاتە قۆرییەکی گەورەوە. تەنها ژێرکراسەکەی لەبەردایە و هەردوو پێیەکانیشی ڕووتن. لەو ژوورەی تەنیشت هۆڵەکەدا ''جیمی" زۆر بەتوندی و بەپچڕپچڕییەوە خەریکی کەڕەنا (جاز) لێدانە. ئالیسن قۆرییەکە بۆ سەر مێزی ناوەڕاست دەبات، کە بۆ چوار کەس ئامادەکراوە. ڕۆژنامەیەکی زۆری یەکشەممە لەچواردەوری هەردوو کورسیەکە کەوتوون. پاش نیوەڕۆیەکی زۆر درەنگە..کۆتایی ڕۆژێکی گەرمیشە. ئالیسن نێوچەوانی دەسڕێتەوە. بەدەستەڕاستدا و ڕووەو مێزی توالێتەکە هەنگاو دەنێت..لە یەکێك لە چەکمەجەکاندا جووتێك گۆرەوی دەردێنێت..لەتەنیشتەوە و لەسەر کورسییەکی گچکە دادەنیشێت تا گۆرەوییەکان لە پیٚ بکات. ئا لەو ساتەدا دەرگا دەکرێتەوە ''هێلینا" دێتەژووریٚ. هاوتەمەنی ئالیسن–ە..نە کورتە و نە کەڵەگەتیشە..پۆشتە و پەرداخە..تاو نا تاوێك کە لە خۆی بێئاگا دەبێت ئەو هۆش و مەندییەی سەر

ڕووخساری دەدۆڕێنێت و کەمتر دەبێتەوە..بۆیە زۆر دڵگیرو جوانتر دەبێت. هەستی زاڵی دایکانەشی وا لە زۆربەی پیاوان دەکات ئارەزووی بکەن..نەك تەنها بۆ ئەو مەرامەی شادی بکەن و بەس..بەڵکو حەز دەکەن کاری تێبکەن و هەستێکی لا بەجێبێڵن..هەروەك بڵێی ئەو ئافرەتە نوێنەرێکی دڵنەرم و دەستبڵاوی یەکێك لە بەگزادە و پادشاکان بێت و لای ئەو پیاوانە مێوان بێت. ئا لەم حالەتەدا..شازادەیەکی وەك هێلینا–ش، کە خۆی سەر بە چینی ناوەڕاستە و لە مافە پیرۆزەکانی زۆر دڵنیایە..لەو باوەڕەدایە کە دەتوانێت کار بکاتە سەر حوکمی ''پەرلەمان" و بڕیارەکانی..دەشتوانێت ڕێ بۆ کۆڕبەستنیان خۆشبکات. ئافرەتانی گەنجی – وەك ئالیسن – یش بەوپەڕی سەرسامی و ڕێزەوە سەیری دەکەن. هەروەها لە هێلینا چاوەڕوان دەکرێت چی سەرشێتی و فەوزا و فەرتەنەی خۆڕسك لە ڕۆحی ''جیمی"دا هەیە وەئاگای بێنێت.
ڕانەهاتووە لەدژی هیچ هەراو هوریایەك بەرگری لە خۆی بکات. بەهەرحاڵ زۆریش هەست بە لێپرسینەوە دەکات..هەر ئەم هەستەش وای لێکردووە بەشێوەیەك ڕەفتار بکات، کە مایەی هێز و ڕێز و سەرسامی بێت، هەرچەندە ئەم خووەش شتێکی کەم دەربارەی ئەو دەردەخات.
قاپێکی گەورەی پڕ زەڵاتەی هەڵگرتووە.

ئالیسن:هەموو شتێکت تەواوە؟

هێلینا:بێگومان. وەك دەیزانیت..من لە هەفتەی ڕابردووەوە زۆربەی ژەمەکانم ئامادە کردوون.

ئالیسن:بەڵێ..کردووتە. شتێکی چاکە یەکێك هەبێت و یارمەتیت بدات. مەبەستم ئافرەتێکی دیکە هەبێت و یارمەتیت بدات.

هێلینا:(بەدەستەچەپدا و بۆ لای خوارەوە ملدەنێت).
منیش خۆم هەروا حەز دەکەم. هەرچەندە باوەڕیش ناکەم ڕابێم. هەر جارێك کەمێك ئاوم گەرەك بێت، دە بێت بچمە خوارەوە و لە حەمامەکە بیهێنم.

ئالیسن:زۆر بێمانایە..وانیە؟

هێلینا:ئەی..وایە.
(کەوتە دابەشکردنی زەڵاتەکە بەسەر ئەو چوار قاپەی کە لە کاونتەرەکەوە هێنابوونی).
ڕاستی..خزمەتکردنی پیاوێك قەیدی ناکات..بەڵام خزمەتی دووان لە وزەی کەسدا نییە.

ئالیسن:ئۆه..کەم تا زۆر کلیف خزمەتی خۆی دەکات. پیاو بۆ خوا بیڵێت..زۆریش یارمەتیم دەدات.

هێلینا:مادام نەمبینیوە..ناتوانم بڵێم وایە.

ئالیسن:ئاخر وابزانم..تۆ جێی ‘‘کلیف"ت بۆ من پڕکردۆتەوە.

هێلینا:وایە.

ئالیسن:تاڕادەیەك زۆر بەئاسانی جێی خۆت کردەوە و ڕاهاتیت.

هێلینا:جا بۆ ڕانایەم؟

ئالیسن:مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تۆ ڕاهاتبیت..وایە؟

هێلینا:باشە تۆ خۆت لێی ڕاهاتوویت؟

ئالیسن:ئاخر ئێستە هەموو شتێك گۆڕاوە ــ تۆ، لێرە، لەگەڵمایت.

هێلینا:بەڕاست؟

ئالیسن:بەڵێ. بەرلەوەی تۆ بێیت من هەر خۆم بووم.

هێلینا:ئێستا من لەگەڵتدام، کەواتە تۆ لەوە پەشیمان نیت، کە ڕێگەت دا بە من لێرە بمێنمەوە؟

ئالیسن:بێگومان..نەو. ئەرێ تۆ بەو پیاوەت وت کە چایەکەی پێگەیشتووە؟

هێلینا:لەدەرگای ژوورەکەی ‘‘کلیف"م دا..زۆریش نەڕاندم. وەڵامی نەدامەوە..بەڵام خۆ دەبێت گوێی لێم بووبێت. من نازانم کلیف لەکوێیە.

ئالیسن:(لەسەر کورسییەکە پاڵ دەداتەوە)
وامزانی بەم خۆشۆرینە کەمێك فێنك دەبمەوە..کەچی دیسان گەرمامە. ئۆف خوایەکە..خۆزگە ئەم کەڕەنا نەگریسەی نەدەما.

هێلینا:وای بۆ دەچم کە ئەوەیان سوودی بۆ من هەبێت.

ئالیسن:من چاك دەزانم ‘‘درووری"خان ئێرەمان پێ چۆڵ دەكات. سوپاس بۆ خوا، كە لە ماڵەوە نییە. گوێی لێ بگرە.

هێلینا:ئەرێ مێردەكەت دەخواتەوە؟

ئالیسن:دەخواتەوە؟ (تۆزێك ترسی لێدەنیشێت.) نەخێر ئارەقخۆر نییە..ئەگەر مەبەستت ئەوەیە. (هەردووكیان تۆزێك بێدەنگ دەبن و گوێ لە بووقەكە دەگرن).

ڕەنگە هەر ئێستا هەموو خەڵكی سەرشەقامەكە بێن و لە دەرگاكەمان بدەن.
هێلینا (ڕادەمێنێت) هەر دەڵێیت نیازی وایە كەسێك بەم داخەوە بكوژێت.. بەتایبەتیش من. من هەرگیز ڕق و كینەی وام لە چاوی هیچ كەسێكدا نەدیوە. تا ڕادەیەك لێی دەترسێم. (ڕووەو كاونتەری خواردنەكە هەنگاو دەنێت تا هەندێك تەماتە و چەوەندەر و ئاروو دەربهێنێت).
زۆر پیس میزاجم تێكدەدات.

(ئالیسن ڕوو بەڕووی ئاوێنەكە دەبێتەوە و قژی دادەهێنێت.)

ئالیسن:كاتی خۆی كە قوتابی بووە تیپێكی جازی سەربەخۆی هەبووە. بەرلەوەی من بیناسم. وا بزانم حەزیش دەكات دووبارە تێهەڵبچێتەوە و دوكانەكەشی بەجێبێڵێت.

هێلینا:ئەرێ پرسیارێك..كلیف كەوتووەتە داوی تۆ؟

ئالیسن:(بۆ ساتێك واز لە قژداهێنان دێنێت)نەخێر من لەو باوەڕەدا نیم.

هێلینا:ئەی تۆ خۆت؟ لەوە دەچێت پرسیارێكی سەیرم لێكردبێت. حەزدەكەم شتەكان چۆنن هەروەك خۆیان بیخەمە بەرچاوم..لەگەڵمدا یەك دڵ و یەك ڕوو بە. من دەمەوێت یارمە رتیتان بدەم و بەس. سەرباری ئەوەش..پەیوەندی نێوانتان تۆزێك سەیرە ـ بەلایەنی كەمەوە..خەڵكێكی زۆریش هەروا حسێبتان بۆ دەكات.

ئالیسن:مەبەستت ئەوە یە كە ئێمەت لە باوەشی یەكتریدا بینیوە؟

هێلینا:ئێ..ئەوەندەی بۆتان لوا بێت..لەوە ناچێت ئیتر بۆتان بلوێت.من ڕاست دەڵێم. دەشێت کلیف بوونی من لێرە بە کۆسپێك تێبگات ـ هەتا ئەگەر ‘‘جیمی"یش لەگۆڕێ نەبێت.

ئالیسن:من و ئەو هۆگری یەکترین و هیچی تر. لەوە زیاتر نییە.

هێلینا: ڕۆحەکەم. ڕاستیت دەوێت مەسەلەکە وا سووك و ئاسایی نییە.

ئالیسن:نیازت وایە کە دەبێت بە یەکەوەش خەوتبین؟ ڕەنگە ئەوەشمان بەیەکەوە کردبێت..بەڵام من و ئەو قەت بەو نیاز و نەوسەوە نەبووین، کە یەکدی هەڵبلووشین. بوونمان بەیەکەوە خۆشی و ئاسوودەیی بووە. ڕاکشان و حەسانەوەیەك.. بەس.. هەروەك گەرمبوونەوەیەك لەنێو نوێندا. مرۆڤ زۆر حەساوەترە لەوەی بۆ خۆشی و لەزەتێکی کەم خۆی سەغڵەت بکات.

هێلینا:زۆر زەحمەتە کەسێکی وەك کلیف: زەمتە و زەغەڵ بدۆزیتەوە !

ئالیسن:وابزانم ئێمە هەردووکمان واین.

هێلینا:ئەی ‘‘جیمی" ڕای چۆنە؟ پاشان..خۆ ئەو مێردی تۆیە گەرەکتە بڵێیت ‘‘جیمی" لەدڵەوە ئەم حاڵەی پێ خۆشە؟

ئالیسن:لێکدانەوەی وا ئاسان نییە. مەسەلەکە لای ئەو وەك خۆی ناوی ناوە وەفا و مروەتە و چاوەڕوانیشە کە تۆش هەر وا بەساکاری و هەستیارانە سەیری دەوروبەر بکەیت. نەك هەر تەنها خۆی و بەس..بەڵکو هەموو ئەو شتانەی باوەڕی پێیانە..بگرە دەبێت هەرواش سەیری ئێستا و داهاتووی بکەیت.. هەروەها ڕابردووەکەشی. هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو خۆشی دەوێن و پێیان سەراسیمەیە، ئەو کەسانەش، کە کاتی خۆی خۆشی ویستوون. ئەو برادەرانەی ناسیبوونی..خەڵکی وا کە من هەرگیز نەمناسیون ـ لەوانەشە بمناسینایە و حەزم بە چارەیان نەکردایە. باوکی..کە چەند ساڵێکە مردووە. هەتا ئەو ژنانەی، کە حەزی لێ کردوون. تێدەگەیت؟

هێلینا:خۆت تێدەگەیت؟

ئالیسن:هەوڵمداوە. بەڵام هێشتا ناتوانم خۆم بخەمە قاڵبی ئەو..ناشتوانم وەکو ئەو بیربکەمەوە. تا ڕادەیەکیش هەست ناکەم ئەو  ڕاست بێت.

هێلینا:ئێ..بەهەرحاڵ..ئەوەشیان شتێکە.

ئالیسن:ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ ''کلیف"دا خۆش و ئاسان بێت..ئەوە هۆی ئەوەیە کە خۆی ڕۆح شیرین و دڵنەرم و بەسۆزە. لەدڵەوە بەرەبەرە هۆگری بووم. بەڵام ئەوەشیان هەر بەخت و ڕێکەوت بوو..من بۆیە لەگەڵ ''کلیف"دا ڕێکم چونکە خۆی مرۆڤێکی بێغەوش و پاکە. بەڵام لەگەڵ ''هیو"دا مەسەلەکە وا نەکەوتەوە.

هێلینا:هیو؟

ئالیسن:هیو تانەر. ئەو و جیمی هەر لە منداڵییەوە هاوڕێ بوون. ''تانەر" خانمیش دایکییەتی.

هێلینا:ئۆو..بەڵێ – ئەو ژنەی فێری پاقلاوە و حەلوا فرۆشتنی کرد.

ئالیسن:دەمخۆش. چاکە..دوای ئەوەی من و جیمی بووینە ژن و مێرد..هیچ پارەیەکمان شك نەدەبرد – نزیکەی هەشت پاوەند..ڕاستی دە پاوەندمان هەبوو – بێ ماڵ و حاڵ بووین. بگرە ''جیمی" هیچ ئیش و کارێکی بەدەستەوە نەبوو. هەمووی ساڵێك بوو وازی لە زانکۆ هێنابوو. (زەردەخەنەیەك دەیگرێت.) نا – بەجێیهێشتبوو. باوەڕ ناکەم کەس بەو زانکۆیە کەم و زیادی کردبێت. بە قسەی ئەو خشتەکە سوور نییە*.. بەڵکو سپییە.
بەهەرحاڵ..چووین لەگەڵ ماڵی ''هیو" لە ''پۆپلەر"دا دانیشتین.خانووەکەشیان کەوتبووە سەر عەمبارێك.

هێلینا:وایە. من مۆری پۆستەخانەی ئەو شوێنەم بەسەر نامەکانتەوە بینیوە..دێتەوە یادم.

ئالیسن:ئێ..ئەوە بوو من شەوی بووکینی خۆم لەو ماڵە بینییەوە. من و ''هیو" ش لە چاوپێکەوتنی یەکەمەوە ڕقمان لە یەکدی بۆوە..جیمی بەوەی زانی. گەلێك کەیفی بە هەردووکمان دەهات و شانازی پێوە دەکردین. زۆر بەتەنگەوە بوو لەیەکدی ڕابیێن و نزیك بکەوینەوە. هەروەك منداڵێك وا بوو حەز بکات بووکەشووشەکانی خۆی پیشانی خەڵك بدات. زەماوەندەکەشمان بەزمێکی وای بۆ ساز نەکرا..هەرسێکمان خەراپ خوومان دابووە ئەو ڤاینە پورتوگالییە هەرزانەی دەیانهێنایەوە. تا دەهات ''هیو" خووی شڕتر دەبوو – لەم بوارەدا بلیمەت و بێهاوتا بوو. ''جیمی"یش خەم سەری لێدابوو..منیش هەر ئەوە بوو دادەنیشتم و گوێم لە قسەکانیان دەگرت..هەستمدەکرد گێل و دەبەنگم. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لەو کەسانە دابڕام کە دەمناسین.لە ماڵی باوکم..لە برادەرەکانم..لە هەموو کەسێك دابڕام. بەدەستی خۆم ئاگرم لە خۆم بەردا. چەندەها هەفتە لەسەر ''جیمی" لەگەڵ دایك و باوکم بەشەڕ دەهاتم..ئیتر ڕووم نەدەهات بچمەوە لایان..دەمزانی لەبەرچاویان سووك و چروکم. لەیادمە..ئەوەیان بەر لە ''هەڵبژاردنە گشتییەکە"

بوو..ئەوسا ‘‘نایجیل"ی برام هیلاکی ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە نێو ‘‘پەرلەمان".. ئاگای لە کەس نەمابوو..ئەوانە نەبێت کە بەتەمای هەڵبژاردنی بوون. ئۆھ..دەشزانم، کە دڵسۆز و ڕۆح شیرین بوو.

هێلینا:(ڕووەو ناوەڕاستی شانۆکە دەچێت) ڕۆحەکەم..بۆ نەهاتیتە لام؟

ئالیسن:وابزانم تۆ دوور بوویت و خەریکی شانۆگەرییەك بوویت.

هێلینا:وابوو.

ئالیسن:ئەو چەند مانگە کەمەی دوایی، کە لە خانووەکەی ‘‘هیو"دا و لە ‘‘پۆپلەر"دا بەسەرمان برد هەر دەتوت مۆتەکەیە و سواری سەر سینەم بووە. وا بزانم دەبوو من نەرم و نیان بم و ڕێز و سەنگی خۆم ڕابگرم..بەڵام دەتوت فڕێیان داومەتە نێو جەنگەڵێك. لەو باوەڕەشدا نەبووم ئەو دوو پیاوە ڕۆشنبیرە ئەوەندە دڕ و کێوی بن ــ ئەوەندەش کەللەڕەق بن. دایکم هەردەم دەیوت: جیمی دڵڕەقە و بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە..بەڵام هێشتا ‘‘هیو"ی نەدیبوو. لەنێو بێبەزەییەکاندا جیمی خۆی پاداشتی یەکەمی دەبردەوە. هەردووکیان بەیەکەوە زۆر ترسناك بوون. هەردووکیان منیان بەبارمتە و بەدیلگیراوی چین و کۆمەڵێك دادەنا، کە بانگەوازی شەڕیان لەگەڵدا دەرکردبێت.

هێلینا:ئەو هەموو وەختە ئێوە چۆن بەیەکەوە ژیاون؟

ئالیسن:من لەو بەشە کەمەی کە بۆم مابۆوە تۆزێکم بەرکەوت، بەڵام ئەوەشیان هەر بەحاڵ بەشی کردین. کە دایکم زانی بەڕاستی نیازم وایە شوو بە ‘‘جیمی" بکەم ، لەسەر متمانە وای لێکردم هەموو شتێك بخەمە سەر ناوی ئەو و بەوی بسپێرم.

هێلینا:وابزانم چاکی کردووە.

ئالیسن:هەر زوو ڕێگەیەکیان دۆزییەوە..کەوتنە هێرشی زۆڵ و زیرەکانە و لەڕێگەی منەوە دەچوونە ماڵی خەڵکی و خۆیان دەعوەت دەکرد..کەسیان نەدەبوارد: نە لە برادەرەکانی ‘‘نایجیل"ی برام و نە ئەوەکانی من..نە هی باوکم..ئۆھ..کچێ هەموو کەس: ماڵی ئاکرزدێن،ماڵی تارناتز، وەینز..

هێلینا:نا ماڵی وەینز نا؟

ئالیسن:ماڵی هەموو ئەوانەی من لە ژیانمدا ناسیومن. دەشێت دۆستەکانی تۆ لەو کەم کەسانە بووبن، کە نەهاتوونەتەوە یادمان. وایاندەزانی دەچنە سەر ماڵی دوژمن..هەروەك ئێستا دەیڵێمەوە: وەك بارمتە و بە دیل گیراوێك سەیری منیان دەکرد. سەرکردایەتیمان لە ''پۆپلەر" بوو: لەوێوە کەوتینە هێرش و شاڵاوبردن..بەردەوام بووین لەسەر بوردوومانکردنی دوژمن..لە ڕۆژئاوا: ژمارەیەك، ڕۆژئاوای باشوور: یەك.. ڕۆژئاوای باشوور: سێ.. ڕۆژئاوا: ژمارە هەشت*.. لە هەموو لایەکەوە هێرشمان برد. بەناوی منەوە سەرمان دەکرد بە هەموو کونێکدا..بێئەوەی کەس بانگی کردبێن ـ لە ئاهەنگی کۆکتێلەوە بیگرە تا ئاهەنگی کۆتایی هەفتە و تەنانەت ئەگەر ژن و مێردێك لە ماڵەکەی خۆیاندا ئاهەنگێکیان ساز بکردایە: ئێمەش خۆمان تێدەکوتا..خۆزگەم دەخواست یەکێك لەوانە غیرەت بیگرێت و دەرگامان لە ڕوو دابخات..بەڵام کەسێکیان زاتی ئەوەی نەدەکرد. خودا هەڵناگرێت بەئەدەب بوون..لەوانەشە سکیان بە من سووتابێت. جیمی و هیو زیاتر پێیان لێهەڵبڕی و کەوتنە گاڵتەپێکردنیان. جا لەبەرئەوە لەسەر دزی و تاڵانی بەردەوام بووین. زۆر چڵێسانە دەیانخواردەوە و هەموو شتێکیان دەماشییەوە..هەروەك سەرسەری و شەلاتییەکان جگەرەیان بە جگەرە دادەگیرساند. ئۆو هۆ..زۆر زەوقیان بەو بەزمە دەهات.

هێلینا:ئاشکرایە.

ئالیسن: هیو وەك تاڵانکەرێکی تەتەری ڕەفتاری دەکرد. هەندێکجار وای بۆ دەچووم کە بەڕاستی دەوری تەتەرێك ببینێت ـ خۆت دەزانیت: وەك لەبەرکردنی فەروو.. کڵاوێکی ئاسن: پەڕ و گوڵەگەنم و قەرسیلی تێبئاخنیت..شیر و تیر. جارێکیان ''پێنج پاوەندی" لە "وەینی" پیرەمێرد وەرگرت. بێگومان هەڕەشەی لێکرد. خەڵکی بۆ ئەوەی لەدەست ئێمەمانان ڕزگاریان بێت.. ئامادەبوون لەسەر هەموو شتێك مۆر بکەن. بەو پیرەمێردەی وتبوو: ئێمە لە خانووەکەمان دەردەکرێین چونکە کرێیەکمان بۆ نەدراوە. ڕاستیشی دەکرد.

هێلینا:تێتناگەم. تۆ دەبێت شێت بووبیت.

ئالیسن:تەنانەت لەوەش پتر: من تۆقی بووم.

هێلینا:بەڵام با بەردەوام بوونایە..لەسەر دەقی خۆیان ڕاهاتبوون.. وازت بهێنایە. من وای بۆ دەچم تۆ لە زیو دزین ڕێگەت لێ گرتبن؟

ئالیسن:ئۆهـ... ئەوانە وەکو غۆریلا باش دەیانزانی چۆن شەڕی خۆیان دەکەن. جارێکیان ''هیو" لە ماڵی ''ئارکزدین" ویستی کچێکی جحێڵ و ساوێلکە هەڵبخەڵەتێنێت و فریوی بدات و بیفڕێنێت.. بەڵام تەنها ئەو جارەیان بەڕاستی و بێ کەموزیاد دەرکراین.

هێلینا:ئەو مەسەلەیە عەقڵ نایبڕێت. لەنێو ئەو هەموو بەزمەدا من لە دەوری تۆ تێناگەم. بۆچی؟ من لەوەیان تێناگەم. تۆ لەبەرچی..

ئالیسن:لەبەرچی شووم پێکردووە؟ هەر تەنها ئەم پرسیارە شەش وەڵامی جیاوازی هەیە. دوای ئەوەی بە خاووخێزانەوە لە هیندستان گەڕاینەوە.. نازانم.. بەڵام لەوە دەچوو هەموو شتێك لەق و لۆق بووبێت و شیرازەی پچڕا بێت؟ بەهەرحاڵ..باوکیشم تەنیا و دوورەپەرێز دەوەستا..تا ڕادەیەکیش تورە و تۆسن بوو. دایکشم ــ ئێ خۆت دایکم دەناسیت. ئەوەندە گوێم نەدەدایە..وەك جیمی دەیوت: نەمدەزانی لەو کەوتوومەتەوە. زۆر جوان دێتەوە یادم: لە ئاهەنگێکدا "جیمی"م ناسی. دەورووبەری بیست ویەك ساڵ بووم. لەوە دەچوو پیاوەکان متمانەی پێنەکەن..ئافرەتەکانیش تێکڕا دەیانویست قێز لەو مرۆڤە سەیر و شازە بکەنەوە..بەڵام نەیاندەزانی چۆن. پاشان وەك خۆی پێیوتم: بەسواری پاسکیل هاتبووە ئاهەنگەکە..سەرتاپای چاکەتەکەشی ڕۆن و چەوری بوو. ڕۆژێکی خۆش بوو ، ئەویش خۆی دابووە بەر تیشکی خۆر. دەتوت هەموو شتێك لە دەورووبەری جیمی و لە خۆیدا: داگیرساوە..دەموچاوی..کاکۆڵ و قژی بە بریسکی..پرشنگی دەباراند. چاوە شینەکانی پڕبوون لە هەتاو. ئەگەرچی چرچ و لۆچی ماندوێتی بەدەم و لێویەوە دیاربوو..بەڵام تابلێی گەنج و ناسك دەهاتە بەرچاو. ئەگەرچی ئەوساش دەمزانی ئەو بارەی من هەڵیدەگرم لەوە قورسترە کە بیتوانم..بەڵام چارێکی دیکەم نەبوو. ئێ..ماڵی ئێمەش کەوتنە دادو بێدادی..تورەبوون و حەپەسان..لەئەنجامدا سەری گرت. ئەگەر منی خۆشویستبێت یان نا..مەسەلەکە وای لێهات. جیمی بڕیاری خۆی دابوو کە بمخوازێت. دایك و باوکیشم هەموو هەوڵێکیان دابوو ئەم کارە سەرنەگرێت.

هێلینا:بەڵێ..ئاخر کارەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر نەبووە. بەڵام خۆ دەبینیت مەبەستیان چی بووە.

ئالیسن:جیمی بە گوڕم و گوڕێکەوە بۆ ئەو شەڕە هاتبوو..زۆر سووك و بەهەر چوار لا تەورەکەی بادەدا.لە هەموو ژیانمدا شتی وام نەدیبوو. چیرۆکی کۆنی سەردەمی سوارچاکی و شیروتیری بریقەداری زیندوو کردبۆوە..تەنها ئەوە نەبێت، چەك و تفاقی جیمی ئەوەندە بەباق و بریق نەبوون.

هێلینا:ئەی ‘‘هیو" چی بەسەرهات؟

ئالیسن:تا دەهات پەیوەندی نێوانمان خراپتر دەبوو. خۆی و جیمی بەجووتە دەچوونە کۆبوونەوە سیاسییەکانی ‘‘نایجیل"ی برام. هەردووکیان لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆیاندا، کە خەڵکی ‘‘پۆپلەر" بوون دەچوونە ئەو کۆبوونەوانە تا لێی تێکبدەن.

هێلینا:ئەو پیاوە بەڕاستی دڕندەیە..وانییە؟

ئالیسن:بەهەرحاڵ... وابزانم ‘‘هیو" خەریکی نووسینی ڕۆمانێك بوو یان شتێکی لەو جۆرە، هاتبووە سەر ئەو ڕایەی کە دەبێت ئەم وڵاتەی خۆمان جێبێڵێت ـ بەرەو ‘‘چین" بێت یان هەر وڵاتێکی بنی دونیا بێت. بەهەرحاڵ..دەیوت ئینگلتەرا بۆ ئێمەمانان هیوای تیا نەماوە..هەموو کۆنە دز و جەردەکان گەڕاونەتەوە وڵات ـ عەلەوجەلەو ڕێگرەکانی بەرەبابی ئالیسن خان..ئا بەم چەشنە ناوی دەبردین. تەنها هیوای بە هەڵاتن هەبوو..بەڵکو لە شوێنێکی دیکە خۆی بدۆزێتەوە. دەیویست ئێمەش بڕۆین..بەڵام جیمی ڕازی نەبوو. لەسەر ئەوە دەبووە هەرا و شەڕ و فەرتەنەیەکی زۆر ناخۆش. جیمی سەرزەنشتی ‘‘هیو"ی دەکرد، کەوا هەرەسی هێناوە و بەتەواوی ورەی بەرداوە.. لەو بڕوایەدا بوو کە زۆر هەڵەیە گەر ‘‘هیو" بۆ یەکجاری بڕوات و دایکی بە بێکەسی جێبهێڵێت. تەواو لێی پەست و بێزار بوو. چەندەها ڕۆژ لەسەر ئەو بەزمە دەبوو بە شەڕیان. وای لێهات ئاواتەخواز بووم هەردووکیان بڕۆن و بەجێمبێڵن. بەهەرحاڵ..تێکگیران و جیابوونەوە. دوای چەند مانگێك هاتینە ئێرە..‘‘هیو"ش لێیدا و ڕۆیشت تا داهاتوویەکی بەختەوەر بۆ خۆی مسۆگەر بکات. هەندێکجار..وا هەست دەکەم دایکی ‘‘هیو" هەموو گوناهەکە بخاتە ئەستۆی من. هەروەها ‘‘جیمی"یش..بەجۆرێك: ئەگەرچی تا ئێستاش نەیداوەتە ڕووم. بەڵام، کە سەیرم دەکات هەست دەکەم لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

ئەگەر تۆ نەبوویتایە.. هەموو شتێکمان لە شوێنی خۆیدا دەبوو. هەموومان بەختەوەر دەژیاین." وا نییە من ڕقم لێیبێتەوە ـ نەخێر. ڕاستیت دەوێت..تابلێیت ژنێکی ڕۆحسووکە. ڕەنگە ‘‘جیمی" بیپەرستێت..چونکە بەدرێژایی ژیانی کلۆڵ و هەژار بووە..بێگومان نەخوێندەواریشە..دەزانم ئەم مەسەلەیە سووك دێتە بەرچاو..بەڵام ڕاستییەکەی وابوو.

هێلینا:گوێم لێبگرە..ئالیسن. کاتی ئەوە هاتووە بڕیار بدەیت لەمەودوا چی دەکەیت. ئەوا خەریکە منداڵت دەبێت. بارێکی تازەت دەکەوێتە سەرشان. جاران جیا بوو ـ ئەوسا هەر خۆت لە مەترسیدا بوویت. بەڵام چیتر ناتوانیت بەم شێوەیە بژیت. (ڕوو لە ئالیسن دەکات).

ئالیسن:من زۆر ماندووم. کە دێتە ژوورەکە لێی دەترسم.

هێلێنا:بۆ پێت نەوتووە کە منالێت دەبێت؟

ئالیسن:نازانم. (کتوپڕ پێش خەیاڵ و لێکدانەوەی هێلینا دەکەوێت.) ئۆه..بێگومان منداڵی خۆیەتی..دوودڵی ناوێت. وەك خۆت دەزانیت..(زەردەخەنەیەك دەیگرێت.) من لەو زیاتر لەگەڵ کەسی تر نەبووم..هەرگیز.

هێلینا:بە قوربان..گوێبگرە ـ تۆ دەبێت پێی بڵێیت. یا ئەوەتا دەبێت فێر ببیت وەك خەڵکی دیکە هەڵسوکەوت بکات و ئاگای لێت بێت.

ئالیسن:یا ئەوەتا؟

هێلینا:یا ئەوەتا دەبێت ئەم شێتخانەیە جێبهێڵێت.
(دەنگی بوقەکەی بەرزدەبێتەوە).
ئێرە بۆتە دڕندەخانە. ئەم کابرایە نە مانای خۆشەویستی دەزانێت..نە مانای هیچ شتێك لەم دونیایەدا.

ئالیسن:(بەدەستەڕاستدا پەنجە بۆ سەر سندووقی چەکمەجەکان درێژدەکات).
ئەم ورچە دەبینیت.. لەگەڵ ئەو سمۆرەیە؟ من سمۆرەم و ئەویش ورچەکەیە.

هێلینا:مەبەستت چییە؟

ئالیسن:گەمەیەکە بەیەکەوە دەیکەین: گەمەی ورچ و سمۆرەکان، سمۆرە و ورچەکان.
(هێلینا کەمێك دەشلەژێت).
بەڵێ.. ئەوەیان ئەوپەڕی شێتییە.. دەزانم. تەواو شێتییە (هەردوو گیانلەبەرەکە هەڵدەگرێت) ئەمەیان جیمی–یە، ئەوەشیان منم.

هێلینا:نەمزانیوە ئەویش وەك هەموو شتەکانی دیکە تۆزێك تێکچووە.

ئالیسن:ئۆهـ... جیمی تێکنەچووە و لەسەر خۆیەتی. تەنها ئەم گەمەیەمان بەدەستەوە دەمێنێت. یا بۆمان ماوەتەوە. بگرە ئێستا ئەم ورچ و سمۆرەیەش وەك جاران نەماون و ڕەنگە ئەوانیش بچنە ڕێی خۆیان.

هێلینا:لەوەتەی من هاتووم؟

ئالیسن:لەسەرەتادا.. بۆ چەند مانگێك دەستمان بەم گەمەیە کرد..ئەوسا کە هەردووکمان بەتەنیا بووین ـ دوای ئەوەی "هیو" چووە دەرەوەی وڵات. گەمەکەی ئێمە تاکە ڕێگەیەك بوو بۆ ڕاکردن لە هەموو شتێك ـ تاکە ڕێگەیەك بوو، کە هەر یەکەمان خۆی لەوی دیکە بکات بە ئاژەڵ. دەمانتوانی ببین بە دوو گیانلەبەری تووکن و چکۆلانە..خاوەن مێشکێکی تووکن و پووچ. ئەوسا وەك کەڕو لاڵ خۆشەویستییەکی بێ گرێ و گواڵمان دەگۆڕییەوە. دەبووین بە دوو گیانلەبەری بێباك و حەزمان لە یاری و بەزم دەکرد وەك بڵێیت لە

باخچەیەکی خۆش و دلگیری ئاژەڵدا بین. ئەوەشیان سیمفۆنیایەکی بێمانایە بۆ ئەو کەسانەی چیتر ناتوانن وەك مرۆڤ بەرگەی ئەم ژیانە بگرن. ئێستاش..هەتا گیانلەبەرە قۆڕ و گچکە و بەستەزمانەکانیش مردوون. ئەوسا لە خۆشەویستیدا نقوم بووین..لە عەقڵ و هۆشیارییەوە دوور بووین (سمۆرە و ورچەکە دەخاتەوە شوێنی خۆیان).

هێلینا:(قۆڵی ئالیسن دەگرێت) گوێم لێ بگرە. تۆ دەبێت بەڕووی ئەو پیاوە بجەنگیت. بەڕوویدا بوەستە..یا ئەوەتا لەدەستی ڕاکە. ئەگینا هەر دەتکوژێت.
(کلیف دێتە ژوورێ).

کلیف:ئەوە لێرەی بەقوربان. هەلاو هێلینا. چا_ یەکە ئامادەیە؟

ئالیسن:بەڵێ بەقوربان..تەواو دێم کراوە. ئەگەر دەتوانیت جیمی بانگ بکە.

کلیف:هەر ئێستا. (لەپشت دەرگاکەوە دەنەڕێنێت).
هێی.. دڕندەی ترسناك! ئەم هەراو هوریا خۆێناوییە ببڕێتەوە.. وەرە چا_یەکەت بخۆرەوە.
(بەرەو ناوەندی شانۆکە دەخزێت).
دەچیتە دەرێ؟

هێلینا:(بەدەستەچەپدا مل دەنێت.): بەڵێ.

کلیف:بچینە سینەما؟

هێلینا:نەخێر (وەستانێکی کەم) دەچینە کەنیسە.

کلیف:(تەواو سەرسام دەبێت.) ئۆه! دیارە. هەردووکتان بەیەکەوەن؟

هێلینا:بەڵێ. تۆش دێیت؟

کلیف:باشە..بەڵام من — من هێشتا ڕۆژنامەکانم تەواو نەخوێندۆتەوە.. چا.. چا.. چا! تۆزێك چا بخۆینەوە... ڕێگا هەیە؟
(لەسەر مێزەکە و لە پشتەوەی شانۆکەدا دادەنیشێت، هێلینا چوار قاپی زەلاتە دەخاتە سەر مێزەکە.. ئەویش لە خوارەوە بە دەستەچەپدا دادەنیشێت.. ژەمە خواردنەکە ئامادە دەکەن. ئالیسن لەسەر مێزی تە

والێتەکە  خەریکی ئارایشت کردنی دەموچاوییەتی. لەم ساتەدا جیمی دێتە ژووری. بووقەکە دەخاتە سەر کتێبخانەکە. پاشان بەرەو لای مێزەکە سەردەکەوێت.)
هەلاو ڕۆڵە. وەرە "چا"کەت بخۆرەوە. ئەوە تۆ ئەو بووقە نەفرەتییە فڕێ نادەیت؟

جیمی:تۆ پێت خۆشە. هەر کەسێك جازی ڕەسەنی خۆش نەوێت..هیچ هەست و نەستێکی نابێت، نە بۆ خەڵك نە بۆ مۆسیقاش.
(بەرامبەر مێزەکە و بە دەستەڕاستدا دادەنیشێت.)

هێلینا:قسەی قۆڕە.

جیمی:(ڕوو لە کلیف دەکات.) لەوەیاندا مەبەستی منت بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوەت زانیوە، کە "وێبستەر" خۆی فێری ئامێری "بانجۆ" کردووە؟

جیمی:نا..بەڕاست؟

هێلینا:وتی ئەگەر ئەمجارە بێتەوە: دەیهێنێت.

ئالیسن:(لەژێر لێوەوە منگەمنگێتی.) ئۆه..نا!

جیمی:تێناگەم! بۆچی لێرە کەس نازانێت لەگەڵ ئەم  ڕۆژنامانە دا  مامەڵە بکات؟ سەیریان بکە. هێشتا سەیرم نەکردوون – بگرە ئەوانەی کەچاکیشن.بەهەرحاڵ... نەمدیون.

کلیف:ئەی بەڕاست..دەتوانم سەیرێکی ڕۆژنامەی نیوو ___

جیمی:نەخێر ناتوانیت! (بەدەنگێکی بەرزەوە.) تۆ هەر شتێکت دەوێت..پارەی پێبدە. وەك من. نرخەکەی ___

کلیف:نرخەکەی تۆ پێنسە..لە هەموو کتێبخانەیەکدا هەیە! تۆ پیرە پیاوێکی نەفس نزمی..تۆ لەوە زێتر نیت.

جیمی:بەهەرحاڵ تۆ لە پێناو چی دەیانخوێنیتەوە؟ خۆ تۆ بێمێشکیت.حەزیش ناکەیت ئەوەندە لە شت بکۆڵیتەوە و بیزانیت. لەم گوێیەت دێت و لەوی دیکە یان دەردەچێت. ڕاست ناکەم؟

کلیف:دەم خۆش.

جیمی:تۆ چیت ئەی "وەیلزی" هیچ و پووچ؟

کلیف:هیچ..من هیچم.

جیمی:تۆ هیچیت؟ خوا دەست بە باڵمەوە بگرێت..دەبووایە تۆ سەرۆك وەزیران بوویتایە.بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو لەگەڵ هەندێك هاوڕێ و ناسیاوی ژنەکەم قسەیەکت بکردبایە. بەڕاستی تاقمێکی زیرەك و عاقڵن.. وانین؟ من بینیومن.
(کلیف و هێلینا لەسەر خواردن بەردەوام دەبن).
ئەوان لەدەوری یەکدی کۆدەبنەوە.. هەست دەکەن زۆر رووحانین.. دەستە پیرۆزەکانیان دەخەنە سەر ئەژنۆی یەکدی و دەکەونە باسی سێکس و هەوەسبازی، وەك بڵێیت لە هونەری مۆسیقا بدوێن. ئەگەر ناتەوێت ببیت بە قەیرە کچێکی دڵناسك: گوێ لە باوکت بگرە!
(جیمی دەست بە خواردن دەکات. هەستیکرد هەردوو ئافرەتەکە خۆیان دەخۆنەوە و بێدەنگ دوژمنایەتی دەکەن..بەوە دڵخۆش و ئاسوودە دیارە..ئەگەرچی دەنگە گڕەکەی ئەو خۆشییە بەدرۆ دەخاتەوە).
کوڕم..تۆ دەزانیت گرفت چییە؟ زۆر بەتاسەوەی خەڵکی لێت ڕازی بن.

هێلینا:سوپاس بۆ خودا کە کەسێکی واش هەیە!

جیمی:سەرەنجام تۆ وەك ئەم چوکلێتانە دەخورێیت کە ژنەکەم حەزیان پێدەکات.. ئەو چوکلێتانەی لە شەکر و حەلوا و سپێنەی هێلکە دروست کراون. ژنەکەی من کە ئێستا لەپشتمەوە وەستاوە و تەپڵ دەکوتێت. لەدەرەوە دەیبینیت: شیرین و خۆش و لینجە..تۆش ددانی تێبچەقێنە. (خۆشی لە هەر وشەیەك وەردەگرێت، کە دەیڵێت.) لەناوەوەش سپی پات.. پیس و بێزەوەرە.
(زۆر بەجوانی قۆرییەکە دەخاتە بەردەمی هێلینا).
چا..؟

هێلینا:سوپاس.
(جیمی زەردەخەنەیەك دەیگرێت.. کوپێکی بۆ پڕ دەکات).

جیمی:ئەنجامت هەروا دەبێت ڕۆڵە ـ دڵڕەش.. مێشك پیس.. بێئەخلاقی چەپەڵ.

هێلینا:(کوپە چایەکەی لێ وەردەگرێت.) سوپاست دەکەم.

جیمی:هەموو دۆستە کۆنەکانیش..برادەرەکانی من و تۆ: ئەوانە زەلیلن و مامەحەمەیی بۆ خەڵکی دەکەن.. بێباك و تەمبەڵ و تەوەزەلن.. بێگومان.. لەسەرووی ئەوانەشەوە ــ ترسنۆکن.

هێلینا(ڕوو دەکاتە ئالیسن.) تۆ نیازت نییە ئەو چایە بخۆیتەوە؟

ئالیسن:ئەوەتا تەواو..ئەوەندەم نەماوە.

جیمی:ئیمڕۆ بۆ گۆرانییەکی تازە بیرم لە ناوونیشانێك کردەوە. ناوم ناوە: " دەتوانیت واز بێنیت و ئەوەندە بە بەر دوکانەکەمدا نەیەیت و نەچیت ــ میلدرید* ــ چونکە دەبینی داخراوە."
(کتوپڕ ڕوو لە ئالیسن دەکات).
باشە؟

ئالیسن:ئۆه..زۆر باشە.

جیمی:هەستم کرد حەزی لێدەکەیت. ئەگەر من بچمە گۆشەی خەڵوەتەوە: شتێکی پیاوانە و دەگمەن دەبێت. (ڕوو لە هێلینا دەکات.) تۆش لەو باوەڕەدا نیت؟ من وای بۆ دەچم کە تۆ دەتتوانیت لەوێ یارمەتیم بدەیت.
(هێلینا وەڵامی ناداتەوە.)
دەشێت من بتوانم یارمەتی تۆ بدەم.. ئەگەر بشیعرێنم. با ئێستا گوێ بگرین.بۆ نمونە دەڵێم:
"من ماندووی دەست لەملانێم
ماندووی ماچی بێسۆز و ماندووی دمك دمکانێم
ماندووی ماڵخەرابوونێم
ماندووی ئەو پێخەفە ساردوسڕ و خەمناکەم
دە..دەی ئەو شەرابە سەرخۆشکەرەم بۆ ڕەتکە
ماندووم: چونکە لەو خەڵکە ناچم
یان ڕاستتر..ئەوەندە سواری میترۆ بم
دەی زوو ئەم شەرابە بێنە بەردەستم
ئەو داوێنپیسییە بەردەوامە..
تاقەتی بردم..هیلاکی کردم
خۆت لەو مارە پەپکەخواردووە بەدوور بگرە

دەی.. ڕۆنی زگورتیانم بۆ بنێرە
دەتوانی برۆیت و ئێرە بەجێبێڵیت..هتد."
نەخێر؟

کلیف:ئافەرین ڕۆڵە.

جیمی:ئۆهـ..بەڵێ.. بیرم کەوتەوە نیازی چیم هەبوو، کە بە تۆی بڵێم ـ دوێنێ، لە بازاڕ بووم شیعرێکم نووسی. ئەگەر زەوقت پێیدێت.. ئاشکراشە کە حەزدەکەیت ببیستیت. (ڕوو لە هێلینا دەکات.) بەتایبەتی بۆ تۆ: زۆر شیاوە. لاهوت و ماهوتەکەی "دانتی"یم تێکەڵ کردووە..هەروەها بێتەوە شیلەی "ئیلیۆت"یشی بەسەردا کراوە. شیعرەکەش وا دەست پێدەکات: "لە کەمبۆدیا ئوتووخانە نەماوە."

کلیف:ناوی چیت لێناوە؟

جیمی:"کونی زێراب" خۆیشم بەردێکم فڕێ دراومەتە ناو زێرابەکە. دەبینیت..

کلیف:جێی خۆیەتی.. پێویستە فڕێ بدرێیتە ناوی.

هێلینا:(ڕوو دەکاتە جیمی.) تۆ بۆ ئەوەندە هەوڵدەدەیت کە ئێسکگران بیت؟
(زۆر لەسەخۆ و بەئەنقەست جیمی ئاوڕی لێ دەداتەوە.. کەیفی پێدێت کە توانی زوو بیجولێنێت.. کەچی خۆی هێشتا تەواو گەرم نەبووە).

جیمی:یانی چی؟

هێلینا:واتا پێویست دەکات تۆ ئەوەندە بەد و شەڕفرۆش بیت؟

جیمی:مەبەستت لەوەی ئێستایە؟ تۆ وا هەست دەکەیت من بەد و شەڕانی بم؟ لە نرخم کەمدەکەیتەوە.
(ڕووەو ئالیسن ڕووی وەردەگێڕێت).
وانییە؟

هێلینا:هەست دەکەم تۆ گەنجێکی زۆر وەڕسکەر و سەربەگۆبەندی.

(وەستانێکی کەم. دوای ئەوە جیمی زەوق و کەیفێك دەیگرێت.. لە قاقای پێکەنین دەدات)

جیمی:ئەی گیان..ئەی گیان! ئەی لە ئاشنا و هاوڕێکانی ژنەکەم! سەندەویچی ئارووەکە بخەنە بەردەستی خاتوو "براکتێل" دەیتوانیت؟

(جیمی دەگەڕێتەوە سەر نانخواردن.. چیتر ناتوانێت بەم شێوەیە سەیری ئالیسن بکات کە لەبەردەم ئاوێنەکەدا خەریکی خۆیەتیو دەیەوێت بزانێت نیازی چییە. هەروا ئاوڕی لێ دەداتەوەو دەیدوێنێت).
ئەرێ دەڵێیت نیازی دەرەوەت هەیە؟

ئالیسن:بەڵێ..وا بە تەمام.

جیمی:لە ئێوارەیەکی یەکشەممە و لەم شارەدا؟ ئاخر دەچنە کوێ؟

ئالیسن:(هەڵدەستێتەوە سەرپێ) من لەگەڵ هێلینا—دا دەچمە دەرێ.

جیمی:جا ئەوە نیاز نییە – ئەمەیان بەڵا و نەخۆشییە.

(ئالیسن بەرەو لای مێزەکە ملدەنێت. بەلای خوارەوە و لە ناوەڕاستدا دادەنیشێت. جیمی خۆی دەباتە پێشەوە.. دیسانەوە ڕوو لە ئالیسن دەکات و دەیدوێنێت).
من لە تۆم پرسی چ قەزا و بەڵاتە. من پرسیم بۆ کوێ دەچیت؟

هێلینا:(بەتوندییەوە) دەچێتە کەنیسە.

(لەم ساتەدا جیمی خۆی بۆ پلانێك ئامادە دەکات.. بەڵام بەم قسەیە تەواو سەرسام دەبێت "وەك چۆن کلیف" چەند دەقیقەیەك لەمەوبەر سەرسام بوو).

جیمی:چ دەکەیت؟ (بێدەنگی)
ئەوە شێت بوویت..چیت بەسەرهاتووە؟ (ڕوو لە هێلینا دەکات.) تۆ بڕیارت داوە ئەم ژنەی من بخەیتە سەر ڕێگەی خۆت.. وا نییە؟ وای لێهات وا بەئاسانی.
(لەناوەوە ڕق و کینەی کەف و کوڵ دەکات).
کە بیر دەکەمەوە چیم کردووە و چیم چەشتووە تا تۆ دەربهێنم لەم..

ئالیسن:(هەست دەکات جیمی بەنیازی هێرشێکە.. بۆیە دڵی دەترسێت).

ئا. بەڵێ.. ئێمە هەموومان دەزانین چیت بۆ من کردووە! تۆ بوویت لە نێو چنگی شەڕانی خێزانەکەمدا منت ڕزگارکرد.. لە کەسوکارم.. گەر جەنابت بە سواری ئەسپ و ئێسترەوە نەهاتبایت و منت هەڵنەگرتایە تا ئێستا لەماڵەوە بۆگەنم کردبوو.

(ئەم نەغمە وشك و کێوییەی ئالیسن پێی دەدوا جیمی خستەوە دڵنەوایی. تورەبوونەکەی سارد بۆوە.. بەڵام وشکیی هەر پێوە دیاربوو. کە قسە دەکات دەنگی هێمن و لەسەرخۆیە).

جیمی:سەیر ئەوەیە وەك خۆشت دەزانیت..دەبوایە من بە چەك و چەکبارەوە.. بەسواری ئەسپێکی سپییەوە بێم.. لەدڵەوە ئەم قسەیە دەکەم. دایکی لە قەڵایەکی وادا شاردبوویەوە: هەشت ژووری نووستنی تیابوو..وا نەبوو؟ پیرەژنەکەی دایکی هەموو سنوورێك دەشکێنێت تا لە شەڕە پیرۆزەکەی دژ بە وەحشێکی وەك من سڵ نەکاتەوە. لەو ڕۆژەوەی من و دایکی خێرا نیگای یەکمان کرد.. لەوساوە چاخی سوارچاکی نەماوە و کۆتایی پێهاتووە. چاك دەزانم لەپێناو پاراستنی ئەو کچە بێگوناهەی هیچ دڵ لە دڵ نادات گەر بکەوێتە سەر فرۆفێڵ و درۆ و دزی و تاڵانی.. لە من تۆقیوە.. گەنجێکی بێ پارە و پوول.. بێ سەر و سەرچاوە.. هەتا سەروسەکوتێکی وا جوانیشم نییە.. وەك کەرکەدەنێکی ژێر باری گران دەینەڕاند.. وا دەینەڕاند.. گەر نێرە کەرکەدەنێك لە دووری چەندەها میلەوە گوێی لێ بووایە: دەتۆقی و زەرد هەڵدەگەڕا.. وای لێهات ببڕای ببڕ توخنی مێینە نەکەوێتەوە. بەڵام من بەسووکی سەیری هێز و توانای ئەوم دەکرد. ئەگەرچی دایکی زۆر خۆر و ورگنە.. بەڵام سەیری دەرەوەی مەکە..دەستخەرۆ نەبیت..لەناوەوە بۆش و بەتاڵە و چەکی تەنەکەیە.

(جیمی شێتانە بەدوای بابەتێکدا دەگەڕێت، کە "هێلینا"ی پێ بجوڵێنێت).

ئەو پیرەژنە وەك شەوی نێو تیاترۆخانەیەکی "بۆمبای" پیس و بەربادە..وەك گۆشتیش جیڕە. ڕەنگە خۆی لەناو ئەو تانکییە پیسە مەڵاس دابێت.. هەموو قسەکانیشمان تۆمار بکات. (لەقەیەك لە تانکییەکە دەدات.) گوێت لێمە.. دایکە. (لەسەری دادەنیشێت و دەست دەکات بە لێدانی.) دەشێت ئێستا لەوێ بیدۆزیتەوە. لێمگەڕێ با تۆزێك لە ئاین و ئۆیینی ئەو خانمەت بخەمە بەرچاو. وەك دەبینیت من ڕاهاتووم قژ بێڵمەوە. ئێستە ئەگەر ژنەکەم سەر ڕاست بێت و حەز بکات ئەم مەسەلەیەتان تێبگەیەنێت.. دەتوانێت بیسەڵمێنێت کە من بە نیازێکی پیسەوە قژ ناهێڵمەوە.. هیچ مەبەستێکی شاز و خراپیشم نییە..بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە:

(أ) من لەلای خۆمەوە بیر لە زۆر شت دەکەمەوە کە قژتاشین گرنگ و پیرۆزترە.. ئەوە جگە لەو دوو شڵنگەش، کە دەیخەمە دەستی سەرتاشەوە.

(ب)بە ئاشکرا و بە نیازێکی پاکەوە دەیڵێم کە من قژی درێژ پەسند دەکەم.. بەڵام دایکی عەقڵی ئەم شتانە ناگرێت. بۆیە سیخوڕ و خەفیە بە کرێ دەگرێت و دەیخاتە دوای من تا بزانن من چیم.. بەو نیازەی ڕۆژێك ناوم بخاتە ناو ڕۆژنامەی "هەواڵەکانی جیهان"ەوە. ئەو هەموو بەزمە دەنێتەوە تەنها بۆ ئەوەی نەتوانم کچەکەی بخەمە سەر پشتی ماینە پیر و بەستەزمانەکەم و بیفڕێنم. ئەم مەبەستانەشی خستبووە ناو قاڵبێکی جوان و ڕازاوەی بیر و فەلسەفە و سۆزی پڕ درۆ و بێشەرمییەوە. بۆرە ماینی کەنەفتیش، کە

جارێك له جاران بەڕاستی ئەو سیستمە کۆنەی شێلاوە..نەیتوانی وەك جاری جاران بێت. بەتەنها توانیبووی من هەڵبگرێت..بەڵام قورسایی تۆ (ڕووی لە ئالیسن کرد.) زۆر لەوە گرانتر بوویت کە بتوانێت هەڵتبگرێت. بۆیە لەسەر چەقی ڕێگاکە بەربۆوە و مرد.

کلیف:(بەهێمنییەوە) کوڕم..وا مەکە بەشەڕ بێین..شەڕ دادمان نادات.

جیمی:جا بۆ بەشەڕ نەیەین؟ ئەوەیان تاکە شتێکە بۆم ماوەتەوە و تیایدا سەرکەوتووم.

کلیف:جیمی.. ڕۆڵە.

جیمی:(ڕوو لە ئالیسن دەکات.) لێیگەڕایت.. لەو پیرەژنە دەلالەی دایکت لەخشتەت بەرێت..وانییە؟ توانی بتگەڕێنێتەوە..توانی..وانییە؟

هێلینا:ئۆه..لەڕاهی خودا..وا خۆ مەکە بە شێر و پڵنگ بەسەر ئەو خەڵکەوە! هەقی ئەوەت نییە بەم شێوەیە قسە بە دایکی بڵێیت!

جیمی:(ئێستا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت).
من هەموو جۆرە هەقێکم هەیە. ئەو پیرە سۆزانییە دەبێت بمرێت!
(ڕوو دەکاتە ئالیسن).
چاکە.. ڕاست ناڵێم؟
(کلیف و هێلینا ورد دیقەتی ئالیسن دەدەن..ئەویش سەیری قاپەکەی بەردەمی دەکات و بەس).
من وتم: دەبێت ئەو پیرە سۆزانییە بمرێت! تۆ چ قەزا و بەڵاتە؟ بۆ ڕاناپەڕیت بەرگری لێبکەیت؟
(کلیف خێرا هەڵدەستێتەوە سەرپێ و قۆڵی جیمی دەگرێت).

کلیف:جیمی بەسە!
(جیمی زۆر دڕندانە پاڵێکی پێوە دەنێت و بەخەمەوە دادەنیشێت و سەر دەخاتە سەر دەستی).

جیمی:ئەگەر کەسێك قسەیەکی وا ناشیرین بە من بڵێت..ئەوە ژنەکەم دەستبەجێ بە ڕوویدا هەڵدەشاخێت ـ بەوەی کە دەچێتە نێو قاوغی تەمبەڵی و خۆی گێل دەکات.. فزە ناکات! من وتم ئەو پیرەژنە دەبێت بمرێت.
(تۆزێك دەوەستێت و خۆی بۆ هێرشێکی دیکە کۆدەکاتەوە).

ئەی خودا.. ئەو کرمانەی کە ڕۆژێك دەچنە لاشەکەیەوە پێوستییان بە خوێیەکی زۆر دەبێت! هۆ کرمە وردیلەکانم.. چ ژانەسکێك چاوەڕوانتانە.. ئەوا هات.. دایکی ئالیسن وا بەڕێوەیە!
(دەنگی هەڵدەبڕێت و کۆمیدیانە "وەك کەسێك وتار—خوتبە بدات" دەدوێت).
ئەی هاوڕێکانم.. ئەوسا دایکی ئالیسن ڕادەبوورێت و ڕیزێك کرم لە دوایەوە جێدەمێنێت..تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێن نە بەهەشتە و نە دۆزەخ.. بۆیان دەبێت بە دەرمانی ــ عەمەل.
(ڕوو دەکاتە ئالیسن و زەردەخەنەیەك دەیگرێت..بەڵام ئالیسن هێشتا ورەی بەرنەداوە. کلیف سەیری هیچیان ناکات. تەنها هێلینا سەیریان دەکات. ئەویش خۆی لە "کلیف و ئالیسن" گێل دەکات و ڕوو لە هێلینا دەکات).
ئەوە چییە... چ خێرتە؟

هێلینا:هەست دەکەم نەخۆشم..هەر ئەوەیە. نەخۆشی دەستی ئەم چەپەڵی و پیسی و بێزەوەرییەم.
(جیمی وا هەست دەکات ئەم ئافرەتەی لەدواوە جێهێشتووە و ئەویش تەقەللایەتی بیگاتێ.بێباکانەش سەیری دەکات).

جیمی:ڕۆژێك دێت..ئەو ڕۆژەی واز لە دوکانی پاقلاوە و حەلوا فرۆشتن دێنم و چیتر ڕۆژانی ژیانمی تیا بەفیڕۆ نادەم.. ڕەنگە ئەو ڕۆژە کتێبێك لەسەر خۆمان بنووسم. هەمووی ئا لێرەدایە (نێوچەوانی خۆی دەکوتێت).
لەنێو گڕوئاگرێکدا دەینووسم کە بڵێسەی میلێك بەرزبێتەوە. قەتیش نامەوێت بە خامۆشی دانیشم و شتم بیربکەوێتەوە..ناشچم لەگەڵ مامە "وێردزوێرپی" شاعیردا چەپك چەپك نێرگز بچنین و ئەوسا بیری لێبکەمەوە..دەبێت لەنێو گەرمەی گڕ و ئاگردا ئەم شتانەم بێتەوە یاد..بە خوێن..بە خوێنی خۆم دەینووسم.

هێلینا:(وا هەست دەکات هێمنی دادی دەدات).
ئێستا ژنەکە زۆر ئاسایی وتی حەزدەکات لەگەڵمدا بێت بۆ کەنیسە..ئیتر نازانم بۆ هەراو فەرتەنەت نایەوە؟

جیمی:نایزانم؟ کەواتە تۆ ئەو ئافرەتە زیرەکە نیت من چاوەڕوانی بووم.

هێلینا:تۆ وا هەست دەکەیت هەموو دونیا خەراپەی لەگەڵ کردوویت..وانییە؟

ئالیسن:(بەدەستەچەپدا ڕوو وەردەگێڕێت). ئۆو.. لێیگەڕێ.. هەوڵمەدە ئازارەکانی لێ بستێنیتەوە. ئەو بەبێ خەم و ئازارەکانی سەرگەردان و وێڵە.

جیمی:   (جیمی بەسەرسامییەوە سەیری ئالیسن دەکات، بەڵام دوایی ئاوڕ لە هێلینا دەداتەوە. پاشان دیسانەوە ئالیسن و دەگەڕێتەوە سەر بە زمی خۆی)
من وامزانی ئەو شانۆگەرییەی تۆ تیایدا دەور دەبینی هەر لە شەممەوە کۆتایی پێهاتووە؟

هێلینا:ڕاستە.

جیمی:دەقاودەق..هەشت ڕۆژ لەمەوبەر.

هێلینا:ئالیسن حەزی کرد بمێنمەوە.

جیمی:ئەریّ تۆ نیازی چ پیلانێکت هەیە؟

هێلینا:ئەریّ تۆ لەو باوەڕەدا نیت کە ئێمە بەدەست گەلحۆ گەورەکانەوە زۆرمان چەشتبێت؟

جیمی:(ڕوو لە ئالیسن دەکات.) خۆ تۆ باوەڕت بەم قسە هیچانە نییە. جاچی..خۆ تۆ باوەڕت بە هیچ شتێك نییە. تۆ ئەم بەزمە دەنێیتەوە تا تۆڵە و قینی خۆتم پێبڕێژیت..وانییە؟ بۆ ـ بۆ لێی دەگەڕێیت بەم شێوەیە کارت تێبکات و بتگۆڕێت؟

ئالیسن:(خەریکە ورە بەردەداتو هەرەس دێنێت.) بۆ..بۆ بۆ..بۆ!
(هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر هەردوو گوێی.) ئەم وشەیە خەریکە مێشکم بتەقێنێت.

جیمی:تا من تۆ بەو شێوەیە ببینم..ئەم وشەیە هەر بەکاردێنم.
(ڕوو بەرەو خوار لە کورسییەکە نزیك دەبێتەوە و لەسەر پشتی کورسییەکە دادەنیشێت..لەدواوە هێلینا دەدوێنێت).

جیمی:دواجار کە کەنیسە ی بینیبێت ئەو ڕۆژە بوو کە شووی بە من کرد. ڕەنگە پێت سەیر بێت..وانییە؟ ئەوسا مەسەلەکە ساکار و لەجێ بوو..بەپەلە بووین.. تێدەگەیت؟
(کۆمیدیای ئەو بەزمە کتوپڕ دەیهەژێنێت و دەیدا لە قاقای پێکەنین.) بەڵێ.. بەڕاستی بەپەلە بووین. پڕبەدڵ حەزمان بەو خوێنڕشتنە دەکرد! ناونووسەکەی ئەو شوێنەش..بەهەرحاڵ..برادەرێکی نزیکی خەزوورم بوو.زانیمان هەر زوو بەزوو خەبەرەکە دەگەیەنێتە کۆلۆنێل. لەبەرئەوە دەبوو بەدوای قەشەیەکی دیکە عەوداڵ بین..بام خەڵکی لای خۆمان بێت..بەڵام بەمەرجێك خەزوورم نەناسێت. بێهوودە بوو. بەیانییێکیان پیاوێکم لە مەیخانەیەکدا دۆزییەوەو بردم ـ ئەوە بوو کە من دەمویست ـ کە سەیرم کرد دایە و

بابەش گەیشتبوونە کەنیسە . دوا سات فریاکەوتن..هاتبوونە سەیرانی ئەو داب و دەستوورە..بیرمە ئەو بەیانییە سڕ ببووم: ئەوەندەم بیرە هەڵقوڕاندبوو..سەر بەرەوخوار سەیرم دەکردن و بە هیچم نەدەزانین..هەستم دەکرد تۆزێك سەرخۆشم. دایکە زرپەکەشی کەوتبووە سەر پەلان و دەتوت گومەزی قیتە – دەتوت پیرە کەرکەدەنێکی زەبەللاح و شاخ درێژە ! پاپیش لەتەنیشتییەوە دانیشتبوو..قیت و قۆز و ئازایانە بیری لەو ڕۆژە خۆشانە دەکردەوە کە لەنێو بەگزادەکانی هیندوستان–دا ڕاببواردبوو.باوەڕیشی نەدەکرد کە قامچی ئەسپەکەی لەماڵەوە بەجێهێشتبێت. تەنها ئەو دووانە لەناو کەنیسە چۆڵ و خامۆشەکەدا بوون – من و ئەوان.

(کتوپڕ زنجیرەی یاد و بیرەوەرییەکانی دەپچڕێت).

بەتەواوەتی نازانم دوای ئەو بەزمە چی قەوما. وای بۆ دەچم کە دەبێت لەیەکدی مارەکرابین. وا بزانم من هەر لەوێوە نەخۆشکەوتبووم. (ڕوودەکاتە ئالیسن.) وابوو؟

هێلینا:تەواو..لێنەبوویتەوە ؟

(دیسانەوە "جیمی" بۆنی خوێن دەکات..بەزەوقەوە لەسەرخۆ بەردەوامە و دەدوێت).

جیمی:(ڕوو لە ئالیسن دەکات.) ئەوە بەتەمای ئەم ئافرەتە لە خشتە ت بەرێت؟ دەتەوێت ئەو مۆدێلبازە شەریفە بەکەیفی خۆی ڕاییت بکات..ها؟ گوێ بگرە ڕاستییەکی سادەت پێ ڕابگەیەنم.

(بەئاگادارییەوە دەدوێت).

ئەم ئافرەتە مانگایە. بەلامەوە مەبەست نییە..بەڵام لەوە دەچێت بووبێت بە مانگایەکی پیرۆزیش.

کلیف:تۆ لە سنوور لاتدا و زیاد ڕۆیشتی..جیمی. ئێستا کڕ بەوە !

هێلینا:ئۆە..وازبێنە با بەردەوام بێت.

جیمی:(ڕوو لە کلیف دەکات.) وا بزانم تۆش خۆت خزاندە ڕیزی ئەوانەوە..زۆر باشە..جا بۆ نا؟ هێلینا خان هەقی ئەوەت بۆ دەکاتەوە..خۆی لە زانستی ئابووری هاوچەرخدا پسپۆرە..ئابووری جنۆکە و فریشتە و شتە میتافیزکییەکان..مەسەلەکە زۆر سادەیە..مەسەلەی هەق و سزایە (هەڵدەستێتەوە) ئەم ژنە یەکێکە لەوانەی "سەنەدی"ی کۆمپانیاکان دەفرۆشێت..ئەوانەی بەزمیان ناوەتەوە چونکە هێز و دەستەڵات لەبەرە یەکەوە چۆتە دەست بەرەیەکی دیکەوە.

(خەیاڵی دەفرێتو وشەکان لە دەمیەوە دەردەپەڕن).

هۆش و زانین و پێشکەوتن: کۆمپانیا کۆنەکە ئیفلاس دەکات. ئەم شتانەش دەکڕێن و دەفرۆشرێن..شتی چاك هەموو کەس پشتی تێدەکات و ڕووی لێ وەردەگێرێت..کە شتی باش هات..ئەو ناوە چۆڵ دەبێت.ئەم

جۆرە قسە و ڕەفتارانە میراتێکی کۆن بوون و لەیاد چوونەوە..ئێستا بیرەباوەڕە کۆنەکان پەرەدەسێننن..هەروا دێت بەرز و..بەرز و..بەرزتر دەبنەوە.
(ڕووەو دەستەچەپ هەنگاو دەنێت).
دەشێت گۆڕانێك ڕووبدات.کۆمەڵێك ببنە ڕابەر و دەستڕۆیشتوو کە باوەڕیان بەوە بێت هەق و پێویستییەکان وەکو یەك بن و لەنێوان خەڵکیدا دادوەرانە دابەشبکرێن..بدرێت بە کەسانێك کە شیاوی ئەو هەقە بن.
(ڕوویان تێدەکات).
با پێتان بڵێم: چیتان دەستکەوتووە بیفرۆشن..چی شتی کۆنتان ماوە بێ چەندوچۆن بیفرۆشن..هیچ شتێکی کۆن گل مەدەنەوە.
(بەبازێك دەچێتە سەر مێزەکە.) ئەوە هات..نسکۆ و هەرەسی گەورە بەڕێوەیە.. کەستان لێی دەرباز نابێت. جا ئامۆژگاریتان دەکەم تا کاتتان ماوە خۆتان بخزێننە ژێرزەمینەکەوە..هەمووتان لەگەڵ هێلینا خان و هاوڕێکانی خۆتان لەو ژێرزەمینە بشارنەوە. کات بەبەرییەوە نەماوە. پێم بڵێن چی لەو دونیا ڕۆشنترە..چی لەو دونیا بە باق و بریقەترە ! بۆ ئێوە دەستکەوتێکی گەورەیە و سەرمایەیە.ئەو دونیا: هەمووی هی خۆتانە.
(بەدەوری مێزەکەدا دەسووڕێتەوە..بەدەستەڕاستدا ڕوو وەردەگێڕێت و دەچێتە سەر کورسییەکەی).
دەمەوێت چاك بزانن کە من هێلینا و کەسانی وەك ئەویش باش دەناسم.. نمونەی وەك هێلینا لە هەموو شوێنێکدا هەیە..بزر نین..پێویست ناکات بۆیان بگەڕێیت. تا خوا دەڵێت بەس: ڕۆمانتیکین. بەدرێژایی تەمەن چاوەڕوانی ڕابردوون و سەیری دواوە دەکەن. تاکە شوێن و زەمانێك کە ڕۆشنایی لێ بەدی بکەن سەردەمە تاریکەکانی مێژووە. لەمێژە هێلینا چۆتە نێو کوختە خۆشەویست و چکۆلانەکەی ڕۆحی خۆیەوە..شوکر خۆی لە ئاژاوە و گرفتەکانی سەدەی بیستەم دوورخستۆتەوە. پڕبەدڵیش حەزدەکاتە داببڕێت لە خۆشی ئەو دەستکەوتانەی چەندەها سەدەیە خوێنی بۆ دەرێژرێن و بەشەڕ دێن. ئەم ئافرەتە وای بە باش دەزانێت لەژێر ئەم باخچەیەدا کەپرێکی چکۆلانەی سۆفیگەرییانە بۆ خۆی بنیات بنێت و بچێتە ژێرەوەی تەنها بۆ ئەوەی هەست بە گوناه بکات، هێلینای خۆمان مەستی سۆفیگەرێتیە.
(جیمی خۆی بەسەر مێزەکەدا لاردەکاتەوەو لە هێلینا نزیك دەبێتەوە).
ئەرێ وا نیت؟
(جیمی چاوەڕوانی وەڵامی هێلینا دەکات).

هێلینا:(بەوپەڕی هێمنییەوە دەدوێت).
بەداخەوە کە لەم ماوە درێژەدا دەستم نەگەیشتە تۆ..لێمەوە دوور بوویت چونکە دەبوو تا ئێستا شەقێکی منت بخواردایە..شەقێك بۆ دەموچاوت.
(لەم بەرو ئەو بەری مێزەکەوە هەردووکیان سەیری ناوچاوی یەکدی دەکەن. جیمی لەسەرخۆ بەرەو سەرەوە دەکشێـت و لای کلیفدا ڕادەبوورێت تا دەچێتە تەنیشت هێلینا و دەوەستێت).
لەوەتەی من هاتوومەتە ئێرە: ئەوەیە ڕەفتاری تۆ !

جیمی:هێلینا..تۆ قەت بەدیار کەسێکەوە دانیشتوویت بە بەرچاوتە وە وەنەوز بدات و بمرێت؟
(هێلینا لە شوێنی خۆی دەجوولێت بەو نیازەی ڕاستبێتەوە).
نا..جووڵە نەکەی..دانیشە.
(وەك جاران دادەنیشێت و سەر هەڵدەبڕێت و سەیری جیمی دەکات).
ئەوەیان لە ڕێز و پایەی تۆ ناوەشێتەوە.

هێلینا:(ساردە وەك سەهۆڵ.) چیتر لێم نزیك ببیتەوە دەیکێشم بە چڕوچاوتا.
(لەسەرەوە ڕا سەیری دەکات..زەردەخەنەیەکی تاڵ دەم و ددانی پێ گڕدەکاتەوە).

جیمی:هیوادارم بۆ یەك سات هەڵەی وا نەکەیت..وا تێنەگەیت کە من ئەوەندە خانەدان بم.

هێلینا:قەت ناشێت وا تێبگەم.

جیمی:(دەموچاوی خۆی لێ نزیك دەخاتەوە).
من لەو قوتابیانە نیم کە ئەدەب و ڕەوشتی قوتابخانە تایبەتییەکان هەڵدەگرن.. یەك تۆز لە تێهەڵدانی هیچ ئافرەتێك سڵ ناکەمەوە. (بەنەرمییەوە) بەو خودایە گەر زللەیەکی تۆم بەرکەوێت..دەبێت وا بکەم لیرە ڕابکشێیت.

هێلینا:لەدەستت دێت..لێت دەوەشێتەوە چونکە تۆ لەو بابەتانەی.

جیمی:تۆ لەوە دڵنیایت کە من لەو بابەتانەم. بەڵام من خۆم قێزم لە هێزی دەست و بازوو دەبێتەوە. جا ئەگەر ئافرەتێك بە هەڵی بزانێت، کە من لەبەر ڕێز و پیاوەتی دەست لە ئافرەت ناکەمەوە و بەرگری لە خۆم ناکەم،بێت و مستەکۆڵە نەرم و چکۆلانەکەیم لێ ڕاستبکاتەوە..ئەوە بێ شك من بە شەپازللەیەکی پوختتر ئەم قەرزەی دەدەمەوە.

هێلینا:باشە ئەوە مانای ئەوەیە کە تۆ هەست ناسکیت..با بڵێین تەواو ئیرلەندی—ت؟
(جیمی پتر ددانەکانی گڕ دەکاتەوە).

جیمی:وا بزانم من و تۆ باش لە یەکدی تێدەگەین. بەڵام تۆ تائێستا وەڵامی پرسیارەکەی منت نەداوەتەوە. من لێم پرسیت: ئاخۆ بەدیار کەسێکەوە دانیشتوویت بە بەرچاوتە وە لە گیانەڵادا بێت و بمرێت؟

هێلینا:نەخێر..کەسم وا نەدیوە.

جیمی:هەر کەسێك ئەم حاڵەتەی نەدیبێت..نەیدیبێت مرۆڤێك لەبەرچاویدا بمرێت: ئەوا گومانی لێدەکرێت ئافرەتێکی داوێنپاك بێت.

(کە هەندێك لەو یادگارانەی خۆی وەبیر دێتەوە..زەوق و هەوای چەند ساتێك لەمەوبەری نامێنێت).

بۆ دوانزە مانگی ڕەبەق من بەدیار باوکمەوە دانیشتبووم و ئەویش بەدەست مەرگەوە دەتلایەوە ــ ئەوسا تەمەنم هەر دەساڵ دەبوو. تازە لە شەڕی ئیسپانیا گەڕابۆوە..تێدەگەن..هەندێك پیاوماقوڵی لە خواترسیش لەوێ وا ڕەتاندبوویان بایی ئەوەندەیان تیا نەهێشتبۆوە بژی. هەموو کەسێك دەیزانی دەمرێت..هەتا منیش لەوەیان دڵنیا بووم.

(ڕووەو دەستەڕاست هەنگاو دەنێت).

بەڵام تێبگەن..هەر خۆم بەدیارییەوە مابوومەوە..تەنیا خۆم چاودێریم دەکرد..(ڕووەو پەنجەرەکە ڕوو وەردەگێڕێت.) ماڵ و منداڵەکانی بە شتی دیکەوە خەریك بوون و لێی بێزار بوون. (سەیری دەرەوە دەکات.) کەچی دایکم بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن خۆی بە پیاوێك بەستۆتەوە کە هەموو ژیانی هەڵەیە و بەپێچەوانەی خەڵکی خانەدانە. دایکم دژی ئەوە نەبوو لەگەڵ کەمایەتییەکاندا هەڵسێت و دابنیشێت..بەڵام بەمەرجێك خانەدان بن و لە داب و نەریتی سەردەم تێبگەن.

(دووبارە بۆ ناوەڕاستی شانۆ و بۆ سەرەوە ملدەنێت).

هەمووما‌ن چاوەڕێ بووین کەی دەمرێت. هەموو مانگێك خێزانەکەمان چەکێکیان بۆ دەنارد..بەو هیوایەی بێدەنگ کاری خۆی پێ مەیسەر بکات..بێ هەراو ئاژاوەی قەرەجئاسا. بێ سکاڵاکردن دایکم چاودێری دەکرد..هەموویان. ڕەنگە دایکم بەزەیی پیا هاتبێتەوە. وابزانم ئەوەندەی پێکراوە کە بەزەیی بنوێنێت.

(دەنگی پاڕانەوەی پێوە دیارە).

بەڵام من خۆم بەتەنیا ئاگام لێی بوو.

(بەلای چەپدا دەجووڵێت تا دەگاتە پشت کورسییەکە).

هەموو جارێك لەتەك پێخەفەکەیدا دادەنیشتم..گوێم دەگرت. ئەویش قسەی بۆ دەکردم یا شتێکی بۆ دەخوێندمەوە..دەبوو بەزۆر فرمێسکەکانی چاوم ڕابگرم..لە کۆتایی ئەو دوانزە مانگەدا تەواو ڕاهاتم و قاڵ بووم.

(خۆی بەسەر پشتی کورسییەکەدا لار دەکاتەوە).

لە منداڵێکی ساواو ترسنۆك بەولاوە کەسێك نەبوو گوێ لەناڵە و دەردەدڵی ئەو پیاوە بگرێت. ڕۆژ تا ئێوارێ لەو کونە مشکەدا هەڵدەتروشکام و ئەویش بەردەوام قسەی بۆ دەکردم و دەیدواندم. داخی خۆی بۆ منداڵێکی تەنیاو ساوا و سەرسام هەڵدەڕشت..بۆ منداڵێك کە بەزەحمەت دەیتوانی لە نیوەی قسەکانی تێبگات. منداڵێك تەنها شتێك کە هەستی پێدەکرد تاڵی و بێئومێدی بوو..بۆنێکی خۆش و نەخۆشانەی پیاوێکی مردوو بوو.

(بەدەوری کورسییەکەدا دەسووڕێتەوە).

هەروەك دەبینن کە من لە منداڵییەوە فێر بووم چۆن تووڕە بم. لەوساوە بەتوڕەیی و بێچارەیی ئاشنا بووم.
تا ماوم ئەم شتانەم بیرناچنەوە..هەرگیز. (دادەنیشێت.) تۆ بەدرێژایی تەمەنت ناتوانی بەقەد ئەوسای من کە تەمەنم دە ساڵ بوو لە مەسەلەی خۆشەویستی و خیانەت و مردن تێبگەیت و پێی ئاشنا بیت.
(هەموویان بەبێدەنگی دادەنیشن. لەم ساتەدا هێلینا هەڵدەستێتە سەرپێ).

هێلینا:کاتی ئەوە هاتبوو بڕۆین.
(ئالیسن سەری بۆ ڕادەوەشێنێت).
ئەوا دەچم شتەکانم کۆدەکەمەوە.
(بەرەو دەرگاکە ملدەنێت)
لە خوارەوە چاوەڕوانتم.
(هێلینا دەچێتە دەرێ. بێدەنگییەکی کەم).

جیمی:(سەیری ئالیسن ناکاو بەچرپە دەدوێت).
تۆ قەت خۆت سەغڵەت ناکەیت ـ ئەو خەڵکە هەرچیم پێبکەن..تۆ هەقت بەسەرەوە نییە؟ نیازی چیت هەیە. دەتەوێت چیم لێبکەیت؟ هەرچیم هەیە خستوومەتە بەردەستی تۆ..ئەوە هەمووی بەلاتەوە هیچ مانایەکی نییە؟
(ئالیسن شانەکانی وێك دێنێتەوە و دیارە پشتی گرژ دەبێت. جیمی واز لە چەکی شەڕ دەهێنێت و هەڕەشە و ئازایەتی ساتێك لەمەوبەری نامێنێت..دەنگی دەگۆڕێت و تووڕەییە بێتواناکەی دەچێتەوە باریەك).

جیمی:تۆ هێی..یەهودای خایەن! بەڵغەماوی! وا بەئاسانی جڵەوت بۆ شل کرد تا لەگەڵ خۆیت ببات..بێدەستەڵاتی چەپەڵ فریوی دایت.

(ئالیسن زۆر کتوپڕ دەست دەبات بۆ کوپەکەی خۆی و توند لە زەوی دەکوتێت. بۆ دوا جار "جیمی" وای لێکرد خوێنی هەڵچێت. ئالیسن سەیرێکی پارچە شکاوەکان دەکات و دوایی سەر هەڵدەبڕێت و سەیرێکی جیمی دەکات. پاشان بەدەستەڕاستدا ملدەنێت و کراسێك لە عەلاگەکە لێدەکاتەوە و خێرا لەبەری دەکات. ئا لەو ساتەی کە دەیەوێت زنجیری لایەکی کراسەکەی هەڵکێشێت و دایبخات..سەری دەسووڕێت و گێژ دەبێت.جا بۆیە خۆی بە دۆڵابەکەوە دەگرێتەوە. هەردوو چاوەکانیشی دەنوقێنێت).

هێلینا:(بەنەرمی) تەنها شتێك بمەوێت: کەمێك ئاشتی و هێمنییە!

جیمی:هێمنی! ئۆف خودایە! ئەم ژنە لە هێمنی دەگەڕێت..
(بەزەحمەت وشەکان لەدەمییەوە دێنە دەرێ).

من دڵم پڕه و هەست دەکەم نەخۆشم..ئەویش هێمنی گەرەکە !

(ئالیسن بەرەو لای سیسەمەکە دەچێت تا پێڵاوەکانی لە پێ بکات. کلیف مێزەکە بە جێدێڵێت و هەڵدەستێتەوە..لەسەر کورسییەکەی دەستەڕاست دادەنیشێت. ڕۆژنامەیەك دەگرێت بەدەستەوە.سەیرێکی دەکات.جیمی کەمێك دێتەوە سەرخۆ و هەوڵدەدات وا خۆی بنوێنێت کە دەربەست نییە)

من لێرە هەڵدەچم و تووڕە دەبم و هاوار دەکەم و خەریکە سەری خۆم بتەقێنم، کەچی هەموو کەسێك دەڵێت:

"کابرایەکی گوناهە... بەستەزمانە."

یاخود دەڵێن:

"چ گەنجێکی سەرشێتو خوێن تاڵ و ئێسك گرانە !"

بەڵام ئەو ئافرەتەی لەوێندە ڕێ وەستاوە دەتوانێت بەبێدەنگی خۆی قۆڵت بابدات و تێکتبشکێنێت. بۆ چەندەها سەعات لەسەر ئەو کورسییە و لەنێو تاریکییدا دانیشتووم..زانیوییەتی وەك ئێستا وەڕس و پەرێشانم..کەچی ڕووی خۆی لێ وەرگێڕاوم و چووە نوستووە.

(هەڵدەستێت و ڕوو لە کلیف دەکات..بەڵام ئەو سەر لەسەر ڕۆژنامەکەی هەڵناگرێت).

یەکێك لە ئێمە شێتە. یەکێك لە ئێمە گەلحۆ و شێتە. بەس کامەمانین؟ ئاخۆ منم؟ ئاخۆ منم کە وەك ئافرەتێکی پەرکەم گرتوو لێرە وەستاوم و بەحاڵ قسەم بۆ دەکرێت؟ یاخود ژنەکەمە؟ ئەوەتانێ لەوێ دانیشتووە و پێڵاو دەکاتە پێی بەو نیازەی بچێتە دەرێ..لەگەڵ ئەو _

(قسەکەی بۆ نایە).

(کلیف سەر لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵنابڕێت).

من هەر ئەوەندە لە خودا دەخوازم هێلینات خۆش بوێت..ئەوەندە و بەس.

(جیمی بەرەو سەرەوە ڕووەو ناوەندی ژوورەکە دەخزێت..سەیری ئالیسن دەکات کە بەدوای دەستکێشەکانیدا دەگەڕێت).

ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتەوێت بگەڕێیتەوە لام. من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم و خۆزگەی بۆ دەخوازم. حەز دەکەم چاوبەفرمێسك بتبینم و لە فرمێسکەکانتدا مەلە بکەم..ئەوسا گۆرانی بڵێم. دەمەوێت لەوێ بم و بتبینم چۆن لەسەر سك دەخشیت و دەموچاوت لە خۆڵ وەردەدەیت. دەمەوێت ئەوسا بێم و سەیرت بکەم.دەمەوێت لە پێشی پێشەوەش دابنیشم.

(هێلینا دێتە ژوورێ دوو کتێبی نوێژی بەدەستەوەیە)

دەمەوێت بتبینم دەموچاوت چۆن لە قوڕ وەرداوە _ ئەوە هەموو هیواو ئاواتی منە. ئیتر هیچ خۆزگەیەکی دیکەم نییە.

هێلینا:(دوای ساتێك) تەلەفونە و تۆیان دەوێت.

جیمی:(وەردەسووڕێت) بەهەرحاڵ..هەواڵی خێر نییە..قابیلە خێر بێت؟

هێلینا:تەواو بوویت؟

ئالیسن:بەڵێ..لەوە دەچێت.

هێلینا:ئێستا تەواویت..وا نییە؟ (ئالیسن سەری بۆ ڕادەوەشێنێت.) ئەوە سەبارەت بە چی ئەو هەموو وڕینەیەی کرد؟ ئۆه..چی دەگەیەنێت؟ کە بیر لەم چەند مانگەی داهاتوو دەکەمەوە و ئەو حاڵەی تۆی تیا دەژیت _ هەمووشی لەپێناو ئەو کابرایە..وام لێدەکات بچم هەموو قژی خۆم دەربێنم. هەروەك بڵێیت تۆ زوڵمت لەو کابرایە کردبێت! ئای لە پیاوان!
(ڕوو لە کلیف دەکات).
تۆش بەدرێژایی کات لەوێ دانیشتوویت و بێئەوەی هیچ بکەیت!

کلیف:(لەسەرخۆ سەر بەرزدەکاتەوە) ڕاست دەکەیت _ هەر دانیشتووم.

هێلینا:تۆ پێم ناڵێیت چیتە؟ پێم ناڵێیت تۆ چ جۆرە پیاوێکیت؟

کلیف:من _ وەك خۆت دەزانیت _ نوێنەر و موختاری ئەم ناوچەیە نیم. گوێ بگرە..هێلینا _ من وەك جیمی سەیری تۆ ناکەم..بەڵام قەتیش لە بەرەی تۆدا نیم. بەڵام لەوەتەی تۆ هاتوویتە نێوانمان هەموو شتێك لەم ماڵەدا خراپ بووە و تێکچووە..بێگومان قەتیش وا نەبووین. ئەگەرچی ئێرە هەمیشە مەیدانی شەڕ و گێچەڵ بووە..بەڵام دڵنیاشم ئەگەر من لێرە نەبوومایە..عومرێك بوو پەیوەندی نێوان ئەم دوو مرۆڤە کۆتایی پێهاتبوو. ناوبژیم کردوون و هەمیشە مەیدانی ئاشتی بووم بۆیان. هەندێك جاریش ژیانمان دوور لە ئاژاوە و کارەسات بووە..پڕبەدڵ شاد بووین. بەڵام زۆرجاریش ئێرە پارچەیەك بووە لە دۆزەخ. لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت بڵێم ئێمە لە شەڕ و گێچەڵ ڕاهاتبووین، ڕەنگە بڵێم بێ ئاژاوە هەڵناکەین و تا خەستتر بێت زەوقی لێ دەبینین..من ئەو دوو مرۆڤەم خۆشدەوێت. (ڕێك سەیری دەکات و چاوی لێ ناتروکێنێت..لەسەرەخۆ بەردەوام دەبێت).
هەروەها بەزەییم بە خۆماندا دێتەوە.

هێلینا:ئاخۆ ئەم بەزەییە منیش دەگرێتەوە؟

(بەلام خێرا لەسەری دەڕوات تا کلیف فریای وەلام نەکەوێت.) من لەو پیاوە تێناگەم..هەروەها لە تۆش و لە هیچ حالی نەبووم. ئەوەی تێیگەیشتم ئەوەیە کە هیچ کامتان وەك پیاو ڕەفتار ناکەن و وەك مرۆڤێکی شارستانی ناجولێنەوە.
(بە زمانێکی زال دەدوێت).
گوێ بگرە ئالیسن..من بروسکەیەکم بۆ باوکت نارد.

ئالیسن:(لەجێی خۆی سڕ دەبێت و شتەکانی لا تێکەل و پێکەل دەبێت)
ئۆه ..ئوو؟
(هێلینا سەیری ئالیسن دەکات و زوو هەست دەکات کە هەموو شتێك ئێستا کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە..دەیەوێت زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆ مەسەلەکە بۆ ئالیسن ڕوونبکاتەوە).

هێلینا:سەیرکە ئازیزم _ سبەینێ زوو باوکت لێرەیە. وام بە باشتر زانی..حەزم نەکرد بە تەلەفۆن ئەم بەزم و ڕەزمەی تێبگەیەنم. داوام لێکرد بەیانی زوو بگاتە ئێرە و تۆ لەگەل خۆیدا بباتەوە.

ئالیسن:چیت وت؟

هێلینا:مەسەلەکە زۆر سادەیە: تۆ حەز دەکەیت بچیتە مالی باوکت..ئەویش دێت و دەتباتەوە.

ئالیسن:ئاوا..تێگەیشتم.

هێلینا:زانیم، ئەوەندە بەسە. پێموت خۆی سەغلەت نەکات و هیچ نییە..وتم نەبا وا بزانن کارەساتێك لێرە ڕوویداوە. خۆ دەبووایە شتێك بکەم..بەقوربان.
(زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆ).
تۆ گوێی نادەیتێ... ها؟

ئالیسن:نەخێر گوێی نادەمێ..سوپاست دەکەم.

هێلینا:ئەگەریش بەدواتدا هات..ئەوە لەگەلیدا دەڕۆیت و دەنگ ناکەیت؟

ئالیسن:(کەم وەستانێك) بەلێ دەڕۆم.

هێلینا:(ئارام دەبێتەوە).

لەو باوەڕەدا بە زوو دەگات. ها کا لە دەوروبەری چاخواردنەوەدا گەیشت..تۆ تا ئەوسا فریای شت کۆکردنەوە دەکەویت، هەروەها ڕەنگە دوای ئەوەی تۆ دەڕۆیت _ جیمی _
(بەزەحمەت ناوی جیمی دەدرکێنێت).
کەمێك عەقڵ و هۆشی بێتەوە سەر..چاری نامێنێت و دەبێت ڕووبەڕووی شتەکان ببێتەوە.

ئالیسن:ئەرێ ئەوە کێ بوو لەسەر تەلەفۆن؟

هێلینا:نەمزانی کێ بوو . دوای بروسکەکە تەلەفۆن لێیدا _ هەرکە دامخستەوە زرنگەی هات.دەبووایە دیسان بچمەوە خوارێ..وابزانم..خوشکە..یەکێك بوو.

ئالیسن:دەبێت لە نەخۆشخانەوە بووبێت..یا هەر شوێنێکی دیکە، مەگەر لە دێری ڕەبەنان یەکێك بناسێت _ شتی واش نابێت، دەبێت؟ بەهەرحاڵ..ئەگەر پەلە نەکەین دوا دەکەوین..ها.
(یەکێك لە کتێبەکانی نوێژ دەخاتە سەر مێزەکە)
{جیمی دێتەوە ژوورێ و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەچەقێت و دەچێتە نێوان هەردوو ئافرەتەکەوە}.

کلیف:ها کاکە..خێرە؟

جیمی:(ڕوو دەکاتە ئالیسن).
دایکی "هیو" جە لتەی دەماغ لێیداوە.

ئالیسن:بەداخەوە.
(جیمی لەسەر سیسەمەکە دادەنیشێت).

کلیف:چ هەواڵێکی ناخۆشە!

جیمی:لەوە زیاتریان نەوت، بەڵام من دەڵێم ڕەنگە بمرێت.

کلیف:ئۆف.ئازیز!

جیمی:(کۆڵە مست بە دەموچاوی خۆیدا دەخشێنێت.) ئەوەیان هەرگیز ماقووڵ نییە..تۆ لات ماقووڵە؟

ئالیسن:لەدڵەوە دەیڵێم. بەداخەوەم.

کلیف:هیچ خزمەتێکت لە من ناوێت؟

جیمی:نیو سەعاتی دیکە شەمەندەفەری "لەندەن" دەڕوات. باشتر وایە تاکسییەکم بۆ بگریت.

کلیف:بەچاوان هەر ئێستا. (بەرەو دەرگاکە دەڕوات و دەوەستێت.) کاکە حەز دەکەیت لەگەڵتدا بێم؟

جیمی:نەوەڵلا..سوپاس. پاشان تۆ ئەوەندە نایناسیت. جگە لەوەش داوای تۆیان نەکردووە.
(هێلینا خێرا لە ئالیسن ڕادەمێنێت).
ئەوەی بیزانم..دەشێت منیش نەناسێتەوە.

کلیف:زۆر باشە. (دەچێتە دەرێ)

جیمی:زۆر چاك لە یادمە _ دوای مارەبڕینەکە _ وێنەکەی تۆم پێ نیشاندا. سەیرێکی وێنەکەی کرد و سێ ڕیز فرمێسك لە چاوەکانییە وە دەباری..هەر دەیوت و دەیوتەوە:
"بەڵام ئەم ئافرەتە زۆر جوانە! ئای کە ناسك و نازدارە!"
هەر دووبارەی دەکردەوە وەك بڵێیت باوەڕ بە چاوەکانی خۆی نەکات. گەر تۆ هەمان شت بڵێیتەوە زۆر سادە و عاتیفیانە دێتە بەر گوێ..بەڵام کە ئەو دەیوت: وشەکان لە دەمیدا دەتوت زێڕن.
(جیمی سەیری ئالیسن دەکات.."ئالیسن"یش لە تەك مێزی تە والێتەکە وەستاوە و پشتی کردۆتە جیمی).
تۆش بە جووتەیەك پاداشتیت دایەوە..زۆر کەسی دیکەش هەمان ڕەفتاری تۆیان لەگەڵدا نواند. ئەو پێڵاوانەم بەرێ..دەتوانیت؟
(دەنوشتێتەوەو پێڵاوەکانی دەداتێ و سەیری بەرپێی خۆی دەکات) تۆ لەگەڵما دێیت..وا نییە؟ ئێستا ئەو ئافرەتە (شانەکانی هەڵدەتەکێنێت.) کەسێکی لەلاوە نییە و تەنها خۆیەتی.
من پێویستیم بە تۆیە... لەگەڵمدا بێیت.

(جیمی سەیری ناوچەوانی ئالیسن دەکات، بەڵام ئەو ڕوو وەردەگێڕێت. هەر وەستاوە. لە دەرەوەش زرنگەی زەنگی کەنیسە دێتە بەرگوێ. هێلینا ڕووەو دەرگاکە دەچێت..چاوەڕوانە و زۆر بەدیقەتەوە سەیری هەردووکیان دەکات. ئالیسن هەر مت وەستاوە و جیمی سەیری دەکات و ئاگر لە چاوەکانی دەبارێت. پاشان بە بەردەمیدا ڕادەبورێت و لە مێزەکە نزیك دەبێتەوە و کتێبی نوێژەکە هەڵدەگرێت و پشتی تێدەکات. بەلارەلار ڕێ دەکات، لەوە دەچێت بیەوێت شتێك بدرکێنێت..کەچی لەجیاتی ئەوە ڕووەو سەرووی شانۆکە ملدەنێت و خێرا ڕوو دەکاتە دەرگاکە)

ئالیسن:(بەحاڵ دەنگی دێت) دەبا بڕۆین.
(ئالیسن ژوورەکە بە جێدێڵێت.بەدوای ئەودا هێلیناش دەڕوات. جیمی هەڵدەستێتەوە سەرپێ و سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات و باوەڕ ناکات..خۆی بەسەر سندوقی چەکمەجەکاندا لار دەکاتەوە. "ورچەکە" لە دەموچاوی نزیکە.. لەسە رخۆ ورچەکە هەڵدەگرێت و خێرا سەیری دەکات،فڕێی دەداتە سەر زەوییەکە.کاتێك بەر زەوییەکە دەکەوێت دەنگێکی کپ و مردووی لێ بەرز دەبێتەوە..بەزیکە زیکێکەوە غل دەبێتەوە _ هەروەك لە دیمەنی ریکلامدا پیشان بدرێت _ جیمی خۆی فڕێدەداتە سەر سیسەمەکە و دەموچاوی لەنێو نوێنەکەدا دەشارێتەوە).

خێرا .. دە ی!

پەردە

(پەردەی دووەم)

دیمەنی دووەم

ئێوارەی داهاتوو..کە پەردە هەڵدەکشێت ئالیسن لەلای ڕاستەوە دیارە..لەنێوان سیسەمەکە و مێزی تە والێتەکە هەر هاتووچۆیەتی..شتەکانی کۆدەکاتەوە و دەیانخاتە جانتاکەیەوە.
بەلای چەپدا: باوکی ئالیسن "کۆلۆنێل ڕێدفێرن" دانیشتووە پیاوێکی کەتە و قۆزە..تەمەنی شەست ساڵ دەبێت. چل ساڵ خزمەتگوزاری لە سوپادا وای لێکردووە هەندێك جار ئەو پیاوەتی و مروەتەی لە ناخیدا هەیە ون ببێت و بشاردرێتەوە. لەسەر ڕێز و فەرمان دەرکردن ڕاهاتووە و ئێستاش ئەو هێز و دەستەڵاتەی جاری جارانی نەماوە..کەس شت بە کڵاوی ئەو ناپێوێت. کەس شك نابات دەستەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێت..جا بۆیە نارەحەت و سەغڵەتە و هەست دەکات تەنیا و بێ دەرەتانە..هەر بۆیە لە ناوەوەرا پتر

شکاوەتەوە.ژنەکەی ئەم بارە تازەی بەدڵە و هەوڵیش دەدات سووکتری بکات..بەڵام مێردە هەر سەغڵەتە و سەری سوڕماوە. بەفیز و دیقەتەوە لە هەموو شتێك ورد دەبێتەوە.

کۆلۆنێل:(نیواونیو لەگەڵ خۆیەتی).
من لەوە دەترسم ئەو بارەی ئێوە لە توانای مندا نەبێت. ڕەنگە هەر وابێت. جیمی بە زمانێك دەدوێت لە هی ئێمە ناچێت و جیاوازە..وتت بۆ کوێ چووە؟

ئالیسن:چوو خاتوو "تانەر" ببینێت.

کۆلۆنێل:کێ؟

ئالیسن:دایکی هیو..هیو تانەر.

کۆلۆنێل:ئم..تێگەیشتم.

ئالیسن:گوایە نەخۆشە.."جەڵتەی دەماغ" لێیداوە. بێگومان..تۆ دەزانیت "هیو" لە دەرەوەی وڵاتە..جا لەبەرئەوە جیمی ڕۆیشت بۆ لەندەن تا بزانێت مەسەلە چییە و چاوێکی بەو ژنە بکەوێت.
(کۆلۆنێل سەر ڕادەوەشێنێت).ویستی منیش لەگەڵیدا بچم.

کۆلۆنێل:ئەرێ ئەو ژنە بوو کە فێری پاقلاوەفرۆشتنی کرد و دوکانی بۆ کردەوە؟

ئالیسن:بەڵێ باوکە..خۆیەتی.

کۆلۆنێل:ئەو ئافرەتە چۆن چۆنییە؟ مەبەستم ئەوەیە لە کوڕەکەی ناچێت..باوەڕ ناکەم..ها؟

ئالیسن:زۆرنا..ئۆه..چۆن وەسفی بکەین؟ ئەوا ئافرەتیکی سادەو ساکارە. جیمی سوورە لەسەر ئەوەی ناوی بنێین "چینی کرێکار". کارەکەری ماڵان بووە و شووی بە ئەکتەرێك کردووە..بەدرێژایی ژیانی ڕەنجی داوە و نەحەساوەتەوە..هەموو ژیانی بۆ مێرد و کوڕەکەی تەرخان کردووە تا بتوانێت پشتگیریان بکات..لەگەڵ جیمی مێردمدا بەقەد دونیایەك یەکدیان خۆشدەوێت.

کۆلۆنێل:جا تۆ لەگەڵیا نەچوویت؟

ئالیسن:نەخێر.

کۆلۆنێل:ئەی ئێستا کێ لەسەر دوکانەکەیە؟

ئالیسن:کلیف..هەر ئێستا دێتەوە.

کۆلۆنێل:ئۆه..بەڕاست..کلیف لەوێیە..ئەویش هەر لەگەڵ ئێوە دانیشتووە؟

ئالیسن:بەڵێ. ژوورەکەی لەخوارەوە یە و لەبن قاڵدرمەکانەوەیە.

کۆلۆنێل:دوکانی پاقلاوە. بۆ پیاوێکی گەنج و ڕۆشنبیر ئیشێکی زۆر بێمانا و بێجێیە. نازانم بۆ لەنێو ئەو هەموو کار و پیشانەدا ئەوەیانی هەڵبژاردووە. من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە دەبێت لەوە زیرەك و هۆشیارتر بێت.

ئالیسن:(چیتر حەز ناکات لەو گرفتە بدوێت)
ئۆه..زۆر کاروپیشەی تری گرت بەدەستەوە.. ڕۆژنامەگەری..پڕۆپاگەندە..بگرە بۆ چەند هەفتەیەك کەوتە خۆڵ و زبڵ ڕشتنی ماڵانیش. لەوە دەچێت لە هەموو کارێك پتر حەز بەمەیان بکات.

کۆلۆنێل:هەمیشە لە خۆم پرسیوە دەبێت گوزەرانی چۆن بێت _ لە کوێ دەژین..چونکە لە نامەکانتدا ئەوەندە باسی گوزەرانی خۆت نەکردووە.

ئالیسن:شتێکی وا نەبووە بینووسم..پاشانیش ژیانی ئێرە زۆر ساردوسڕە..هیچی تیا بەستە نییە.

کۆلۆنێل:ئۆه..تێدەگەم تۆ چ دەڵێیت. حەزت نەکردووە باسی بکەیت نەبا بڵێن لەگەڵ مێردەکەت بێوەفا و مرووەت بوویت.

ئالیسن:بێوەفا! (پێدەکەنێت) لای ئەو گەورەترین خیانەت ئەوە بوو نامەت بۆ بنووسم..نەك هەر ئەوە..دەبووایە بەفرۆفێڵ نامەکانی ئێوەم دەستگیر بووایە..خۆم دەچووم بۆ پۆستە نەبا بزانێت ئێوە نامەم بۆ دەنێرن.دەبووایە نامەکانیش بشارمەوە.

کۆلۆنێل:ئەو کابرایە بەڕاستی ڕقی لە ئێمەیە..وانیە؟

ئالیسن:ئۆو..ئەرێ وەڵلا _ هیچ گومانت نەبێت. ئەو ڕقی لە هەمووومان دەبێتەوە.

کۆلۆنێل:(هەناسەیەك هەڵدەکێشێت) جێی بەزەییە..ئەوپەڕی بەزەیی. هەمووی بێبەختییە _ بێبەختی و پێویستیش بەوە ناکات. جار هەیە بە ترس و گومانەوە دێمە سەر ئەو ڕایەی بڵێم: ئەم کابرایە تا ڕادەیەك هەقی بەدەستە.

ئالیسن:(سەری لەم قسەیەی باوکی سوڕ دەمێنێت.) هەقی بەدەست بێت؟

کۆلۆنێل:گەرچی کاتی ئەم ڕاستییەش بەسەرچووە..بەڵام چاك دەزانم من و دایکت لە گلەیی و گوناه بەدوور نین. من هیچ قسەیەکم نەکردووە و تێکەڵ نەدەبووم _ چونکە کار لە کار ترازابوو _ بەڵام لەو بڕوایەدا بووم کە دایکت زۆر دەست دەخاتە نێو کاروبارتانەوە..زیاد لە پێویست سەری کردبووە سەر جیمی. بێگومان دایکت زۆر پێی ناخۆش بوو کە ئێوە بۆ یەك بن _ تا بڵێی پەست و سەغڵەت بوو _ هەردووکمان سەغڵەت بووین _ ئەوەش ئەنجامی ئەو بەزمەیە کە تێیکەوتووین.ئەوپەڕی هەوڵمدا وازتان لێبێنێت..ویستم بیوەستێنم،بەڵام خودا بیگرێت ئەو مێشکی وا تێکچوو بوو..قسەی کەسی نەدەگرتە گوێ..هەرچەندی کردم ڕایی نەبوو... هیچم پێنەکرا. لەو باوەڕەدا بوو گەر ئەم کوڕە تۆ بخوازێت، ئەوە دەبێت چەتە و پیاوکوژ بێت. من پێم ناخۆش بوو وا کەوتبووە سۆراغ و پرسین _ تاوان خستنەپاڵ..من حەزم بەم ڕەفتارانە نەکردووە.

ئالیسن:لەو باوەڕەدا بە ویستوویەتی بمپارێزێت..بەڵام بەشێوەیەکی زۆر توندو تیژ..نابێت نکۆڵی لەوە بکرێت.

کۆلۆنێل:بەس دەبێت دانی پیابنێم کە ئەم چەشنە ڕەفتارەش جێی مەترسییە. بەهەرحاڵ..نابووایە وا ڕوویدات. من هەرگیز "جیمی"یم پەسەند نەکردووە و قەتیش بەدڵم نییە..بەڵام کە ئاوڕ لە ڕۆژانی ڕابردوو دەدەمەوە هەست دەکەم باشترین شت ئەوە بوو کە تێکەڵ نەبووینایە. هیچ نەبێت لەبەر ڕێز و مەقامی خۆمان.

ئالیسن:گوناهی تۆی تیا نەبووە..باوکە.

کۆلۆنێل:نازانم کچم. بەڵام هەموومان گلەییمان دێتەسەر..هەریەکەمان بەجۆرێك گوناهبارین. بێگومان جیمی نیازی پاك بووە. کۆڵێکیش بەرێزە..هەرچییەك بێت. بەڵام لەولاوەش دایکیشت بە نیازێکی پاکەوە ئەم بەزمەی نایەوە..بەس وەك خۆت وتت _ بەدەستێکی قورسەوە هاتەمەیدان. ڕەنگە من و تۆ لە هەمووان پتر گوناهبار بین.

ئالیسن:منو تۆ!

کۆلۆنێل:لەو بڕوایەدام تۆ لە منیش گوناهبارتر بیت..کچە شیرینەکەم تۆ حەزت کردووە سەرت سەلامەت بێت و لەسەر شوورەکە بۆی دانیشتوویت..چونکە بەم شێوەیە لە مەترسی دوور بوویت.

ئالیسن:لەسەر شوورە دانیشتنی چی! من شووم پێ کرد..ئاخر وانییە؟

کۆلۆنیل:ئۆه..بەڵێ دەزانم شووت پێکرد.

ئالیسن:تۆ دەڵێیت چی..کاتی خۆی چیت پێوتم؟ من لەدوای ئەو هەڕەشە و سووکایەتی پێکردنە شووم پێکرد! من نەبووم ئێوەم لەو بەرزاییەوە دابەزاند و دژتان وەستام..سەدەها بەزمی ترم پێکردن..چۆن توانیم؟

کۆلۆنێل:کچی خۆم ڕەنگە زۆر چاکتر بووایە گەر تۆ نامەت بۆ ئێمە نەناردایە _ تۆ چاك دەزانیت ڕای ئێمە بەرامبەر بە مێردەکەت چۆن بوو..دوای ئەوەی کە ئەم هەموو بەزم و ڕەزمەش ڕوویدا.
(بەناڕەحەتی سەیری کچەکەی دەکات).
بمبورە کچم..من هەموو شتێك تێکیداوم _ بروسکەکە و هاتنم وا بەپەلە.
(کۆلۆنێل سست هەنگاو دەنێت..هەنگاوی بێچارەیی و بێویستی خۆی. ماندوو دیارە..بە پەرێشانییەوە سەیری دەکات..بەجۆرێك کە چاوەکانی مانای تاوان خستنەپاڵ دەبەخشن..وەك بڵێیت بزانێت کچەکەی لەوەش پتر بەرگری لە خۆی دەکات. کە کچە هەست بەم شتانە دەکات..ئەو شپرزەتر دەبێت).

ئالیسن:تۆ دەزانیت چ قسەیەکی ناشیرینی بە دایکم وتوە؟ وتی دایکت: زۆرخۆر و نە وسنە، پیرە سۆزانییەکی هەبووەیە. پێیدەڵێت: "خوانێکی چەور و بەلەزەتە بۆ ئاهەنگی کرمەکان".
وابزانم..ئەمەیە قسەی جیمی!

کۆلۆنێل:ئاوا..تێگەیشتم. ئەی دەربارەی من چ دەڵێت؟

ئالیسن:ئۆو..ئەوەندە گوێی بە تۆ نەداوە. لەڕاستیدا وای بۆ دەچم تاڕادەیەك تۆی خۆشبوێت. تۆی خۆشدەوێت چونکە بەزەیی بە توودا دێتەوە.
(ئالیسن ئاگای لە خۆیەتی و دەزانێت چۆن دەدوێت..دەشزانێت قسەکانی بریندار دەکەن.) بە تۆ دەڵێت:

"ئای..ئەی پیرە باوکی بەستەزمان هەر لە پیرە درەختێکی بەجێماو دەچیت..یەکێك لەو پیرە درەختە چەقیوانەی سەردەمی پاشایەتی "ئێدوارد"..لەو قەفر و چۆڵەوانییە جێماوە و تێناگات و نازانێت بۆچی ئیتر خۆری لیّ هەڵنایە".

وا باسی تۆ دەکات.

(تا ڕادەیەك بەلاوازیو سستی).

بەهەرحاڵ..شتێك لەو بابەتە !

کۆلۆنێل:بەردی چاك دەوەشێنێت..وانیە؟

(زۆر ئاسایی و بەبیّ ڕق و کینە دەدوێت)

من نازانم تۆ بۆچی تووشت بە تووشی ئەم گەنجەوە بوو؟

ئالیسن:ئۆه..توو خوا باوکە..تکات لێدەکەم مەمخە بەردەمی دادگا..ئەوە چوار ساڵی ڕەبەقە بەشەو و بەڕۆژ من هەست دەکەم لە دادگام.

کۆلۆنێل:بەڵام  کە حاڵی وا بوو بۆچی تۆی خواست؟

ئالیسن:ئەمەیان ئەو پرسیارە بەناوبانگەیە کە ئەمریکاش لە خۆی دەپرسێت _ وەك خۆت دەیزانیت مەسەلەی شەست و چوار دۆلارەکە دەزانیت، دەشێت بۆ تۆڵە ژنی هێنابێت !

(باوکی وا سەر هەڵدەبڕێت کە لەم نیازە تێنەگات).

ئا..بەڵیّ..جۆرە کەسانێك هەن هەر بۆ مەبەستی تۆڵە ژن دێنن..بەهەرحاڵ.. جیمی یەکێکە لەو جۆرە کەسانە. یاخود خۆی بە "شیللی"یەکی دیکە دادەنێت و تێناگات بۆ منیش نابم بە "ماری"یەکی دیکە.بۆچی تۆش نەبوویت بە "ولیەم گۆدوین"ی باوکی "ماری"*. هەست دەکات قەت کەس وەك خۆی لە خۆشەویستی و برادەریەتی تێناگات _ بەو شێوەیەی خۆی دەیزانیت. هەرچی بێت..بیست ساڵی ڕەبەق ژیانێکی خۆش و بێگرێم بەسەربرد..کەچی کتوپڕ تووشی ئەم کابرایە بووم _ ئەم کێوی و ڕۆح تەتەرییە..هەمووی شێواند..خۆی لیّ ڕووت کردەوە و هاتە مەیدان. ڕەنگە تەنها ئافرەتێکی دیکە لەم کێشە و زۆرانبازییە تێبگات _ ئەگەرچی هێلیناش وەك تۆ سەری لەم هەرایە سوڕماوە.

کۆلۆنیل:سەرم سوڕماوە. (هەڵدەستێتەوە و بەرەو لای پەنجەرەکەی دەستەڕاست هەنگاو دەنێت). کچم..مێردەکەت فێری زۆر شتی کردوویت..جا گەر هەستی پێبکەی یا نا. ئەم شتانە چین..من نازانم. من هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم خەڵکی بۆیە دەبنە ژن و مێرد چونکە یەکدیان خۆشدەوێت. ئەوەیان لای من یەکێکە لەو هۆ بەنرخانەی خەڵکی دەخاتە داوی ژنهێنانەوە..بەڵام وەك ئاشکرایە لای گەنجی ئەم زەمانە

ئەوەیان هۆیەکی سادە و هیچە. دیارە ئەوان کە ژن دێنن دەبێت باسی ڕقەبەریو تۆڵەسەندنەوە بکەن. بەڕاستی هەرگیز نەمزانیوە و باوەڕم نەکردووە کە خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو بەم شێوەیە بێت.

ئالیسن:تەنها هەندێك ژنو پیاو بەم چەشنەن.

کۆلۆنێل:بەڵام بۆچی تۆ؟ نەو..کچم وازبێنە. ڕەنگە جیمی ڕاست بێت. ڕەنگە منیش _ من چیم؟ پیرەدرەختێکی جێماوی سەردەمی پاشایەتی "ئێدوارد" بم..ناشزانم ئیتر بۆچی خۆرم لێ هەڵنایە. خۆ تێدەگەیت مەبەستی چییە..وا نییە؟ بیرمە لە "ئازار"ی ساڵی 1914دا بوو کە ئینگلتەرەم بەجێهێشت بێجگە لە مەسەلەی ئیجازە. من بە دە ساڵیش جارێك ولاتی خۆم بەباشی نەدەدی..هەتا ساڵی (1947) کە بۆ یەکجاری گەڕاینەوە ئینگلتەرە. ئۆه..من زانیبووم زۆر شت گۆڕاوە..بێگومان، خەڵکی لە هەموو شوێنێکدا باسیان دەکرد کە بەرەو چ هەڵدێرێك دەڕوا و بەجارێك دونیا هیچ بووە، بەتایبەتی ئەوانەی وەکو "بلمپ"* بوون وایاندەوت _ بەس من لەدوورەوە و لەدەرەوەی ئەم هەرا و ئەم بەزم و ڕەزمە بووم و ئەم شتانەم بەڕاست نەدەزانی. ئەو ئینگلتەرەیەی من یادیم دەکردەوە: ئینگلتەرەی ساڵی (1914)م بوو کە من جێمهێشت..بەوە شاد دەبووم گەر هەر وەك جاران بێتەوە بەرچاوم و قەت نەگۆڕێت..جگە لەمەش هەموو سوپای "میهراجا"ش لەژێر سایە و دەستەڵاتی من دابوو _ ئەوە بوو دونیای من _ ئای کە ئەو جیهانەی خۆم خۆشدەویست و بەرگریم لێدەکرد. ئەوسا هەموو شتێکم لا دڵگیر بوو..ئەوسا وامدەزانی هەتاهەتایە هەروا دەبێت و هیچ ناگۆڕێت. کە ئێستا بیری لێدەکەمەوە هەروەکو خەون دێتەوە بەرچاوم. بەس خۆزیا هەتاهەتایە هەروا بووایە..گەر وا بووایە. چەند خۆش بوو دانیشتنی ئێوارانی دووروردرێژ و فێنکی سەر گردەکان کە هەموو شتێك وەك ئاڵتوون دەبریسکایەوە، هەموو شتێك لەژێر ڕەنگێکی ئەرخەوانیدا مەلەی دەکرد. ئەوسا من و دایکت گەلێك شاد و بەختەوەر بووین. هەروەك بڵێیت هەر شتێك خەونمان پێوە دیبێت..هاتبێتە دی. وا هەست دەکەم بۆ دواجارو دوا ڕۆژ خۆر لە من هەڵاتبێت: ئەو ڕۆژە بوو کە شەمەندەفەرێکی هیندی بۆر و چکۆلانە و پیس کەوتە فیکەفیك و دووکەڵ فڕێدان..لەنێو قەڵەباڵغی و دووکەڵدا وێستگەکە خەریك بوو دەخنکا. باندی بەتالیۆنەکەش کەوتبووە سەرگەرمی مەشق و مۆسیقا بۆ ئەو شتە سەنگین و بەنرخانەی ئەوسا. لەناخەوە هەستم کرد ئیتر ئەو هەموو شتە تەواو..هەموو شتێك کۆتایی هات.

ئالیسن:باوکە..تۆ غەمگین و دڵ بە ئازاریت چونکە هەموو شتێك گۆڕاوە. کەچی جیمی خەمبار و پەستی ئەوەیە کە هیچ شتێك نەگۆڕاوە. ئێوە هیچ کامتان ناتوانن ڕووبەڕووی مەسەلەکە ببنەوە. دەبێت هەڵە لە شتێکدا هەر هەبێت..وا نییە؟

کۆلۆنێل:لەوە دەچێت..کچە شیرینەکەم.

(ئالیسن سمۆرەکە لەناو چەکمەجەکە دەردەهێنێتو دەیەوێت بیخاتە جانتاکەیەوە. دەکەوێتە دوودڵی و پاشان دەیخاتەوە شوێنی خۆی. کۆلۆنێل ئاوڕی لێ دەداتەوە. ئالیسن ڕووەو باوکی غل دەبێتەوە و ڕووی خۆی لێ دەشارێتەوە. بۆ چەند ساتێکی کەم دڵ لەدڵ دەدات و نیازی بڕیارێکی هەیە..بەڵام کەوتۆتە نێوان دوو ڕێ..ئەم هەڵبژاردنە قورسە وای لێدەکات خۆی بسوڕێنێت و کتوپڕ خۆی بە باوەشیدا دەدات و نەرم دەگری.

(دەستبەجێ.)

کچم ئەمەیان هەنگاوێکی گەورەیە دەینێیت. تۆ بڕیاری تەواوت داوە لەگەڵمدا بگەڕێیتەوە؟ بەڕاستی ئەوە نیازتە؟

(هێلینا دێتە ژوورێ.)

هێلینا:بمبورن. هاتم شتەکانت بۆ کۆبکەمەوە..ئالیسن. ئۆو..لەوە دەچێت تەواو بووبێت. (ئالیسن باوکی بەردەدات و بەرەو لای سیسەمەکە دەڕوات و سەری جانتاکە دەنێتەوە.)

ئالیسن:تەواو... !

هێلینا:هیچت بیر نەچووە؟

ئالیسن:نەخێر! ئەوەشی کە ماوەتەوە، هەر کە ڕێکەوت کلیف دەتوانێت بیهێنێت..وا بزانم دەتوانێت. دەبووایە تا ئێستا بێتەوە. ئۆو..بێگومان ئیمڕۆ نۆرەی خۆیەتی ئاگای لە دوکان بێت.

کۆلۆنێل:(ڕەت دەبێت و جانتاکە هەڵدەگرێت.) ئێ..باشترە وایە جانتاکە بخەمە ئۆتمبیلەکەوە. با بڕۆین..من دەزانم دایکت پەرێشانە. وام بەڵێن دابوو گەر بگەمە ئێرە تەلەفونێکی بۆ بکەم. ئەویش تەندروستی ئەوەندە باش نییە.

هێلینا:هیوادارم بروسکەکەی من نەیخستبێتە مەترسی و دڵەڕاوکێوە. وا بزانم نەدەبوو من _

کۆلۆنێل:هەرگیز..بەپێچەوانەوە. ئێمە بەوە خۆشحاڵ بووین. لەڕاستیدا تۆ زۆر دڵسۆزانە جوڵایتەوە. دایکی سوور بوو لەسەر ئەوەی بێت..بەڵام من بە تکا و نزا وام لێکرد نەیەت. زانیم بۆ هەموو لایەکمان وا باشترە. هێلینا خان..ئەی کوا جانتاکەی تۆ؟ با لەگەڵ جانتاکەی ئالیسن—دا بیبەم.

هێلینا:وا بزانم ئەمشەو بۆم ناکرێت..ناتوانم ئێرە جێبێڵم.

ئالیسن:(بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە) تۆ لەگەڵ ئێمە دا  نایەیت؟

(کلیف دێتە ژوورێ.)

هێلینا:من پڕبەدڵ حەز دەکەم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە "برمنگەهام" بەڵێنی چاوپێکەوتنێکم داوە _ دەربارەی ئیشێکی تازە. دەقی شانۆگەرییەکی تازەیان بۆ ناردووم..گرنگە نامەوێت لە دەستم بڕوات. جا بۆیە وای بە پەسەند دەزانم ئەمشەویش هەر لێرە بمێنمەوە.

ئالیسن:ئا..تێگەیشتم..هەلاو..کلیف!

کلیف:هەلاو خاتوون.

ئالیسن:باوکە..ئەوەیە کلیف.

کۆلۆنێل:چۆنیت کلیف..چاکیت؟

کلیف:تۆ چۆنیت گەورەم.

(وەستانێکی کەم.)

کۆلۆنێل:ئێ..وا باشترە جانتاکە بخەمە ناو ئۆتمبیلەکەوە..وا نییە؟ ئالیسن..کچم دوا مەکەوە. خواحافیز..هێلینا خان. هیوادارم زوو یەکدی ببینین گەر تۆ سەرقاڵ نەبیت.

هێلینا:ئۆه..بەڵێ..یەك _ دوو ڕۆژێکم پێ دەچێت.

(کلیف چاکەتەکەی دادەکەنێت.)

کۆلۆنێل:دە باشە..کەواتە _ ئێستا ماڵئاوا..کلیف.

کلیف: ماڵئاوا..گەورەم.

(کۆلۆنێل دەچێتە دەرێ و کلیف بەدەستەچەپدا هەنگاو دەنێت.هێلینا–ش بەرەو ناوەڕاست.)

کەواتە تۆ بەڕاستیتە دەڕۆیت؟

ئالیسن:بێگومان دەڕۆم.

کلیف:وابزانم "جیمی"یش هەر ئێستا دێتەوە. چاوەڕێی ناکەیت؟

ئالیسن:نایەوێت کلیف..نەخێر.

کلیف:ئەی کێ پێی دەڵێت؟

هێلینا:من دەتوانم پێی بڵێم. گەر هاتەوە و من لێرە بووم..ئەوە ئاسانە.

کلیف:(بەهێمنی) تۆ نیازتە لێرە بیت.
(ڕوو دەکاتە ئالیسن.)
لەو باوەڕەدا نیت کە باشتر وایە خۆت پێی بڵێیت؟
(ئالیسن زەرفێك لە جانتا چکۆلانەکەی دەردەهێنێت. کلیف لێی وەردەگرێت.)
ئەمەی تۆ تۆزێك داب و نەریتی خۆمانی پێوە دیارە..وا نییە؟

ئالیسن:من ئافرەتێکی خاوەن داب و نەریتم.
(کلیف بەرەو لای ئالیسن دەچێت و هەردوو باسکی تێوە دەئاڵێنێت.)

کلیف:(ئاوڕێك لە هێلینا دەداتەوە و شانەوشان دەیدوێنێت.)
هیوادارم بەڕاستت بێت..چیتر نا.

هێلینا:مەبەستت چییە؟ چیم بەڕاست بێت؟

کلیف:(بۆ ئالیسن) هەر ئێستا دوای تۆ ئێرە دەبێت بە شێتخانە..شرِوشەپڕێو دەبێت..تۆ ئەم ڕاستییە دەزانیت..وانیە؟

ئالیسن:تکات لێدەکەم..کلیف _
(کلیف سەری بۆ دەلەقێنێت. ئالیسن ماچ دەکات.)
نامەت لێ نابڕم.

کلیف:خواحافیزت بێت.. ڕوحەکەم.

ئالیسن:چاوێکت لە "جیمی" بێت.

کلیف:وا دەکەین ئەم کۆنە کولانەیە بمێنێت.

(ئالیسن بەرەو ناوەڕاست هەنگاو دەنێت..دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە، خێرا سەیرێکی هەردوو کورسییەکە دەکات.. ڕۆژنامەکانی دوێنێ وەك خۆیان لەو ناوەدا پەرش و بڵاو کەوتوون. هێلینا ڕوومەتی ئالیسن ماچ دەکات و توند دەستی دەگوشێت.)

هێلینا:زوو بتبینمەوە.
(ئالیسن سەر ڕادەوەشێنێت و خێرا دەچێتە دەرێ. کلیف و هێلینا جێدەمێنن و سەیری یەکدی دەکەن.)
حەز دەکەی تۆزێك "چا"ت بۆ لێبنێم؟

کلیف:نەخێر..سوپاست دەکەم.

هێلینا:وابزانم خۆم حەزم لێیەتی..ئەگەر تۆ ڕێم بدەیت!

کلیف:کەواتە تۆ هەر لێرەیت؟

هێلینا:تەنها ئەمشەو..بۆچی پێت ناخۆشە؟

کلیف:من هەقم چییە. (خۆی بەسەر مێزەکەی ناوەڕاستدا لار دەکاتەوە.) بێگومان.. ڕەنگە جیمی دوابکەوێت و وا زوو نەگەڕێتەوە.
(هێلینا بەدەستەچەپدا هەنگاو دەنێت و لە پەنجەرەکە نزیك دەبێتەوە و جگەرەیەك دادەگیرسێنێت.)

هێلینا:بەڕای تۆ دەبێت چی بکات؟ ڕەنگە بەدوای یەکێك لە کۆنە دۆستەکانیدا بگەڕێت. ئەی مەسەلەی ئەو "مادلین" ناوە چی بەسەرهات؟

کلیف:"مادلین"ی چی..چییەتی؟

هێلینا:ئەی ناڵێن گوایە ئەو ئافرەتە زۆر شتی بۆ کردووە؟ داخوا ناتوانێت بگەڕێتەوە لای ئەو؟

کلیف:لەو بڕوایەدا نیم.

هێلینا:بۆ  چی بووە؟

کلیف:ژنێکی زۆر بەتەمەنە و هەر بە دایکی "جیمی" دەشێت. وابزانم ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە! لەڕاهی دۆزەخ من بۆ بزانم مەسەلە چییە؟
(بۆ یەکەم جار کلیف زەوقی تێکدەچێت و بەتەواوی قەڵس دەبێت..هێلینا—ش بەسەرسامییەوە سەیری دەکات.)

هێلینا:ئاخر تۆ برادەری "جیمی"ت..وانییە؟ بەهەرحاڵ ئەویش لەوە ناچێت ئەوەندە مت و بەئەدەب و دوورەپەرێز بێت وەك تۆ بۆی دەچیت..وایە؟ من کەسم نەدیوە وەك ئێوە ڕۆحێکی وا ڕووت و قووت بێت.
(کلیف دەیەوێت بچێتە دەرێ.)

هێلینا:بەتەما نیت بمێنیتەوە؟

کلیف:نەخێر بەتەما نیم. پێنج دەقیقە لەمەوبەر شەمەندەفەرێك لە "لەندەن"ەوە گەیشتۆتە وێستگە..بەهەرحاڵ ڕەنگە جیمی لەگەڵ ئەو شەمەندەفەرە هاتبێتەوە..جا بۆیە حەزدەکەم بچمە دەرێ.

هێلینا:وا باشتر نییە لێرە بیت کە ئەو دێتەوە؟

کلیف:من ئیمڕۆم سەخت و ناخۆش بوو..حەز ناکەم کەس بەدڵشکاوی ببینم تا پاروە نانێك دەخۆم.. ڕەنگە حەز لە تۆزێك خواردنەوەش بکەم. وا بزانم دەکرێت کچۆڵەیەکی سووك و ناسك لە دوکانی یەکێك لە ساردەمەنی فرۆشەکان لەگەڵ خۆمدا بێنمەوە..بەدزییەوە لە پشت سەری داپیرە "دروری"یەوە بیهێنمە ژوورەوە. (نامەکەی بۆ فڕێ دەدات.) ها..ئەوەتا ئەم نامەیەی بدەرێ. (بەرەو لای دەڕوات.) هەمووی دەبێتە ماڵی خۆت..ئەویش دەبێتە موڵکی خۆت.
(لەبەر دەرگاکەوە) هیوادارم هەتا کونەلووتت بەر قۆچی ئەو بکەویت!
(دەچێتە دەرێ.)
(هێلینا ڕووەو مێزەکە ملدەنێت..جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە. لە خوارەوە تەقەی دەرگای حەوشەکە دێت.لە کانتۆرەکەوە نزیك دەبێتەوە بەبێنیاز دەیکاتەوە: بەتاڵە..تەنها پارچەجلێکی تیایە و ئەویش بە عەلاگەکەوە هەڵواسراوە. لە مێزی تە والێتەکە نزیك دەبێتەوە سەر مێزەکە چۆڵە و  وێنەیەکی "جیمی" لەسەرە کە خراوەتە چوارچێوەوە. بەبێهودەیی چەکمەجەکان دەکاتەوە و دایاندەخاتەوە. ڕووەو سەرووی شانۆکە ملدەنێت. بەرەو لای سندوقێکی دیکەی چەکمەجەدار..ورچەکە هەڵدەگرێت و لەسەر سیسەمەکە دادەنیشێت. سەیری ورچەکە دەکات و لێی ورد دەبێتەوە. سەری بەسەر سەرینەکەدا لار

دەکاتەوە..ورچەکەشی هەر بەدەستەوەیە. کە لەپڕ دەرگا دەکرێتەوە..ئەو خێرا سەر هەڵدەبڕێت و جیمی دێتە ژووری. جیمی دەوەستێت و سەیری دەکات..پاشان بەرەو خوار و بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە دەجوولێت. پاڵتۆ موشەمماکەی دادەکەنێت و فڕێی دەداتە سەر مێزەکە. ئەوەندە توڕەیە کاس بووە..بۆیە سەنگی خۆی دەخاتە سەر کورسییەکە و خۆی پێوە دەگرێت. سەر هەڵدەبڕێت و بەرز دەڕوانێت.)

جیمی:ئەو پیرەمێردە حەرامزادەیە خەریکبوو بمکات بەژێر ئۆتمبێلەکەی خۆیەوە! خۆ ئەگەر بیکوشتمایە..بەڕاستی دەبوو بە کارەساتێکی پڕ لە گاڵتەجاڕی. جێی خۆی بوو ژنەکەشم لەو ساتەدا ڕێبوارێکی سەرەڕۆ بووایە و هاکەزایی سەیری ئەم کارەساتەی بکردبایە..ئەرێ پێم ناڵێیت ئەو خەڵکە چی بەسەرهاتووە؟

(بەرەو لای هێلینا دەچێت.)

هەر ئێستا کە کلیف لە ماڵ هاتەدەر.. ڕووبەڕووم دەهات،کەچی دیم ڕێگەی خۆی گۆڕی و خۆی وا نیشان دا کە نەیدیوم. ئەوە تەنها تۆ لێرە ماویتەوە و لە هیچ ناترسیت؟

(هێلینا نامەکەی ئالیسن دەخاتە دەستی جیمی و ئەویش وەریدەگرێت.) ئم... یەکێکە لەوانە... وانییە؟

(زەرفەکە دەدڕێنێتو دەیکاتەوە.)

(یەك _ دوو دێڕی لێ دەخوێنێتەوە..باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات و دەمشێنێت.)

تۆ ئەم قسانەت بۆ نووسیوە! کەواتە گوێ بگرە!

(نامەکە دەخوێنێتەوە.)

"ئازیزەکەم..من دەبووایە جێت بێڵم. باوەڕ ناکەم تێمبگەیت..بەڵام تکایە هەوڵبدە..بەڵکو بتوانیت تێمبگەیت. زۆر عەوداڵی هێمنیم..ئامادەشم لەپێناو خۆشی و هێمنیدا هەموو شت بەخت بکەم. نازانم چیمان بەسەردێت. دەزانم لەمەودوا دڵتەنگ و پەست و بێزار دەبیت..بەڵام تۆزێك لەگەڵمدا بەئارام بەو سنگت فراوان بێت. هەمیشە خۆشەویستی تۆ مەرام و پێویستی منە..!

ئالیسن."

ئۆه..چۆن توانیویەتی دڵتەڕێکی وا چەپەڵ بێت! خۆشەویستیت ئەوپەڕی مەبەست و ویستمە! ئەم قسەیەی وام لێدەکات بڕشێمەوە.

(بەرەو لای ڕاست هەنگاو دەنێت.)

نەیتوانیوە بڵێت "تۆ ئەی حەرامزادەی پیس و بۆگەن..بەقەد دونیایەك قینم لێتە..وا من ماڵم چۆڵ کرد..خودای دە کرد تۆش دادەڕزایت." نەخێر..چۆن وا دەڵێت..دەبێت بیکات بە خوانی ئەدەب و عاتیفە!

(پارچەجلێکی ئالیسن لەناو دۆڵابەکە دەبینێت..دەریدەهێنێت و هەڵیدەداتە قوژبنی دەستەچەپ.)

خۆشەویستیت ئەوپەڕی ویستمە! قەت نەمدەزانی ئەوەندە تەڵەکەباز و بە ئاین و ئۆینە! ئەمەیان چییە _ دێڕێکە لە یەکێك لەو شانۆگەرییانەی تۆ دەورت تیا بینیوە؟ ئەرێ پێم ناڵێیت تۆ لێرە چی دەکەیت؟ ئەگەر حەز دەکەیت سەرت تێك نەقوپێنم..وا چاکترە تێکەڵم نەبیت و بەردەمم چۆڵ بکەیت.

هێلینا:(بەهێمنی) ئەگەر بۆ ساتەوەختێك هەر بیر لە خۆت نەکەیتەوە..حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم کە پێویستە بیزانیت. هەر بزانە ژنەکەت منداڵی بوو.

(جیمی تەنها سەیری دەکات.)

ئەوە چییە؟ بەلاتەوە گرنگ نییە؟ هەتا تۆش؟

(جیمی ئەبڵەق بووە..بەڵام نەك بە هەواڵەکە..بەڵکو پتر سەری لە هێلینا سوڕماوە.)

جیمی:دەی باشە..بەڵێ. من پێت دەڵێم تەواو سەرسامم. بەڵام حەز دەکەم تۆ پێم بڵێیت چاوەڕێی ئەوەت دەکرد گێلانە بەنیو قوڕ و چلپاودا لەسەر چۆك بخشێم و بەپەشیمانی بچمە بەردەمی و بمرم و بتوێمەوە.

(لە هێلینا نزیك دەبێتەوە.)

گوێ بگرە..ئەگەر واز لە عەقڵ و مەکری ژنانەی خۆت بێنیت..ئەوسا یەك _ دوو قسە هەیە پێتی دەڵێم: من گوێی پێ نادەم و باکم نییە (هێمنتر دەدوێت.) بەلامەوە گرنگ نییە منداڵی ببێت. گرنگیش نییە گەر ئەو مناڵە دوو سەری هەبێت!

(جیمی دەزانێت هێلینا پەنجەکانی بۆ لێدان کەوتنە خورشت.)

وام لێکردیت قێزت بکەیتەوە؟ هەقتە..وەرە پێش _ شەپازللەیەکم پیا بکێشە. بەڵام بیرت بێت من زووتر چیم پێوتوویت..بزانم دەتوانیت؟ بۆ ماوەی یانزە سەعاتی ڕەبەق بەدیار مرۆڤێکەوە دانیشتبووم کە زۆرم خۆش دەویست..لەژێر ئازاری مەرگدا وەنەوزی دەدا و دەتلایەوە. ئەو ئافرەتە هەر بەتەنیا مرد..لە من زیاتر کەسی دیکە لەوێ نەبوو. کە بۆ پێنجشەممە لەپشت تەرمەکەیەوە هەنگاو دەنێم..دیسان هەر تەنیا خۆم دەمێنمەوە. چونکە ئەو دێڵەسەگەی ژنم چەپکێك گوڵیش بۆ سەر گۆڕەکەی نانێرێت. بەقەد قورسایی خۆی گوناهی کردووە و تاوانبارە. وا دەزانێت دایکی "هیو" ئافرەتێکی هەژار و نەخوێندەوارە و نازانێت لە کات و شوێنی شیاودا چۆن ڕەفتار بکات..جا بۆیە وا هەست دەکات پێویست ناکات خۆتی پێوە سەغڵەت بکەیت..ئیتر دەبێت بدرێتە بەر تران! وا هەست دەکەیت دونیام لێ وێك دێتەوە و سەرسام دەبم چونکە ئەو ژنە دڵڕەق و دەماغسزە منداڵی دەبێت! (ئازارێك خۆی لە دەنگیدا دەنوێنێت.) قەت باوەڕ ناکەم..نەخێر (شانی هێلینا دەگرێت.) دەی باشە..ئیتر هەموو شتێك تەواو.ئەم شانۆگەرییەش تەواو. هەستە و بەتەنیا جێمبێڵە و برۆ دەرێ..لەگەڵ تۆمە هەی داوێنپاکی مێشك پیس.

(هێلینا زۆر بەتوندی دەموچاوی جیمی ئاگر دەدات. دوو شەپۆلی ترس و بروانەکردن لەسەر ڕووی "جیمی"دا تێکەڵ دەبن. بەڵام دێتەوە سەر خۆی..تەنها ئازارێك خۆی لە ڕووخساریدا دەنوێنێت. بە هەردوو دەست سەری خۆی دەگرێت..بە گریانێکی کپ و خنکاوی نائومێدییەوە دەتەقێتەوە. هێلینا دەستەکانی پێ لادەبات و بەسۆزەوە ماچی دەکات.. ڕایدەکێشێت و بەیەکەوە لەسەر زەوییەکە دادەنیشن.)

کۆتایی پەردەی دووەم

(پەردەی سێیەم)

دیمەنی یەکەم

دوای چەند مانگێك. ئێوارەیەکی یەکشەممە، هەندێك شتومەکی ئالیسن کە لەسەر مێزی توالێتەکە دانرابوون..بۆ نموونە: وەکو کەرەستەی خۆئارایشت کردن..ئێستا هیچیان نەماون و لەبری ئەوە هێلینا هی خۆی ڕیز کردوون.
کە پەردە هەڵدەکێشرێت: جیم و کلیف دەبینین لە ناو کورسییەکاندا پاڵ کەوتوون..لە هەموو لایەکەوە ڕۆژنامەی یەکشەممەیە و لەو ناوە کەوتووە. هێلینا–ش لەخوارووی ئەوانەوە و بەدەستەچەپدا وەستاوە..خۆی بەسەر مێزی ئوتووەکەدا لار کردۆتەوە..لە تەنیشتییەوە کەمێك جلوبەرگ لەسەریەکدی کەڵەکە کراون. هێلینا لە جاران جوانتر دەنوێنێت چونکە دەموچاوی زیاتر حەسانەوەی پێوە دیارە. هێشتا ڕەند و جوانە بەڵام دەستکرد نا..بەڵکو لە بێباکییەوە ئاوا ڕەندە..کۆنەکراسێکی جیمی لەبەرکردووە.

کلیف:دیسانەوە کۆنەسەبیلە بۆگەنەکەتە!
(وەستانێکی کەم.)

جیمی:دەمت داخە.

کلیف:تۆ بۆ چارەیەکی ئەو سەبیلەیە ناکەیت؟

جیمی:من بۆ هەموو یەکشەممەیەك نیوەی کاتی خۆم بەم پارچە کاغەزانە بەفیڕۆ دەدەم؟

کلیف:(شەقێك لە جیمی هەڵدەدات بێئەوەی ڕۆژنامەکەی بەرچاوی لابەرێت.) پایپەکەت بۆنی دێت..بۆگەنی کردووە!

جیمی:هەروەها تۆش بۆگەنت کردووە..بەڵام بۆ ئەوەیان ئاوازێکم دانەناوە. (لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکە هەڵدەداتەوە.) ئەوانەی پیسن تا دێت پیستر دەبن..ئەوانەشی کە پۆشتەن تا دێت زیاتر خۆیان گف دەکەنەوە.
(ڕۆژنامەکەی دادەگرێتو پایپەکەی بۆ هێلینا دەجوڵێنێت.)
ئەرێ تۆش پێی قەڵس و سەغڵەت دەبیت؟

هێلینا:نەخێر. من زۆر حەزی پێدەکەم.

جیمی:(ڕوو دەکاتە کلیف.) دەبینیت _ ئەم ژنە حەزی پێدەکات!
(دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژنامەکەی. کلیف دەمڕێنێت.)
هیچت خوێندۆتەوە دەربارەی ئەو بەرهەمە خراپ و سەیرانەی کە لە "میدلاند"دا پێشکەش دەکرێن؟

کلیف:دەربارەی چی؟

جیمی:دەربارەی ئەو بەرهەمە دزێو و سەیرانەی لە "مێدلاند" بەردەوام هەن.

کلیف:نەخێر..چییانە؟

جیمی:لەوە دەچێت کۆنە هەوار نەناسینەوە. ئەوەتانێ هەمووی لێرە وتراوە. ئەم هەفتەیە شتی ترسناك و سەیر درکێندراوە. هەروەها بێتەوە سینەماکانیش ئەوەتانێ سەر لە نوێ لە خواوەندی پیت و بەرەکەتی قیپتییەکان دەپارێنەوە و نوێژی بۆ دەکەن.

هێلینا:تا بڵێیت پیس بووەو دونیاش خراپ تێکچووە.

جیمی:بەڵێ.. ڕاستییەکەی ئێمە خۆمان تێکچووین..وانییە؟ ئەی خوایە..بڕوانە چەند بەقۆڕی ئەو خەڵکە سەریان لە خۆیان شێواندووە. لەم هەفتەیەدا کچێکی بەناوبانگ سەرگوزشتەی خۆی گێڕاوەتەوە کە چۆن لەنێو گەرمەی ئاهەنگ و بەزموڕەزمی شێتانەی نێو بازاڕی "هاربۆرۆ"دا بێچووە کەڵەشێرێکی کوشتووە و یەکسەریش خوێنەکەی فڕ کردووە..گرەو دەکەم کە چەندەها کەڵەشێر لە دوکانەکەی "فرتنەمز"* بوونەتە قۆچی قوربانی!
(دەکەوێتە بیرکردنەوە.)
ڕەنگە ئەم ڕەفتارەش هەمان ڕەفتاری "دروری" خان بێت کە هەموو ئێوارەیەکی یەکشەممە دووبارەی دەکاتەوە. بە ئەرکێکی گرنگ هەڵدەستێت وەك یەکێك بێت لە "کۆمەڵەی کچانی مەسیحی" _ ڕەنگە ئێستا "دروری" خان لەو چەشنە مەشقکردنەدا بێت.
(ڕوو دەکاتە هێلینا.)
ئەرێ تۆ مێشکت بەم شتانەوە خەریك کردووە یا نا؟

هێلینا:(پێدەکەنێت) تا ئەم دواییەش نەخێر.

جیمی:دەزانیت ئەم کوپە چایەی تۆ _ با بلێم لە کوپی خوێن دەچێت. (لاسایی دایلێکتی ناوچەی میدلاند دەکاتەوە.) ئیٚ..مەبەستمە بلێم وا لە مرۆڤ دەکات بجوولێت..وا نییە؟ بەهەرحالٚ..ژیان مانای نەدەبوو ئەگەر هەموومان وەکو یەکدی بووینایە.. هیچ مانای نەدەبوو! دەبوو بە گالتەجاڕی ئەگەر هەموومان یەك چەشن بووینایە..هەموو جارێکیش ئەم قسەیە دووبارە دەکەمەوە!

(بەدەنگی ئاسایی خۆی دەدوێت.)

سالانێکە وا هەست دەکەم پەیکەرێکم لە مۆم..کەسێکیش بەردەوام دەرزی ئاژنم دەکات.(کتوپڕ) بێگومان: مەبەستم دایکی "ئالیسن"ە، هەموو هەینییەك مۆمەکە لە "هارۆدز"ەوە دێت..کۆتایی هەموو شەموانێکیش ئەو ژنە هەموو گیانم دەرزی ئاژن دەکات. دەتوانم بلێم ئەو ئافرەتە هەموو گەمەی "بریج"ەکەی لێتێکچوو.

هێلینا:تۆ بۆ هەولٚی شتێك نادەیت؟

جیمی:بەلیٚ..بیرێکی چاکە. (دەست بۆ کلیف درێژ دەکات.)

وەك سەرەتایەك دەتوانین کلیف لەسەر زۆپای گازەکە سوور بکەینەوە. ئەریٚ هیچ "شلٚنگ"مان بەدەستەوە ماوە بۆ هەقی ئەو برە گازە؟ شتێکی چاکە ئێوارانی پایز. وێرای ئەوانەش مەسەلەی قوربانیدان بووەتە وازهێنان لە شتێك کە تۆ هەر لەسەرەتاوە نەتویستووە..دەزانیت مەبەستم چییە؟ ئەو خەلکە هەمیشە بەم شێوە ڕەفتار دەکەن. ئەوانە واز لە ئیش و کار دێنن _ با بلێین _ واز لە بیروباوەڕیش دێنن..یاخود واز لە توخمی خۆشیان دێنن. هەر یەکەشیان وا بیر دەکاتەوە: کە چەندە سەیر و عەنتیکەیە بتوانیت واز لەم شتانە بهێنێت. ئای گەر منیش دەمتوانی! بەلام ڕاستییەکەی ئەوانە فێلٚ لە خۆیان دەکەن و دەیانەوێت فێلٚ لە تۆش بکەن. ئەوەندە گران نییە واز لە شتێك بێنیت کە لە دلەوە هەر نەتویستووە. نابێت پێیان سەرسام بین..بەلکو دەبێت دلمان پێیان بسووتێت.

(کتوپڕ زنجیرەی خەیالٚی دەپچڕێت و دێتەوە سەر هۆش. ڕوو دەکاتە کلیف.)

ڕۆژێك دێت تۆ قوربانییەکی گەورە بدەیت.

کلیف:(لەژێر لێوەوە) کڕ بە کوڕم..دەمەوێت بخوێنمەوە.

جیمی:دوایی..دەتوانین کوپە خوێنێکی بەلەزەتی کلیف بخۆینەوە. ناتوانم بلێم حەزیشی پێدەکەم. خوێنم دیوە.. ڕەنگێکی قرمزی و زۆر ئاساییە.

(ڕوو لە هێلینا دەکات و دەیدوێنێت.) خوێنی تۆ شیرینترە..وا بزانم شتێکی کالە..نەخێر؟ پاشان لە خواوەندی پیت و فەڕی قیپتییەکان دەپاڕێینەوە..دەزانیت چۆن وا دەکەیت؟ (ڕوو لە کلیف دەکات.) هیچی لیٚ دەزانی؟

کلیف:بڕوا مەکە پێویستیت بەوە بێت بزانیت چۆن لە خواوەندی _ نازانم _ چی _ دەپاڕێیتەوە!

جیمی:بەڵێ..دەزانم مەبەستت چییە. (ڕوو لە هێلینا دەکات.) باشە خۆ ناکرێت داوای بەڵا و نەگبەتی لێ بکەین..وایە؟ ڕەنگە لەم ژنە بوەشێتەوە..ئەوەتانێ نامەیەکی دووروردرێژی نووسیوە دەربارەی زاووزێی دەستکرد..لەژێر ناوی: ئایا چیتر پێویست دەکات سەبر لە خوا بگرین!

(ڕۆژنامەکە فڕێدەداتە سەر زەوی.)

دەبا ڕۆژنامە شەریفەکەی دیکەش ببینم.

کلیف:هێشتا تەواوم نەکردووە.

جیمی:دەباشە..خێراکە. بۆ ئەو ڕۆژنامانە دەنووسم و داوایان لێدەکەم داشت بۆ بخەنە نێوان وشەو برگەکانەوە..لەم ڕۆژنامەیەدا مشت و مڕێکی زۆر دڕندانە بەردەوامە لەسەرئەوەی ئاخۆ "میلتن"ی شاعیر پانتۆڵی قایشداری لەبەر دەکرد یا نا. من تەنها دەمەوێت بزانم ئەم هەفتەیە کێ گوللەباران دەکرێت.

کلیف:هەر ئەوەیان بخوێنەرەوە. نازانم لەبەرچی..بەڵام لەوە دەچێت مامۆستایەکی کۆلیجی "ئۆڵ سۆلز" لە دانیشگای "ئۆکسفۆرد" مردبێت و گۆڤاری "ئەپینیوم"*یش تێکبچێت و دووچاری ئاژاوە بێت..بۆیە نووسەرەکە بڕیاری داوە ئیتر ئەم جۆرە مشت و مڕە و نامە نووسینە کۆتایی پێبێت و بوەستێت.

جیمی:ڕۆڵە..وا بزانم تۆ لە دڵەوە هەوڵی زانیاریی دەدەیت و حەز دەکەی فێر بیت. ئەرێ بەڕاست پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی لە زانکۆی "یەیك"ەوە، یان شوێنێکی دیکەوە بوو، وای بۆ دەچێت کە لەو کاتەی "شکسپیر" شانۆگەری "ڕەشەبا"ی نووسیوە لە نێرینەوە بۆتە مێینە و زایەندامی خۆی گۆڕیوە. دوای ئەوەی کە ئەکتەرەکان گوێیان پێنەداوە..گەڕاوەتەوە ستراتفۆرد. ئەم پرۆفیسۆرە لەو وڵاتە دوورەوە هاتبوو تا چەند بەڵگە و ڕاستییەکی دەست بکەوێت و بیسەلمێنێت کە پیرە شکسپیر چۆتە ناو نوێنی یەکێکی دیکەوە و بووەتە ژنی جوتیارێکی ناوچەی "ۆرکشایر" و سێ منداڵیشی لێی هەبووە.

(هێلینا پێدەکەنێت و جیمی بەگاڵتەوە چاو هەڵدەبڕێت.)

مەسەلەکە هیچی تیایە؟

هێلینا:نا..نەخێر. ئەوەتا خەریکە ڕادێم (بۆ ئەم قسەیە ڕوو لە کلیف دەکات.) من تا ئێستاش لەم کابرایە حاڵی نەبووم..نازانم کەی لەدڵەوە قسە دەکات و چ کاتێکیش بە گاڵتەیەتی.

کلیف:ئەو نیوە بە نیوەش لە خۆی تێناگات..یا هەر کە گومانت لێی بێت..ئەوا لەسەر خۆت بە جوێن حسێبی بکە.

جیمی:خێراکە ئەو ڕۆژنامەیە بخوێنەرەوە و دەمت داخە! ئەمشەو  چیبکەین؟ مۆسیقایەکی بەرزیش نییە گوێی لێبگرین.
(ڕوو دەکاتە هێلینا) تۆ دەچیتە کەنیسە؟

هێلینا:(دەسڵەمێتەوە) نەخێر..باوەڕ ناکەم..ئەگەر تۆ ڕازی نەبیت.

جیمی:دەڵێیت گڕ و پرشنگێکی ئیبلیسانە لە چاوانیدا بەدی دەکەم؟ پرشنگێك کە هەتا بێت و کڵپە بستێنێت..دەبێت هی ئەوە بێت کە لەگەڵ مندا ژیانێکی پیس و پڕ گوناه بەسەر دەبات؟
(بۆ هێلینا) ئەرێ تۆ هەست بە گوناه دەکەیت..گیانەکەم؟ ها..هەستی پێدەکەیت؟
(بەتەواوی بڕوا ناکات کە ئەمەیان هێرش بێت..هەر ئەوەندە دەتوانێت کە سەیری جیمی بکات و بەس..لە خۆی بەگومانە.)
ئەرێ تۆ وا هەست دەکەیت گوناه هەروەکو شەمێ لە کونە گوێتەوە بێتە دەرێ؟ سەرت سوڕماوە و تێناگەیت بەڕاستیمە یان گاڵتە دەکەم؟ ڕەنگە باشتر وا بێت _ لووتێکی سوور  و دە ستکرد  _ بخەمە سەر لووتم و شەپقەیەکی گاڵتەجاڕی لەسەر بنێم. مەسەلە ئەوەیە: من حەزم لە گەڕان و فێربوون و شت پشکنینە.

(هێلینا لە بێباکی و ساردی جیمی پەرێشان دەبێت..بەڵام بەرلەوەی هەست بکات کە تەواو بریندار کراوە..جیمی بەڕووی هێلینادا پێدەکەنێت و بەخۆشییەوە هاواری کلیف دەکات.)
دەماغسز..با سەیرێکی ئەو ڕۆژنامەیە بکەم!

کلیف:تۆ بۆ سەگ تۆپ نابیت؟

جیمی:(بۆ هێلینا) ئەرێ تا کەی خەریك دەبیت؟

هێلینا:وا خەریکە تەواو دەبم.

جیمی:بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی گوناه..ئەرێ ئەوەی دوێنێ کە تۆ لەگەڵیدا کەوتبوویتە چەقەچەق، هاورێ بەرێزەکەی "دروری" خان نەبوو؟ هێلینا..ڕۆحەکەم وتم ئەوە خۆی...

هێلینا:بەڵێ..خۆی بوو.

جیمی:گیانەکەم..تۆ نابێت لە هەموو شتێکدا هەر بەرگری بکەیت..دەزانیت؟

هێلینا:من بەرگریم نەکردووە.

جیمی:بەهەرحاڵ..هیچ شتێك ڕێگەی ئەوەمان لێناگرێت قەشە بانگ بکەین بۆ ئێرە و چایەکمان لەگەڵدا بخواتەوە. بۆچی بانگی نەکەین؟ تۆ گەیشتیتە ئەو باوەڕەی کە ئێوە هەردووکتان زۆر لە یەکدی دەچن؟

هێلینا:نەخێر..لەو باوەڕەدا نیم.

جیمی:تۆ وا تێدەگەیت کە ئەو خۆهەڵکێشە ڕۆحانییە دەتوانێت بمکات بە پیاو؟ بچم تێکەڵیان بم تا باری ئەخلاقم سەنگینتر بێت..بەڵکو ئەوە خوایە ماسۆلکەم توند و تۆڵتر بێت؟ من کاتی خۆی کابرایەکی لیبرالی سیس و باریك بووم. لەوە دەترسام هەر بەتەنها ڕۆحێکی ڕووت بمێنمەوە و بەس..بەڵام ئێستا هەموو کەسێك بە بەغالەتەوە سەیری لەش و لاری ڕێك و جوانی من دەکات. ئێستا وام لێهاتووە هەرچیم بوێت دەیکەم..بێئەوەی هەست و سۆز لە خۆم بشێوێنم.

هێلینا:زۆر چاکە جیمی.

جیمی:دوو ساڵ لەمەوبەر نەمدەتوانی سەر بەرز بکەمەوە _ ئەمێستا لە ئەستێرەیەکی سینەمایی پتر سەرم بەرزە.

هێلینا:جیمی..ئەرێ ئێمە ناتوانین یەك ڕۆژ بەسەر بەرین..تەنها یەك ڕۆژ و بەس بێئەوەی باسی ئایین و ڕامیاری نەکەین؟

کلیف:ڕاست دەکات..یان ئەو قەوانە بگۆڕە یان دەمت دابخە.

جیمی:(هەڵدەستێتەوە) ئیمڕۆ بیرم لە ناوونیشانی گۆرانییەکی تازە کردەوە. لەژێر ئەم ناوونیشانەدا: "دایکم کەوتۆتە شێتخانە _ من بۆ حەز لە تۆ دەکەم." شیعرێکی زۆر جوانە. بیرم لەوە دەکردەوە کە هەوڵێك بدەین تۆمار بکرێت.

هێلینا:شتی چاکە.

جیمی:بیریشم لەوە دەکردەوە لەبری ئەو دوو ناوە "جۆك"و "دەی" ناوێکی دیکە لە خۆمان بنێین."ڕۆژی خۆشی لەسەر ترۆپکەی چیا سەر بە تەمەکانەوە دیارە.

(جۆرە یاریکردنێك بە وشەکان دەکات.)
ئەمەیان زۆر عاقڵانەترە.بەهەرحاڵ..لەو بڕوایەدا نیم ئەو خەڵکە بیەوێت شانۆگەری ئەو پیاوە سەیرانەی بێتەوە یاد..دوای ئەوەی کە "هارڤارد" و "بەیل" لێبوونەوە. ڕاتان چییە بە شتێکی وا پڕشنگدار و خێرا و پڕ بەزم؟ من دەزانم _ سەبارەت بە _ تی.ئێس.ئێلییەت _ و _ پام _ ڕاتان چیە؟

کلیف:(لەو ڕۆتینە ڕادێت) بەزمە..هەرایە..شێتییە.

جیمی:(بەدەستەڕاستدا..لەسەر مێزەکە دانیشتووە و وەکو تەپڵ دەیکوتێت.)
ئەم هەموو بەزم و گاڵتەیە بۆ جەنابتە!
(بەیەکەوە گۆرانی دەڵێن.)
"خۆ دەشێت ئێمە گوناهبار بین..
بەڵام هەردووکمان شێت و هارین!"
(جیمی هەڵدەستێتە سەرپێ..وا بەخێرایی دەدوێت کەس تێیناگات.)
خوشك و برایانی بەڕێز..ئەمشەو کە بەرەو شانۆ دەهاتم، لەبەر دەرگاکە کابرایەکم تووش هات و لێی پرسیم.

کلیف:ئەرێ تۆ _ هیچ کەسێکت _ بینیوە؟

جیمی:کێم دیبێت؟

کلیف:تۆ هیچ کەسێکت بینیوە؟

جیمی:بێگومان..من ئەو _ هیچ کەسەم _ نەدیوە! پیاو بەو کاتم بەفیڕۆ مەدە! خوشکان و برایان..شتێکم لەبەرە وا دەستپێدەکات:
"ئافرەتێك وتی: گوایە ناویان ناوە "گیدێنگی"* چکۆلانە..بەڵام لەڕاستیدا پتر لە ئامێرێکی خەساندن دەچوو!"
سوپاس"ئەو کیژە وتی: ناویان ناوە گیدنگی چکۆلانە _"

کلیف:تۆ تەواو دڵنیایت کە ئەو _ هیچ کەسەت _ نەدیوە؟

جیمی:ئەوە تۆ هێشتا لێرەیت؟

کلیف:من بەدوای ئەو _ هیچ کەسەدا _ دەگەڕێم.

جیمی:ئەرێ دەتوانیت پیاو بیت و وازمان لێبێنیت!
"ژنەکە وتی: خەڵکی پێی دەڵێن _ گیدینگی چکۆلانە _"

کلیف:من ئەو _ هیچ کەسە _ لە هیچ شوێنێکدا نادۆزمەوە..دەبێت ئەم جانتایەشی بدەمێ.

جیمی:پیاو بەو لە زەوقمان مەدە! نابینی من دەمەوێت ئەم ژن و پیاوە بەرێزانە بخەمە سەر هەوای کەیف و خۆشی؟ ئەو _ هیچ کەسە _ کێیە کە تۆ باسی دەکەیت؟

کلیف:پێیان وتم بێمە ئێرە و ئەم جانتایەش بدەمە ئەو هیچ کەسە!

جیمی:پێیانوتیت بێیتە ئێرە و ئەم جانتایە بدەیتە ئەو هیچ کەسە!

کلیف:دەمخۆش. پاشان کە جانتاکەی دەدەمێ..ئەو _ هیچ کەسە _ یەك "شڵنگ:م بەخشیش دەداتێ.

جیمی:کە جانتاکەت لێ وەردەگرێت..ئەو _ هیچ کەسە _ یەك شڵنگت دەداتێ.

کلیف:دەمخۆش.

جیمی:دەباشە..ئێستا چیبووە؟

کلیف:ئەو _ هیچ کەسە _ لێرە نییە!

جیمی:ئێستا وازبێنە با تێتبگەم: کە تۆ دەڵێیت ئەو _ هیچ کەسە _ لێرە نییە..خۆ مەبەستت ئەوە نییە بڵێیت ئەو هیچە وا لێرەیە؟

کلیف:نەخێر.

جیمی:یانی ئەو _ هیچە _ لێرەیە؟

کلیف:دەمخۆش..لێرەیە.

جیمی:دە باشە..ئەی بۆچی زووتر وات نەگوت؟

هێلینا:(لەوە دڵنیا نییە ئاخۆ ڕۆڵی ئەو هاتووە.) هێی تۆ..ئەوەی خواریێ..لەگەڵ تۆمە!

جیمی:ئۆه..ئێستا چەند سەعاتێك نایبڕێتەوە..بەڵام دەی قەیدی ناكات. فەرموو گەورەم..مەسەلە چییە؟

هێلینا:(هاوار دەكات.) وا بزانم تۆ بۆنت لێدێت! دەڵێم تۆ بۆنێكی پیست لێدێت!

جیمی:ئەو پیاوە هەست دەكات بۆن دێت. ئم..بەس تكایە پێم نالێیت تۆ چیت؟

هێلینا:من؟ ئۆه _ (ڕێز و گاڵتە تێكەڵ دەكات و دەدوێت) من هیچ كەس _ نیم.

جیمی:كەواتە ها..بگرە..جانتا پیسەكەت.
(جیمی سەرینێكی تێدەگرێت و بەر مێزی ئوتووەكە دەكەوێت.)

هێلینا:ئای مێزی ئوتووەكەم!
(هەردوو پیاوەكان ڕۆڵی "فلاناگان و ئالن* دەبینن و لەسەرخۆ هەنگاو دەنێن و گۆرانیش دەڵێن.)
دەنكەكەم خانمێكی بچكۆلەیە..
ئێوەش دەیناسن: كێیە
با لای ئێوە "ڕۆدیان"ی بێت..
لە كن من هەر شازادەیە.
بەنیازم.. ڕۆژێك بیخوازم
كە دونیا وا كاول نییە
دایكی گویێ لە من ناگرێت
جا بۆیە دەچمە لای بابی
ماڵێكی خنجیلەی بۆ دەكەم
هێمنی و خۆشی بۆ دەبەم
مناڵە وردیلەكانیشمان..
دەنێرینە قوتابخانەی گەورەپیاوان
دەژین لەسەر نان و ڕۆن
لەگەڵ دەنكەكەت بنوو..مەترسە

هەلی ئاوا قەت مەبوێرە
چونکی حاڵی ئەو باشترە
ڕۆژێ دێت...
کەسانی بۆرژوای ئەم چینە
لەبیربکرێن..لووتیان لە قوڕ بچەقێت
بەڵام گەر کچێك بەوەفاو پاك بێت
شتێکت هەر بۆ بە جێدێڵێت
هەموو فریشتەکانی ئاسمانیش..
دەزانن تۆ عاشقی ئەوی
جا مەترسە گەر لەگەڵیدا بخەویت
قەت هەلی ئاوا مەبوێرە
چونکە تەنها ئەو تێرترە
خەڵکی بانگم دەکەن "سدنی"
چونکە تەنها ئەو تێرترە!

(لە هە نووکە دا جیمی لەم گاڵتە و بەزمە ماندوو دەبێت..پاڵێك بە "کلیف"ەوە دەنێت.)

جیمی:ئەی لەو دوو پێ گەورە و لەعنەتیانەی تۆ! ئەوە دووەم جارە تۆ شەق لە پشتی پێم هەڵدەدەیت! کەڵکی نییە..دەبێت هێلینا دێمی بکات. دە برۆ چایەکمان بۆ لێبنێ..پاشان بڕیار دەدەین چیبکەین.

کلیف:خۆت لێیبنێ!
(توند پاڵی پێوە دەنێت و جیمی سەنگی خۆی ون دەکات و بەلادا دەکەوێت.)

جیمی:تۆ هەی زۆڵی چەپەڵ!

(جیمی خۆی تێ ڕوو دەکات و دەچنە گژیەکدیو بەردەبنەوە سەر زەوییەکە و تەپەیان دێت. غل دەبنەوە و دەکەونە مشەمش و هەناسەیان سوار دەبێت. کلیف چۆك دەخاتە سەر سنگی جیمی.)

کلیف:(بەزەحمەت هەناسە دەدات) دەمەوێت ئەو ڕۆژنامانە بخوێنمەوە.

جیمی:ڕێگری خوێنرێژ..تۆ دڕندەی! دەزانیت کە تۆ بەڕاستی دڕندەی! تۆ شایەنی ئەوە نیت لەگەڵ کەسانی بەڕێز و هەست ناسك لەنێو ماڵێکدا بژیت!

کلیف:دەم دادەخەیت یان بچمە خوارێ ڕۆژنامەکە بخوێنمەوە؟
(جیمی هەولێکی زۆر دەدات و کلیف دەکەوێتە سەر زەوییەکە.)

جیمی:ناوهەناومت هێنایەدەرێ!
(کلیف هەولدەدات هەستێتەوە و جیمی پالێکی دیکەی پێوە دەنێت.)

کلیف:سەیرکە چیتکرد! کراسەکەمت شندرٍ و وندرٍ کرد. ون بە لەبەرچاوم!

جیمی:دە باشە..جا تۆ کراست بۆ چییە؟ (هەلدەستێتەوە) دڕندەیەکی وەك تۆ! ئێستا بڕۆ چایەکم بۆ لێبنێ.

کلیف:تەنها ئەم کراسە پاکەم هەبوو. ئای لە تۆ..گێلی زەبەللاح!

(لەسەر زەوییەکە هەلدەستێتەوە و پەنا دەباتە بەر هێلینا.) سەیری بکە! پیس بوو!

هێلینا:بەلێ..دیومە. جیمی بەهێزترە لەوەی کە دیارە..گەر حەز دەکەیت هەر ئێستا داییکەنە..بۆتی دەشۆم. هەتا دەچینە دەرێ..وشك دەبێتەوە.
(کلیف دوودلە.)
کلیف... ئەوە چیتە؟

کلیف:ئۆهـ..زۆر چاکە.

جیمی:بیدەرێ و بۆلەبۆل بەسە!

کلیف:ئێ..دەباشە. (کراسەکەی دادەکەنێت و دەیداتە هێلینا.)
سوپاس..هێلینا گیان.

هێلینا:(وەریدەگرێت) باشە..دەقیقەیەکم پێناچێت.
(هێلینا دەچێتە دە رێ..بەدەستەڕاستدا: جیمی دەخزێتە نێو کورسییەکەوە.)

جیمی:(بەزەوقێکەوە) تۆ هەر لە "مارلۆن براندۆ" یا لە شتێکی دیکە دەچیت. (وەستانێکی کەم) ئەرێ تۆ ئەوەندە گوێ بە هێلینا نادەیت. گوێی پێ دەدەیت؟

کلیف:تۆش ئەوەندە پەرۆشی نیت. (دوودڵییەك دایدەگرێت و پاشان بەخێرایی) هەمان تام و لەزەت نییە..وایە؟

جیمی:(بەهەڵچونێکەوە) نەخێر..شتێکی زۆر سروشتییە کە هەمان تام و لەزەتی نەبێت..تۆ چەند کەری! قەت هەموو ژنەکان وەك یەك نین..ژەمی ئیمڕۆ قەت وەکو ئەوەی دوێنێ نییە..دوا ئافرەت کە دەیناسی قەت وەك ئەوەی پێشتر نییە. ڕۆڵە ئەگەر ئەم ڕاستییە نەسەلمێنیت..ئەوە ژیانێکی تەواو ناخۆش و بێتام بەسەر دەبەیت.

کلیف:(لەسەر باسکی کورسییەکەی دادەنیشێت و پێیەکانی دەخورێنێت.) جیمی _ باوەڕ ناکەم چیتر لێرە بمێنمەوە.

جیمی:(هاکەزایی) ئۆهـ..جا بۆ نامێنیتەوە؟

کلیف:(بەسەر تۆنی دەنگی خۆیدا زاڵ دەبێتەوە.)
ئم..نازانم. بیرم لە شوێنێکی دیکە کردۆتەوە کە لێرە جیا بێت. دوکانی حەڵواکە عەیبی نییە..بەڵام حەز دەکەم ئیشێکی دیکە تاقی بکەمەوە..تۆ زۆر تێگەیشتوویت..هەموو شتێکت لێدێت..بەڵام دەبێت من فێری کارێکی چاکتر بم.

جیمی:چۆن حەز دەکەیت ئاوا..برای شیرینم. ئەوەیان ئیشی خۆتە..نەك هی من.

کلیف:شتێکی دیکەش هەیە _ وا بزانم هێلینا بەدەست دوو کەسەوە هیلاکتر دەبێت. بەڵام وا نابێت گەر هەر خۆت و ئەو بن. بەهەرحاڵ..وا بزانم بۆ منیش هەقە بەدوای کچۆڵەیەکدا بگەڕێم تا ئاگای لێم بێت.

جیمی:بیرێکی چاکە..بەڵام کێیە ئەو کەرەی چارەنووسی خۆی بە تۆوە گرێ دەدات؟ ڕەنگە هێلینا یەکێکت بۆ بدۆزێتەوە _ یەکێك لەو هاوڕێ خاوێنانەی خۆی کە پارەدارن..پارەدار و بەڵام بێمێشکن. تۆ یەکێکی وات دەوێت.

کلیف:ئا شتێکی وا.

جیمی:باشه..تۆ دەزانیت لەمەودوا چ دەکەیت؟

کلیف:ئەوەندە نا.

جیمی:ئەم حاڵە لە جەنابت دەوەشێتەوە! قەت لەو باوەڕەدا مەبە پێنج دەقیقە بەبێ من بتوانیت هەڵبکەیت.

کلیف:(ددانی لێ جیڕ دەکاتەوە.) نا..وای بۆ مەچۆ.

جیمی:تۆ دڕندەیەکی پیس و گەندە و هیچیت _ گرەو دەکەم کە هەر ئافرەتێك لە "پینەر"ەوە یان لە "گیلدفۆرد"ەوە بێت..بە شەش مانگ دەتوانێت هەڵتلووشێت و تلّپی تەڕت تیا نەهێڵێت. شووت پێدەکات و دەتخاتە گەڕ..پاشانیش وەك دەرزییەکی تازە خاوێن و پاك دەبیتەوە.

کلیف:(بەکپی و لەبەر خۆیەوە پێدەکەنێت) بەڵێ..بەڵام زۆر لەوەش گێلترم کە شیاوی ئەوە بم.

جیمی:(لەبەر خۆیەوە دەدوێت) لەوە دەچێت هەموو تەمەنم لە دەست لێکبەردان وماڵئاواییدا بەسەربەرم. (کەمێك وەستان.)

کلیف:هەردوو پێم ژان دەکەن و دێشن.

جیمی:دە بڕۆ گۆرەوییەکانت بشۆ (لەسەرخۆ و بەهێمنی) بەڕاستی سەیرە. تۆ هەمیشە برادەرێکی بەوەفا و پیاوانە و بۆ من چاك بوویت. بەڵام حەزیش دەکەم بڕۆیت و شوێنێکی دیکە بدۆزیتەوە..حەز دەکەم لەسەر پێی خۆت بوەستیت. ئەم هەموو بەزمەش تەنها لەبەر خاتری شتێکە کە من لەم ئافرەتەم دەوێت..ئەم ئافرەتەی وا لە خوارەوەیە..چاکیش دەزانم ناتوانێت بمداتێ. تۆ بۆ من لە شەش هێلینا چاکتریت..نەك هەر بۆ من..بۆ هەموو کەسێك. بەڵام ئەگەر تۆش لە جیاتی من بوویتایە هەمان ڕەفتارت دەنواند. ڕاستە؟

کلیف:باشە.

جیمی:بۆ..بۆ..بۆ..بۆچی واز لە خۆمان بێنین ئەم ئافرەتانە بەقەستی مردن خوێنمان بمژن؟ ئەرێ تۆ هیچ جار نامەیەکت بۆ هاتووە لێی نووسرابێت:
"بەدڵ فراوانییەوە خوێنی خۆت ببەخشە!"

ئیٚ..سەرۆکی پۆستخانە لە بەرژەوەندی ئافرەتانی گشت جیهان کاریٚکی وایکردووە. وابزانم هیچ ئامانجیٚکی پیرۆز نەماوە نەوەی ئیمرۆمان لەپیٚناویدا خۆی بەخت بکات. هەرچییەك ئیمرۆ هەمانە نەوەی پیٚشوو بۆی کردووین..لە سالآنی سیی و چلەکاندا کە ئەوسا ئیٚمە هەموو مندالٚ بووین.

(کەمیٚك دیٚتەوە سەر باری خۆی..ئاسایی دەدویٚت.)

نەخیٚر ئامانجی شەریف و مەردانە نەماون. ئەگەر رۆژیٚك کارەساتیٚك روویدات و بقلٚیشیٚتەوە..ئەوسا هەمووما لەناو دەچین، بەلآم دەبیٚت بزاندریٚت کە لەپیٚناو نەخشەی مەزن و پیرۆزی باووباپیران نەبووە. مردنەکەمان لەپیٚناو "هیچی"یەکی تازەو ئازایانە دەبیٚت..پرووپووچی _ سەردەم _ زۆریش _ سوپاس _ بۆ _ تۆ. دەبیٚت بە مەرگی کەرییەتی: وەك خۆفریٚدانە بەردەمی پاسیٚك. نەخیٚر..هیچ شتیٚك بۆ ئیٚمەمانان نەماوەتەوە. رۆلٚەم..تەنها ئەوە نەبیٚت: ئەم ژنانە بیٚنو سەرمان ببرِن.

(هیٚلینا دیٚتە ژووریٚ.)

هیٚلینا:ها کلیف..ئەوەتانیٚ کراسەکەت. (کراسەکەی دەداتەوە.)

کلیف:ئۆهـ..سوپاس هیٚلینا..زۆریش سوپاس. بەراستی خانەدانیت.

هیٚلینا:شایەنی نییە. بە ئاگری غازەکە وشکی دەکەمەوە _ بەس ئاگری ژوورەکەی تۆ باشترە. لیٚرە ناکریٚت..هەر ئەم زۆپایە هەیە.

کلیف:دەباشە.. راست دەکەیت. (لە دەرگاکەوە رەت دەبیٚت.)

جیمی:بەس زووکە دەماغسز. دەمانەویٚت بچینە دەریٚ..بەلٚکو زوو بخۆینەوە. (روو لە هیٚلینا دەکات.) وایە؟

هیٚلینا:وایە.

جیمی:(کە کلیف دەرِوات..جیمی هاواری لیٚدەکات.) بەلآم پیٚشتر چایەکمان بۆ لیٚبنیٚ..ملهورِ..چارِلی چکۆلە.

(هیٚلینا بەلای خوارەوە و بەدەستەچەپدا رەت دەبیٚت.)

جیمی:ئازیزەکەم..ئەوەندە تۆم بینی لەپشت ئەم میٚزی ئوتووکردنە لەعنەتییە..لەداخانا نەخۆش کەوتووم.

هیٚلینا:(بەگرژییەوە) بمبورە.

جیمی:دەی خۆت کۆبکەرەوە..تا بگەینە نێو شار. سەیری بکە..دەڵێیت مۆمیایت و خۆت بە کفن داپۆشیوە..چاکتر وایە ئاڵای بریتانیا لەخۆتەوە بپێچیت.

هێلینا:بۆ هیچ نارێکییەك دەبینیت؟

جیمی:ئۆه.. ڕووی خۆت وا گرژ مەکە _ دەڵێیت قازی دەم بەفەرمانی.

هێلینا:چۆن..چۆنیم؟

جیمی:دەڵێیت سەرودڵت تێکچوو کە سەیری منت کرد.

هێلینا:ئۆه..دە وایە.

جیمی:کلیف دەڵێت بەجێتان دێڵم.

هێلینا:دەزانم. دوێنێ شەو بە منیشی وت.

جیمی:بەڕاست پێیوتیت؟ لەوە دەچێت من لە هەموو ڕیزێکدا دوا کەس بم..دوا کەسیشم کە شت بزانێت.

هێلینا:من پێم ناخۆشە دەڕوات.

جیمی:منیش لە دڵم گرانە. ئەگەرچی ئەو زۆڵە چەپەڵ و سەربەئاژاوەیە..بەڵام دڵێکی گەورەی هەیە. مرۆڤ کە وا بوو هەمیشە جێی لێبوردنە. چاك دەزانیت دڵ وەربگرێت و بیداتەوە. نزیك بەرەوە.

(جیمی لەسەر ڕۆخی کورسییەکە دانیشتووە. هێلینا بەرەو لای ئەو ملدەنێت..سەیری نێو چاوی یەکدی دەکەن. پاشان هێلینا دەست درێژدەکات و کاکۆڵی جیمی دادەهێنێت، یاری بە گوێچکە و ملی دەکات.) هەر لە یەکەم شەوەوە بۆ یەکەمجار تۆ دەستت بۆ من درێژکرد..هەمیشە وا بوویت. هەروەك بڵێیت چاوەڕوانی هیچ بیت یان لە هیچیش کەمتر. گوێت بە هیچ شتێك نەدات. تۆ دوژمنێکی بەسوود بوویت..وا نەبوو؟ دوژمنێك کە شایەنی دوژمنایەتی بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەر خەڵکی چەکی خۆیان فڕێبدەن..مانای ئەوە نییە کە ئیتر نیازی شەڕیان نەماوە.

هێلینا:(بەدڵنیاییەوە) خۆشمدەوێیت.

جیمی:هەست دەکەم.. ڕەنگە منت خۆشبوێت. بەڵێ.. ڕەنگە .. دەشێت لای تۆ مانایەکی گەورەی هەبێت گەر لە باوەشی سەرکردەیەکی سەرکەوتووی خۆتدا بخەویت. بەتایبەتیش گەر ئەو سەرکردەیە پڕ بەدڵ هیلاك و نەخۆشی دەست ئەو هەموو ئاژاوەیە بێت..ماندوو و مردوو..برسی و وشك و ڕەق هەڵاتوو بێت.

(لێوەکانی جیمی پەنجەکانی هێلینا دەدۆزنەوە و ماچیان دەکات. هێلینا–ش سەری جیمی بەخۆیەوە دەنووسێنێت.)
تۆم لێ ڕاست هاتیت..هاتیت من بگریتە خۆت..تا بتوانیت دالّدەم بدەیت..ئۆف هێلینا _
(بەرەبەرە جیمی ڕووی خۆی لێ نزیك دەخاتەوە و پاشان توند یەکدی لەباوەش دەگرن.)
هێلینا گیان..مەهێڵە هیچ شتێك بە هەڵەدا بڕوات!

هێلینا:(بەنەرمییەوە) ئۆ.. ڕۆحەکەم _

جیمی:تۆ یان لەگەڵمایت یان دوژمنمیت.

هێلینا:من هەمیشە تۆم ویستووە _ هەمیشە!
(دیسان یەکدی ماچ دەکەن.)

جیمی:وەك (تی.ئێس. ئیلییەت) و (پام )..من و تۆ جوتێکی هاوتا و چاکین. گەر تۆ یارمەتیم بدەیت..ئەم دوکانی پاقلاوە لەعنەتییە دادەخەم..ئیتر سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەست پێدەکەین. تۆ دەڵێیت چی؟ لەم شوێنەش ڕزگارمان دەبێت.

هێلینا:(بەدڵێکی خۆشەوە سەر ڕادەوەشێنێت.) من دەڵێم کارێکی چاکە..عەجایبە!

جیمی:(بەپەلە ماچی دەکات.) واز لەم شتە قۆڕانە بێنەو با بچینە دەرێ. بەوپەڕی خۆشی و زەوقەوە ڕابوێرین..بێباکانە و منالّ بینەوە..دەچین لە "بیلدەرز ئارمز" دادەنیشین و بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی و سۆزەوە سەیری یەکدی دەکەین..تامەزرۆیانە چاو لە یەکدی دەبڕین..پاشان کە گەڕاینەوە ئێرە خۆشەویستییەکی ئەوتۆت دەدەمێ..وات لێبێت بەتەواوەتی دونیات لەبیر بچێتەوە..گوێ بە هیچ نەدەیت.
(هێلینا دەستی جیمی ماچ دەکات و بەدەستەچەپدا دووردەکەوێتەوە.)

هێلینا:هەر ئێستا ئەم کراسە کۆنەت پێ دەگۆڕم.
(مێزی ئوتووەکە هەڵدەگرێت و دایدەداتەوە.)

جیمی:(بەرەوخوار دەبێتەوە و ڕووەو دەرگاکە دەڕوات.)
هەر ئێستا..بەپەلە.

(بەڵام بەر لەوەی بگاتە بەر دەرگاکە..دەرگا دەکرێتەوە و ئالیسن وەژوور دەکەوێت. پاڵتۆیەکی مشەممای لەبەردایە و سەروپرچیشی نارێك و پەخش و بڵاوە..هەر کتو مت لە نەخۆش دەچێت. بێدەنگییەکی سەرسوڕهێنەر هەموو شتێك کپ دەکات.)

هێلینا:(بەهێمنییەوە) هەلاو.

جیمی:(دوای ساتەوەختێك.. ڕوو دەکاتە هێلینا.)
برادەرێکتە و بەسەردان هاتووە.
(بەپەلە دەچێتە دەرێ..تەنها دوو ئافرەت بەجێدەمێننو سەیری یەکدی دەکەن.)

بەخێرایی پەردە دادەکشێت.
کۆتایی دیمەنی یەکەمی پەردەی سێیەم

(پەردەی سێیەم)

دیمەنی دووەم

دوای چەند سات و ئانێکی کەم. لەخوارەوەڕا و لە ژوورەکەی "کلیف"ەوە دەنگ و سەدای ئاوازی جاز لە بووقەکەی جیمی بەرزدەبێتەوە. کە پەردەی شانۆ هەڵدەکشێت..هێلینا دەبینین لەلای چەپی مێزەکەوە وەستاوە و کوپە چایەك بۆ خۆی تێدەکات. ئالیسن لەسەر کورسییەکەی دەستەڕاستدا دانیشتووە. خۆی خوار دەکاتەوە تا پایپەکەی جیمی هەڵبگرێتەوە. پاشانیش تۆزێك خۆڵەمێش لە زەوییەکەوە هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە ناو تەپڵەکی سەر باسکی کورسییەکە.

ئالیسن:هێشتا وازی لەم شتە کۆن و بۆگەنە نەهێناوە. لە یەکەم ڕۆژەوە کەیفم بەم پایپە نەهاتووە..بەڵام لەوە دەچێت تۆ ڕاهاتبیت.

هێلینا:بەڵێ.

ئالیسن:هەفتەی ڕابردوو چووم بۆ سینەما..پیرەمێردێك لە پێشمەوە لەم پایپەی دەکێشا..چەند ریزێك لە منەوە دوور بوو. ڕاستییەکەی لە جێی خۆم هەستامەوە و چووم لە پشت کابرا دانیشتم.

هێلینا:(کوپێك چای بەدەستەوەیەوە و بەرەوخوار دەبێتەوە.) ها بیگرە..هەر ئێستا دێیتەوە سەر خۆت.

ئالیسن:(لێی وەردەگرێت) زۆر سوپاس.

هێلینا:دڵنیایت کە ئێستا چاکتریت؟

ئالیسن:(سەر ڕادەوەشێنێت) هەقی خۆی بوو کە _ ئۆه..هەموو شتێك. هەڵەی خۆم بوو _ بەتەواوی. دەبێت من شێت بووبم..شێتم، کە ئاوا هاتوومەتەوە ئێرە. بمبورە..هێلینا..بەداخەوەم.

هێلینا:بۆچی داوای لێبوردن دەکەیت _ لەنێو ئەم هەموو خەڵکەدا بۆ تەنیا تۆ؟

ئالیسن:لەبەرئەوەی زۆر ناشیرینە بۆ من..ئەوپەڕی دڵڕەقییە کە گەڕاومەتەوە ئێرە. دەترسێم مەسەلەی ئەم بەجێ و بێجێیەش هەر لە "جیمی"یەوە فێر بووبم. بەڵام ئەوەشیان هەر بێ زەوقییە.
(قومێك لە چایەکە دەدات.)
زۆرجار..زۆرم لە خۆم دەکرد نەیەمەوە ئێرە _ بگرە لە دوا ساتیشدا. هەتا ئیمرۆش کە بۆ تکیت بڕینەکە چووم بۆ "سەینت پانکراس" هەروەکو نمایش دەهاتە بەرچاوم..هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم بچمە ناو ئەو شەمەندەفەرە وە. کە سواریش بووم گەلێك ترسام..وام هەست دەکرد تاوانبارم. بە خۆمم وت هەر ئێستا نا تۆزێکی تر لە هەر وێستگەیەك بوەستێت گورج دادەبەزم و دەگەڕێمەوە. قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ئێرە شوێنەواریشی مابێتەوە. بەڵام کە گەیشتم..چارم نەما. دەبێت بەوە ڕازی بم کە هەرچییەك لەم شوێنە ڕوویداوە.. ڕاستە و جارێك لە جاران یەخەگیری من بووە..هەمووی ڕابردوویکە و بەسەرمدا هاتووە.
(کوپەکە نزم دەگرێت و بەپێ یاری بە ڕۆژنامەکانی سەر زەوییەکە دەکات.)
چەندەها جار..لەم چەند مانگەی ڕابردوودا بیرم لەو ئێوارە خۆشانە دەکردەوە کە بەیەکەوە لەم ژوورەدا ژیاوین و ڕامانبواردووە. یادی زەمانێکی دوورو دێرین. کوپە چایەکی چاکت دەرخوارد دام.

هێلینا:(لەلای چەپی مێزەکەوە دانیشتووە.) ئەوەیان شتێکە جیمی فێری کردووم.

ئالیسن:(دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە.) ئۆه..من بۆ لێرەم! ئێوە دەبێت هەمووتان حەز بکەن و ئاواتەخواز بن هەزارەها میل لێتانەوە دوور بم!

هێلینا:من قەت ئەم جۆرە حەز و ئاواتەم نەبووە. تۆ هەقی خۆتە لێرە بیت..نەك من.

ئالیسن:ئۆه..هێلینا..کتێبی یاسا و هەق و هۆقم بۆ دەرمەخە _

هێلینا:تۆ خێزانی ئەویت..وا نییە؟ هەر شتێکم کردبێت..هەرگیز ئەم ڕاستییەم لەیاد نەکردووە. تۆ هەموو جۆرە هەقێکت هەیە _

ئالیسن:هێلینا..بگرە منیش زۆر لەمێژە وازم لە هەق و ڕاستییە پیرۆزەکانی ژن و مێردایەتی هێناوە. دەتوانم بڵێم بەرلەوەی "جیمی"یم ناسیبێت. ئێستا جیایە _ بووەتە دەستوور. لە کوێ گونجا لێی پاڵ دەوە ماڵی خۆتە. گەر بیکەیت بە ڕقەبەریی: دەردەکرێیت. منیش دەردەکرێم.

هێلینا:ئەم شتانە لە جیمی–یەوە فێر بوویت؟

ئالیسن:وام لێ مەکە وا هەست بکەم بۆ دزی و تالآنی هاتووم..تکا دەکەم. من خۆم بە گێل و ڕەمەکی دێتە بەرچاو کە ئەمشەو هاتمەوە ئێرە. پەشیمانم و قێزم لە خۆم دەبێتەوە. بەلآم نەشهاتووم شتێك لە کەس وەربگرمەوە. ئەم حاڵەتەی من هەرچییەك بێت _ هیستریا یان هاتنەوەیەکی شێتانە بێت، هاتووم تا لە شتێك تێبگەم..هەرچییەك بێت..ئەو نیازەم نییە نێوان تۆ و جیمی تێکبدەم و لە یەکدیتان بکەم. دەبێت باوەڕم پێبکەیت.

هێلینا:ئۆهـ..باوەڕم پێتە..وایە. بەلآم بەم شێوەیە گرفتەکە لای من ناخۆشتر دەبێت و قوڕەکە خەستتر دەبێتەوە. تۆ بگرە گلەییشم لێناکەیت..دەبوایە زۆر توڕە و توند و شێتگیر بیت..کەچی بەپێچەوانەوە وا نیت.
(خۆی بە پشتدا وەردەگێڕێت و وەك بڵێیت لە خۆی بسڵەمێتەوە.)
من هەست بەوپەڕی شەرم دەکەم...خەجاڵەتم!

ئالیسن:تۆ وا دەدوێیت وەك ئەوەی "جیمی" شتێك بێت و تۆ بە فڕوفێڵ لە منت داگیر کردبێت _

هێلینا:(بەتوڕەییەوە) تۆش وا دەدوێیت وەك بڵێیت جیمی کتێبێك یان هەر شتێکی دیکە بێت و ئەم دەست و ئەو دەستی پێبکەیت..هەر کەسەو بۆ پێنج دەقیقە حەزی کرد بیبات..دەیدەتێ. تۆ چیتە؟ هەمیشە دەڵێیت ئەو پیاوەت بۆ فرۆشتن خستۆتە مەزات..وا بزانم جارێکیان گوێم لە تۆ بوو وتت: گوایە ناتوانیت باوەڕ بەم کابرایە بکەیت.

ئالیسن:هەروەها لەوباوەڕەدا نیم باوەڕم بەو ڕێڕەوەی تۆش هەبوو بێت.

هێلینا:بەس هیچ نەبێت من ئێستا باوەڕم بە چاکە و خراپە هەیە! بگرە ئەو چەند مانگەی لەم شێتخانەیەشدا ژیام ئەم باوەڕەی پێ نەگۆڕیم. گەر گوناهیشم کرد بێت _ بەلایەنی کەمەوە _ زانیومە گوناهە و دروست نییە.

ئالیسن:تۆ حەزت لە جیمی کرد..وانیە؟ وەك خۆت لە نامەیەکدا نووسیبووت.

هێلینا:ئی..خۆی وابوو.. ڕاستە.

ئالیسن:ئەوسا بەلامەوە قورس بوو بیسەلمێنم. نەمدەتوانی تێیبگەم.

هێلینا:منیش بەلامەوە گران بوو..خۆشم باوەڕم نەدەکرد.

ئالیسن:بەڵام دوایی مەسەلەکە لام گۆڕا..ئاسایی بوو. وای لێهات لە نامەکانتدا شتی ناشیرینی پێبڵێیت. بەو قسانەش دڵتەنگ نەدەبووم _ کەیفم پێدەهات. بەڵام هەندێکجار ئازارت دەدام.

هێلینا:وابزانم هەندێك جار زۆری لەسەر دەڕۆیشتم و زیادیش لەپێویست توند و تیژ بووم. پێی ناوێت کای کۆن بە "با " بکەین. پێویست دەکات؟

ئالیسن:ڕاستی..نایەوێت.

هێلینا:ئایا دەزانیت _ لەم دواییەدا زانیم نەگبەتی "جیمی" لە چیدایە؟ مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە. ئەم کابرایە لە سەردەمی خۆیدا لەدایك نەبووە.

ئالیسن:بەڵێ..چاك دەزانم.

هێلینا:لەمەودوا جێگەی پیاوی وا نابێتەوە _ نە لەنێو دونیای سێکسدا..نە لە مەیدانی ڕامیاریدا..نە لە هیچ بوارێکی دیکەدا. کەڵکی نەماوە و خەریکی شتی قۆڕە. هەندێکجار کە گوێی لێدەگرم وا هەست دەکەم وای بۆ بچێت کە ئێستاش لەناو گەرمەی شۆڕشی فەرەنسی–دا بژی. بێگومان دەبوو هەر لەو سەردەمەدا لەدایك بووایە. ئەم کابرایە خۆیشی نازانێت وا لە کوێ و بەرەو چ مەنزڵێك هەنگاو دەنێت. هەرگیز ناتوانێت شتێك بە شتێك بکات..قەتیش نابێت بە هیچ.

ئالیسن:وا بزانم زۆر لەجێی خۆیەتی ناوی بنێیت "ڤیکتورییەکی مەزن"..تۆزێك گاڵتەجاریشە. ڕەنگە جارێکیان _ بەشێوەیەك _ لەم باسە دوا بین.

هێلینا:بەڵێ..هەرچییەکت وتبێت سەبارەت بەم پیاوە: وا لە یادمە..قسەی تۆ ترساندبوومی. نەمدەتوانی باوەڕبکەم کە تۆ شووت بەم زەلامە کردووە. من و جیمی ئیتر تەواو..لێبووینەوە..ئالیسن. ئیتر لە وزەمدا نەما و تێیناگەم. دەبێت بڕۆم. نەخێر _ گوێبگرە..کە ئەمشەو تۆم بینی لەوێ مات وەستابوویت..زانیم هەرچی بووە ڕووی داوە کارێکی هەڵە و ناشیرینە. باوەڕم بە هیچان نەبووە..نە جیمی و نە کەسێکی دیکە ناتوانن باوەڕم پێ بگۆڕن. (هەڵدەستێتەوە) چۆن توانیومە لەگەڵیدا هەڵبکەم..سەیرە! من دونیایەکم گەرەکە..ئەو دونیایەکی تر..بەیەکەوە نووستنیش هیچ لەم مەسەلەیە ناگۆڕێت! خۆ باوەڕیشم بە چاکە و خەراپە هەیە..بۆ ئەوەشیان ناپارێمەوە. خەڵکی دەڵێن: ئەم جۆرە پەیوەندییە زانستیانە و

هاوچەرخانەیە..ئەمەیان بووەتە باوەڕی نێو گەل و کۆمەڵ..بەپێی ئەو شتانەی باوەڕم پێیەتی و یان ویستوومە چاك دەزانم هەرچیم کردبێت: شەڕ و پیسی و گوناهە.

ئالیسن:هێلینا _ خۆ بە تەما نیت بەجێیبێلیت؟

هێلینا:بەڵێ..جێیدێلم. (بەرلەوەی ئالیسن قسەکەی پێبڕێت..تەواوی دەکات.) مەبەستم نییە ئێرە چۆڵ بکەم تا تۆ بگەڕێیتەوە. تۆ چۆن حەز دەکەیت..وا بکە. بیٚ پێچ و پەنا پێت دەڵێم: تۆ گێلی ئەگەر بێیتەوە _ بەڵام کەیف و ئارەزووی خۆتە..وابزانم زۆریشم ئامۆژگاری کردوویت.

ئالیسن:ئاخر ئەو _ کەسێکی دیکە شك نابات.

هێلینا:ئۆھ..ئازیزەکەم..هەر زوو کەسێکی دیکە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. ڕەنگە وەك پاپایەکی سەردەمی "ڕێنیسانس" لێرەدا کوڕ و کۆمەڵت بۆ ببەستێت و بیکات بە هۆڵی دادگا. ئۆھ..خۆ دەشزانم ئەوەی دەیخەمە بەردەمت کتێبی یاسا و هەق و ناهەقە _ وەك خۆت دەڵێیت _ بەڵام بڕوام پێبکە..هەرگیز بەبیٚ یاسا و دەستوورێك ناتوانیت شاد بیت و بۆت ناچێتە سەر. خۆ منیش هەوڵمدا ئەو چەند مانگە وازی لێبێنم، بەس ئێستا زانیم چاری نییە و بێکەڵکە. کە تۆم بینی لەو دەرگایەوە هاتیتە ژوورێ، نەخۆش و هیلاك و تێکشکاو..هەر لەو ساتەوە هەموو شتێك لای من کۆتایی هات. دەزانی _ من مەسەلەی مردنی مناڵەکەتم نەزانیوە. زۆر کاری تێکردم و لە دڵی دام. وەك سزایەکی خواهانە لەسەر ئێمە کەوتەوە.

ئالیسن:تۆ منت بینی. دەبووایە بە تۆ بڵێم چی ڕوویدا. ئەو مناڵەم مرد و تازە تەواو. ئەمەیان ڕاستییەکی سادەیە. مەسەلەکەش نە سزایە و نە گلەییش لە کەس دەکەم _

هێلینا:دەشێت وا نەبێت. بەڵام خۆم وا هەست دەکەم.

ئالیسن:بەس تۆ وای نابینیت؟ ئەم قسەیەت نابەجێیە!

هێلینا:نەخێر..نابەجیٚ نییە (لەسەرخۆ دەدوێت.) من دەزانم کە قسەکەم ڕاستە و هەر وایە.
(دەنگی بووقەکە بەرزدەبێتەوە.)

ئالیسن:هێلینا (بەرەو لای دەچێت) هەق نییە تۆ بە جێیبێڵیت. پێویستی پێتە..من دەزانم پێویستی بە تۆیە _

هێلینا:تۆ وای بۆ دەچیت؟

ئالیسن:ڕەنگە تۆ ئەو ئافرەتە شیاوە نەبیت بۆ جیمی _ نە من نە تۆ ئەو ئافرەتە نین بۆ ئەو بشێین _

هێلینا:(بۆ سەرووی شانۆکە هەنگاو دەنێت.) ئۆیش..ئەوە بۆ واز لەو شتە نەعلەتییە ناهێنێت..ئەو هەرایە بۆ نابڕێتەوە !

ئالیسن:ئەو کەسێکی وای دەوێت لە ئێمە نەچێت و زۆر جیاواز بێت. ئەو کەسە چۆنە و کێیە نازانم _ دەیەوێت شتێکی تێکەڵ بێت لە دایکی و ئافرەتێکی سۆزانی: وەك ئەو سۆزانییانەی نێو کۆشکی پاشا و میرە یۆنانیەکان..گوێرایەڵ و ملکەچیش بێت. ژنێك بێت تێکەڵ لە "کیلۆپاترا"و "بۆزوێل". بەڵام واز بێنە زیاتری بۆ شلکە و با لێخوڕێت _

هێلینا:(دەرگاکە دەخاتە سەر پشت) تکات لێدەکەم! بەڵکو واز بێنیت و بەسە! ئیتر توانای بیرکردنەوەم نەما!

(بێدەنگییەکی کەم..ویقەویقی بووقەکە دێتە بەرگوێی. هێلینا بە هەردوو دەست سەری خۆی دەگرێت.)
جیمی..لەڕاهی خوا!
(پاشان ئەو ناوە کپ و خامۆش دەبێت.)
جیمی..دەمەوێت لەگەڵتدا بدوێم.

جیمی:(هەر لە دوورەوە) ئەرێ هاوڕێکەت هەر لەگەڵتایە؟

هێلینا:ئۆه.. خۆت گێل مەکە و وەرە ژووری!
(بەدەستەچەپدا دەجولێت.)

ئالیسن:(هەڵدەستێتەوە) حەز ناکات بمبینێت.

هێلینا:نەجولێی..دانیش، خۆت بێعەقڵ مەکە. بمبورە. مەسەلەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر نییە.. بەڵام من بڕیاری خۆم داوە و دەڕۆم، پێویستە هەر ئێستا پێی بڵێم.
(جیمی دێتە ژووری.)

جیمی:دیسانەوە یەکێك لە پیلانە ڕەشەکانی خۆتە؟ (سەیرێکی ئالیسن دەکات) باشتر نییە دابنیشیت؟ هەر لە خێو دەچی..دەڵێیت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە.

هێلینا:گیانەکەم ببورە..بەداخەوە. حەز لە چای تر دەکەیت..یا ئەسپیرین..یا هەر شتێکی دیکە؟
(ئالیسن سەر ڕادەوەشێنێت، پاشان دادەنیشێت. ناتوانێت سەیری هیچ کامێکیان بکات.)
(ڕوو لە جیمی دەکات.دەستەڵاتی زووی دێتەوە بەر.)
مەسەلەکە وا سەیر نییە..سەیرە؟ نەخۆش بووە و تەواو.. هەروەها ئەو _

جیمی:(بەهێمنییەوە) پێویست ناکات تۆ چیرۆکەکەم بۆ بگێڕیتەوە _ من دەبینم چی بەسەرهاتووە.

هێلینا:جا بەلای تۆوە هیچ دەگەیەنێت؟

جیمی:من قەت لەزەت لەوە نابینم خەڵکی نەخۆش بن..بەوەش گەشە ناکەم لە ئازار و خەمدا بتلێنەوە. وەك دەزانیت کۆرپەی منیش بوو. بەڵام (هەردوو شانی لە بێباکیدا ڕادەتەکێنێت) ئەوەیان یەکەمین کۆستی من نییە.

ئالیسن:(بە هەناسەسواری) بەس هی من بوو.
(جیمی سەیرێکی ئالیسن دەکات و بەڵام زوو ڕوو وەردەگێڕێت بۆ لای هێلینا.)

جیمی:بۆ وا بەڕێزەوە وەستاویت؟ ئەم ژنە چی دەوێت لێرە؟

ئالیسن:ببورە..بەداخەوەم من _ (دەست دەخاتە سەر دەمی)
(هێلینا بەرەو لای جیمی دەڕوات کە لە ناوەڕاستدا وەستاوە..پاشان دەستی دەگرێت.)

هێلینا:نەکەیت توو خوا..تکات لێدەکەم..نابینیت لە چ حاڵێکدایە؟ هیچی نەکردووە..هیچی نەوتووە..هیچ شتێك گوناهی ئەوی تیا نییە.
(جیمی دەستی هێلینا دەگرێت و توو ڕ هەڵیدەدات..بەرەو خوارەوەی شانۆکە دووردەکەوێتەوە.)

جیمی:چی گوناهی ئەو نییە؟

هێلینا: جیمی.. من حەوسەڵەی شەڕم نییە..جا تکات لێدەکەم _

جیمی:با بزانین گوێمان لێبێت..دەکرێت؟

هێلینا:زۆرچاکە. دەچمە خوارێ شتەکانم کۆدەکەمەوە. گەر بەپەلە خۆم کۆکەمەوە..لەوانەیە فریای شەمەندەفەری سەعات "حەوت و چارەك" بکەوم کە بەرەو "لەندەن" دەڕوات.
(هەردووکیان سەیری جیمی دەکەن.ئەویش خۆی بەسەر مێزەکەدا خوار کردۆتەوە و سەیری هیچ کامێکیان ناکات.)
دەبێت لەوە تێبگەیت ئەم بڕیارە پەیوەندی بە "ئالیسن"ەوە نییە. ڕاستیت دەوێت بڕیاری خۆمە.
لەڕاستیدا ئالیسن حەزی نەکردووە و هەوڵیشیدا پەشیمانم بکاتەوە. هەر ئەمشەو کتوپڕ گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە دەمێك ساڵە دەیزانم. ئەویش ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت شاد بیت گەر ئەو شتەی دەیکەیت هەڵە و گوناە بێت..یاخود بەو کارەت کەسێکی دیکە ئازار بدەیت. بەهەرحاڵ..وابزانم نەگەیشتین بە هیچ..بەڵام جیمی من بەڕاستی خۆشمویستیت. قەتیش کەسێکی دیکەم ئەوەندەی تۆ خۆش ناوێت. (بەدەستەچەپدا دوور دەکەوێتەوە.) بەڵام تەواو..ناتوانم بەردەوام بم. (بەسۆزێکەوە لەدڵەوە قسە دەکات.) ناتوانم بەشداری ئەو هەموو ئازارو دەردە بکەم. ناتوانم! (هێلینا چاوەڕوانی وەڵامی جیمی دەکات..بەڵام ئەو تەنها سەر بەرەوخوار سەیری مێزەکە دەکات و سەر ڕادەوەشێنێت. هێلینا دێتەوە سەرخۆی..هەوڵێك دەدات تا هێزو توانای بێتەوە بەر.)
(ڕوو لە ئالیسن دەکات) ڕەنگە حەز نەکەیت ئەمشەو دووبارە بکەویتەوە سەر سەفەر..بەڵام بەرلەوەی بڕۆم دەتوانین لە ئوتێلێکدا جێگەت بۆ بکەینەوە. هەمووی نیو سەعاتێکمان ماوە. هەر ئێستا هەموو شتێك ڕێکدەخەم.
(بەرەو لای دەرگاکە ڕوو وەردەگێڕێت..بەڵم دەنگی جیمی دەیوەستێنێت.)

جیمی:(بەدەنگێکی نزم دەدوێت..دەنگی: ملکەچی ئەو بارە تازەیە.) هەموویان لە ئازاری بوون و ژیان ڕادەکەن. ناتوانن زیندوو بن. لە هەمووشی پتر..لە خۆشەویستی ڕادەکەن (بەرەو لای مێزی توالێتەکە ملدەنێت) هەمیشە زانیومە شتێکی وا هەر ڕوو دەدات _ هەر تەنها یەك گرفت و ناخۆشی وا بەسە..وا بە گەرم وگوڕی کارەساتێکی گەورەیە.
(شتەکانی هێلینا لەسەر مێزی توالێتەکە ڕادەماڵێت..بەرەو لای کانتۆرەکە هەنگاو دەنێت. لە دەرەوەش زەنگی کەنیسە زرنگەی دێت.) پێی ناوێت خۆت بە مەسەلەی خۆشەویستییەوە کەڕ و کاس بکەیت. کەوتنە داوی خۆشەویستی کارێکی وا ناسك نییە..وا تێبگەیت..بەبێ دەست پیسبوون نابێت..دەبێت تەواو خۆت گلاو بکەیت.
(جیمی وردە کەلوپەلی ماکیاجەکەی دەداتێ..هێلینا وەریدەگرێت. جیمی دەرگای کانتۆرەکە دەکاتەوە.) خۆشەویستی هێز و توانا و غیرەتی دەوێت. ئەگەر تۆ توانای وات نییە (پارچە جلێك لە عەلاگەکە دەکاتەوە.) ئەو ڕۆحە ناسك و پاکەی خۆتی پێ پیس بکەیت.(دەگەڕێتەوە لای) وا باشترە واز لە هەموو

ژیان بێنیت و بۆ خۆت ببیت بە پێغەمبەر. (پارچە جلەکە دەداتە دەست هێلینا.) لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز وەك بنیادەم سەیری مەسەلەکە ناکەیت. تۆ دەبێت دونیایی بیت یان قیامەتی.

(هێلینا بۆ ساتەوەختێك سەیری جیمی دەکات و پاشان خێرا دەچێتە دەرێ. جیمی هەموو گیانی دەلەرزێت و بەلادا دێت..خۆی لە چاوەکانی ئالیسن دەشارێتەوە و ناوێرێت سەیری بکات.بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێت و پاڵی پێوە دەدات و پشوویەك دەدات..پاشان بە کوڵەمشت لە چوارچێوەی پەنجەرەکە دەدات.)

ئاخ لەو زەنگانە!

(بەرەبەرە سێبەر و تارمایی دەڕژایە دەوروبەریان. جیمی وەستاوە و سەری بەسەر جامی پەنجەرەکەدا قرساندووە. ئالیسن خۆی لەناو کورسییەکەی دەستەڕاستدا گرمۆڵە کردووە. لەم ساتەدا بێدەنگییەکە دەشکێنێت و بەرەو لای مێزەکە هەڵدەستێتەوەو دەڕوات.)

ئالیسن:من..بەداخەوە..بمبورە. هەر ئێستا دەڕۆمەوە.
(بەرەو سەرووی شانۆکە دەجولێت..بەلام دەنگی جیمی ڕایدەگرێت.)

جیمی:تۆ گوڵیشت بۆ ئەو پرسەیە نەنارد _ هەر تەنها چەپکێك گوڵی چکۆلانە. دەبوو لەوەشیاندا بیبەریم بکەیت و بە زۆری بزانیت. وانییە؟
(ئالیسن دەیەوێت هەنگاو بنێت، بەلام جیمی دەدوێت.)
زوڵم و ناهەقی دیارە! مرۆڤی بێتاوان و گوناه برسی دەبێت..ئەو کەسانەی کە کەم و ناتەواون: خۆشەویستن..ئەو کەسانەی بەستەزمان و بێ زیانن دەمرن و لەناودەچن.
(ئالیسن بەرەو لای زۆپای گازەکە ملدەنێت. جیمی دەیەوێت ڕوو بەڕووی بێتەوە) باشە ئاخۆ من هەڵە بووم کە باوەڕم بەوە بووە خاوەن مێشك و ڕۆحێکی پڕ گڕ و داگیرساو دەبێت بەدوای کەسێکدا بگەڕێت هەروەك خۆی بێت؟ گەورەترین و بەهێزترین مرۆڤ لەم دونیایەدا تەنیایە. وەك پیرە ورچێکە، کە لەنێو دارستانێکی تاریکدا بەدوای هەناسەی خۆیدا وێڵ بوو بێت. شوێنێکی گەرم و گوڕی نەبێت: تیا بسرەوێت... نە ڕەوەیەك لە هاوتوخمی هەبێت تا لەگەڵیاندا ئاسوودە بێت. خۆ ئەم ناڵە و هاوارەش نابێت هی مرۆڤێکی لاوازو بێدەسەلات بێت.. وایە؟
(کەمێك لەجێیەوە دەجولێت) تۆ ئەو شەوەت دێتەوە یاد کە بۆ یەکەمجار لەو ئاهەنگە ترسناکەدا تۆم بینی؟ لەڕاستیدا تۆ ئاگات لە من نەبوو..بەلام من بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە چاوم لە تۆ نەدەتروکاند. لەوە دەچوو ئارام و ئاسوودە بیت..هەستم کرد تۆ ئەو کەسەی بەدوایدا دەگەڕام..شل و خاو و سادە و ساکار دیاربوویت. لەوە دەچوو بەتوانا بیت بەو هەموو هێزەی لە تۆدا کۆ ببۆوە..هێزێکی وا زۆر کە بتوانیت پێی ئارام بیت. دوای زەماوەندەکەمان زانیم کە تۆ هەرگیز ئارام و هێمن نەبوویت. مرۆڤ تا فێری هێمنی دەبێت

جەرگ و هەناوی دێتەدەر. بەڵام ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە تۆوە بوو بێت: تۆ لەو بارەیەوە تاڵەموویەکی خۆت بە فیڕۆ نەداوە..لە هیچ شوێنێکدا یەك دڵۆپە ئارەقیشت نەڕشتووە.

(کتوپڕ ئالیسن دەداتە پڕمەی گریان..چنگی خۆی بەرز دەکاتەوە و دەمی پیێ دەگرێت. بەرەو لای مێزەکە خوار دەبێتەوە و خۆی بەسەردا دەدات.)

ڕەنگە من کابرایەکی بێهیوا و ئامانج بوو بم..ون و بزر..بەڵام وام دەزانی گەر تۆ منت خۆش بوێت..ئەوەیان هیچ گرنگ نییە.

(ئالیسن بەکپی دەست دەکات بە گریان. جیمی ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە.)

ئالیسن:گرنگ نییە! هەمووی گوناهی خۆمە! من تاوانبارم. ئیتر نامەوێت دوورەپەرێز بوەستم و تێکەڵی هیچ نەبم..ناشمەوێت ببمە پێغەمبەر. دەمەوێت وەك تۆ ئامانجێکی ون و بزر بم..با منیش بۆگەن و بێکەڵك و خەراپ بم!

(جیمی بەبێچارەیی سەیری دەکات و بەس..دەنگی ئالیسن هێزی تیێ دەگەڕێتەوە و تیژتر دەدوێت.)

تۆ تێناگەیت؟ ڕۆیشت..ئەویشمان لەدەستچوو! ئەو _ ئەو کۆرپە بەستەزمانەی پارچەیەك بوو لە خۆم..لەناومدا دەخولڵقا..نەما و ڕۆیشت..وام دەزانی لەویێ ئارام و دوورە لە مەترسی..هیچی لیێ نایە. هیچ شتێك ناتوانێت لە منی بستێنێت. لێی بەرپرسیار بووم..جەرگی خۆم بوو. بەڵام ڕۆیشت و کۆستی خستم.

(دەکەوێتە سەر زەوییەکەو خۆی بە قاچێکی مێزەکەدا شۆڕ دەکاتەوە.)

هەموو ئاواتم ئەوە بوو منیش بمرم. نەمدەزانی چۆن بوو..نەمدەزانی وام لیێ بەسەر دێت! لە ئازاری خۆمدا دەتلامەوە و بیرم لە تۆ دەکردەوە..تۆو کۆستی لەدەستچوونی کۆرپەکەم. (بەزەحمەتەوە دەدوێت.)

خۆزگەم دەخواست _ بەس جیمی لەم حاڵەتەدا بمبینێت..ئەوەندە گێل و ناشیرین و پیس و بێزەوەر بووم: نەبێتەوە. دەمزانی هەموو ئاواتی ئەوە بوو تووشی کۆستێکی ئاوا بم و بتلێمەوە و تیایدا نقوم بم! وا هەست دەکەم لەنێو ئاگردام و خەریکە دەسووتێم..تەنها خۆزگەم ئەوەیە بمرم! زانیم ئەم هەموو ئازارەش لەسەر حسێبی مەرگی کۆرپەکەی تۆیە..لەسەر حسێبی هەرچییەکی من هەمبوو! بەڵام ئەوەیان چی دەگەیەنێت؟ تۆ خۆت ئەم کۆستەت بۆ من ویست!

(ئالیسن ڕووی بۆ هەڵدەبڕێت.)

نامبینیت! بۆ دواجار کەوتمە نێو قوڕوچڵپاو..ئەوەتانیێ تێی چەقیوم و لەسەر سك دەخشم..لەسەر لەپ گاگۆڵکیێ دەکەم..ئۆف..خوایەکەی من _!

(ئالیسن دەکەوێتە سەر پێیەکانی جیمی. ئەویش وەستاوە و لەجێی خۆی سڕ دەبێت..پاشان دەنوشیتەوە و ئەو لەشە لەرزۆکەی ئالیسن لە باوەش دەگرێت. جیمی سەر ڕادەوەشێنێت و بە گوێی "ئالیسن"دا دەچرپێنێت.)

جیمی:بەسە..تکایە با بەس بێ..ئیتر ناتوانم _
(ئالیسن لەسەر سنگی "جیمی"دا گران هەناسە دەدات.)
تەواو باشی..ئێستا زۆر باشی. تکایە..من..من.ئیتر تەواو..لەوە زیاتر بەسە...

(کتوپڕ ئارام دەبێتەوە. جیمی سەری بۆ خوار دەکاتەوە و سەیری دەکات..هیلاك و شەکەتە..سۆز و گاڵتە تێکەڵ دەکاتو دەدوێت.)

دیسان دەبینەوە بە ورچی ئەشکەوتەکەی خۆمان و سمۆرەی ناو کونەکە. لەسەر هەنگوین و گوێز دەژین..گوێزێکی یەکجار زۆر. بۆ خۆمان گۆرانی دەڵێین _ گۆرانی بۆ درەختەکان..بۆ ئەشکەوتی گەرم و گوڕمان..لەبەر خۆرەتاوی خۆشدا بەیەکەوە ڕادەکشێین. تۆش بەو چاوە جوان و گەشانەت چاو لە تووکە نەرمەکەم هەڵناگریت و سەیرم دەکەیت..ناهێڵیت نینۆکەکانم درێژ ببنەوە زوو دەیانقرتێنیت..چونکە من ورچێکی بڵح و بەد و هەڵەشەم. دەشزانم تووکی نەرم و جوان پڕی ئەو کلکە لووسەت وەك هەمیشە دەبریسکێتەوە چونکە تۆ سمۆرەیەکی گەلێك جوانیت..بەڵام قەتیش ئەوەندە بێگەرد و دروست نیت..جا بۆیە زۆر پێویستە هەردوو ئاگامان لە خۆمان بێت و وریا بین..چونکە لە هەموو شوێنێکدا تەڵەی توند و ئاسنین دانراوە..ئەو تەڵە توندانەش بۆ گیانلەبەری شەیتان و هار و نارەحەت کراون..بۆ ئەو گیانلەبەرانەی چکۆلانە و ترسنۆکن.. ڕاستە؟
(ئالیسن سەر ڕادەوەشێنێت.)

(بەخەم و سۆزێکەوە) ئای لەو سمۆرە بەستەزمانانە!

ئالیسن:(ئەویش دەدوێت و قسەکانی بۆنی گاڵتەیان لێدێت.)
ئای لەو ورچە بەستەزمانانە!
(کەمێك پێدەکەنێت و پاشان بەسۆزەوە سەیری جیمی دەکات. بەنەرمی لەسەرخۆ دووبارەی دەکاتەوە.)
ئۆه..ورچە بەستەزمانەکان..هۆ ورچە بەستەزمانەکان!
(باسکی تێوە دەئاڵێنێت و جیمی لەئامێز دەگرێت.)

پەردە دادەکشێتەوە

کۆتایی

1984/9/1

پەراوێز:

<1> کۆمەڵەی ئافرەتانی سپی : رێکخراوێکی کۆمەلآیەتی‌و نیمچە سیاسی ئافرەتانەی ئینگلتەرە بووە.

<1> هۆلیَ ئێرلز: گەڕەکێکە لە "لەندەن".

<1> مارکبانك: کارەکتەرێکە لە شانۆگەری "کاندید"ی "بێرنادشۆ"دا.

<1> مارکیز کوینزبێری: ئەو کەسەیە، کە ڕێوڕەسمی "یاری بۆکسێن"ی دامەزراند.

<1> پیوریتان: جۆرە مرۆڤێکی توندو تیژە لە بواری خواپەرستیدا هەموو جۆرە گەمەو بەزمو خۆشییەك بە گوناه لە قەڵەم دەدا.

<1> مۆریس: جۆرە سەمایەکی میللییە.

<1> وشترمرخ: نعامە.

<2> ئیرەیی، حەسوودی.

<1> خشتی سوور: ناوێکە دەخرایە پاڵ ئەو زانکۆیانەی لە سەدەی نۆزدەمداو لە شارە گەورەکانی "بریتانیا"دا دامەزران. ئەو کاتە بە پلە نزمتر حیساب بوون لە زانکۆ بەناوبانگەکانی "ئۆکسفۆرد"و "کامبرج". ئەو دوو زانکۆیەی لەو سەردەمەدا بەتەنها بۆ چینی خانەدانەکان بوون.

<1> ڕۆژئاوا ژمارە(1)... ڕۆژئاوای (1)... (3)... ڕۆژئاوا ژمارە (8) گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی شاری "لەندەن"ن.

<1> میلدرید: ناوی کچە.

<1> ماری: دۆستی شاعیری ڕۆمانسی "شیللی" بوو.

<1> بلمپ: کۆلۆنێل بلمپ کارەکتەرێکی ڕەمزییە لە دروستکردنی هونەرمەند "دێڤید لۆ"... کە لە فیلمە کارتۆنییەکاندا هەبوو. ڕەمزیشە بۆ هەموو کەسێکی کۆنەپەرست.

<1> فۆرتنەمز: یەکێکە لە فرۆشگا هەرە کەشخەو بەناوبانگەکانی ناو شاری "لەندەن".

<1> شلَنگ: پارەیەکی ئینگلیزییە.

<2> بریج: یاری قاقەزە (کاغەزە).

<1> ئەپینیوم: گۆڤارێکی ئەدەبی بەناوبانگی ئینگلیزییە.

<1> کیدنگ: ناوی دێیەکە، ئەلیوتیش کردوویەتی بە ناوونیشانی یەکێك لە شیعرەکانی.

<1> فلاناگان‌و ئالن: دوو سەماکەری گاڵتەجاڕن.

<1> خۆی تیَ ڕوو دەکات: پەلاماری دەدات.